IX

٩ نیشانەکان بنیادنانی کڵێسای تەندروست

Church Membership

# ئەندامێتی
# کڵێسا

چۆن
جیهان دەزانێت
کێ نوێنەرایەتی
عیسا دەکات




جۆناسان لییمان


پێداچوونەوەی
میکائیل هۆرتۆن

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

# ئەندامێتی کڵێسا

## چۆن جیهان دەزانێت کێ نوێنەرایەتی عیسا دەکات

جۆناسان لییمان

پێداچوونەوەی

میکائیل هۆرتۆن


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

Originally published in English under the title
Church Membership
by
Crossway
9Marks ISBN: 978-1-951474-60-7
Copyright © 2012 Jonathan Leeman
All rights reserved

- ناوی کتێب: ئەندامییێتی کڵێسا
- نووسەر: جۆناسان لییمان
- وەرگێڕانی: م. چنار eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٠
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

ئەندامییّتی کڵێسا: چۆن جیهان دەزانێت کێ نوێنەرایەتی عیسا دەکات
مافی بڵاوکردنەوەی لەلایەن جۆناسان لییمان
(کرۆسوەی) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.
ناونیشان:
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60186
هەموو مافەکانی پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێتەوە، یان بەهەر ڕێگەیەک و بە هەر شێوەیەک ببەخشرێت، ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ یاسای مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.
دیزاینی بەرگ: کۆمپانیای دواڵ ئایدێنتیتی
وێنەی بەرگ: واینبرێزەنیکا
چاپی یەکەم، ٢٠١٢
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ کراوە.
ئایەتەکان لە وەشانی ئێن ئای ڤی (وەشانی نێودەوڵەتی نوێ)وە وەرگیراوە.
978-1-4335-3237-5 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی کاغەزی
978-1-4335-3240-5 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی
978-1-4335-3238-2 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی پی دی ئێف
978-1-4335-3239-9 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی مۆبیپاکێت
کتێبخانەی کۆنگرێس، کەتەلۆگی داتا و زانیاری بڵاوکراوە
ناو: لیمەن، جۆناتان، ١٩٧٣ – نووسەر.
ناونیشان: ئەندامییّتی کڵێسا: چۆن جیهان دەزانێت کێ نوێنەرایەتی عیسا دەکات/ جۆناسان لییمان.
ناونیشانی دیکە: لە سەرەوەی ناونیشانەوە: بنیادنانی کڵێسای تەندروست
بەرگی ڕەق: ISBN 978-1-4335-3237-5
پەڕتووکی ئەلیکترۆنی: ISBN 978-1-4335-3236-8
پی دی ئێف: ISBN 978-1-4335-3238-2
١. ئەندامییّتی کڵێسا. ناونیشان.
BV820.L44 2012
254'.5—dc23 2011045124
کرۆسوەی خزمەتێکی تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای بڵاوکراوەکانی هەواڵی خۆشە.
LB 20 19 18 17 16 15 14 13 12
13 12 11 10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

# ناوەڕۆک

لاپەڕە


| | |
|---|---|
| پێشەکیی زنجیرە کتێبەکان | ١ |
| پێشەکی | ٢ |
| پێناساندن | ٥ |
| بەشی یەکەم: ئێمە هەموویمان بە هەڵە پێشکەش کردووە | ٧ |
| بەشی دووەم: بەدیکردنی ئەندامێتی کڵێسا لە پەیمانی نوێدا | ٢١ |
| بەشی سێیەم: کڵێسا چییە؟ ئەندامی کڵێسا چییە؟ | ٣٥ |
| بەشی چوارەم: ئایا کڵێسا و ئەندامانی وەکو چین؟ | ٥٣ |
| بەشی پێنجەم: مەرجەکانی ئەندامێتی کڵێسا چین؟ | ٦٥ |
| بەشی شەشەم: چۆن کەسێکی مەسیحی ملکەچی کڵێسا دەبێت؟ | ٧٣ |
| بەشی حەفتەم: چی ڕوو دەدات کاتێک ئەندامەکان نوێنەرایەتی عیسا ناکەن؟ | ٨٧ |
| بەشی هەشتەم: ئایا بە ئەندامبوون لە کڵێسا لە هەموو جێیەک بە هەمان جۆرە؟ | ٩٩ |
| دەرەنجام | ١٠٦ |
| سەرچاوەی زیاتر | ١٠٧ |
| سوپاسنامەیەکی تایبەت | ١٠٨ |
| تێبینیەکان | ١٠٩ |

**پێشکەشە بە**

ئەندامانی ئێستا و ڕابردووی کڵێسای لەئاوهەڵکێشانی

کاپیتۆل هیڵ

# پێشەکیی زنجیرە کتێبەکان

ئایا تۆ باوەڕت وایە کە ئەرکی تۆیە هاوکاربیت لە بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروست؟ ئەگەر تۆ باوەڕدار بیت بە مەسیح، بەڵێ ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەرکی تۆیە.

عیسا فەرمانت پێ دەکات کە قوتابی دروست بکەیت (مەتا ٢٨: ١٨-٢٠)

یەهوزا دەڵێت خۆتان لەسەر باوەڕی پیرۆزتان بنیاد بنێن (یەهوزا ٢٠-٢١). پەترۆس داوات لێ دەکات بۆ ئەوەی بەهرەکانت بۆ خزمەتی کەسانی دیکە بەکاربهێنیت (یەکەم پەترۆس ٤:١٠). پۆڵس پێت دەڵێت کە بە خۆشەویستییەوە باسی ڕاستییەکان بکەیت بۆ ئەوەی کڵێساکەت پێگەیشتوو بێت (ئەفەسۆس ٤: ١٣-١٥) تۆ دەبینیت ئەمەمان لە کوێوە هێناوە؟

زنجیرە کتێبەکانی بنیادنانی کڵێسای تەندروست ئامانجیەتی کە یارمەتیت بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەت، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ تۆ ئەندامی کڵێسایت یان ڕابەریت، وە بۆ ئەوەی بتوانیت ڕۆڵی خۆت بگێڕیت لە دروستکردنی کڵێسایەکی تەندروستدا. یان بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین هیوادارین کە ئەم کتێبانە یارمەتیدەرت بن لە بەرەودان بە خۆشەویستی کڵێساکەت، هەروەک چۆن عیسا کڵێسای خۆشدەوێت.

٩نیشانەکان پلانن بۆ بەرهەمهێنانی کتێبێکی کورتی شیاو بۆ خوێندنەوە لە هەریەک لە و خاڵانەی کە مارک دیڤەر ناوی لێناون نۆ نیشانەکەی کڵێسای تەندروست لەگەڵ کتێبێکی دیکە کە ئەویش بیروباوەڕە. بڕوانە ئەم کتێبانە دەربارەی (وتاردانی ڕوون و ئاشکرا، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز، تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز، تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز، تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز، ئەندامێتیی کڵێسا، تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز، بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز، ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز).

کڵێسا خۆجێییەکان بۆیە هەن تاوەکو شکۆی خودا پیشانی نەتەوەکان بدەن. ئێمەش ئەم کارە دەکەین بۆ ئەوەی چاومان جێگیر بکەین لەسەر ئینجیلی عیسای مەسیح و متمانەی پێ بکەین بۆ ڕزگارکردنمان. وە پاشانیش یەکتریمان خۆشبوێت لەگەڵ پیرۆزی خودا و یەکێتی و خۆشەویستی. نوێژ دەکەین ئەو کتێبەی لەبەردەستدایە یارمەتیدەرت بێت.

**بە هیوای سەرکەوتن،**

**مارک دیڤەر و جۆناسان لیمان**

**نووسەرانی زنجیرەکە**

# پێشەکی

مـارک توینـی قۆشـمەچی دەڵێت ڕاسـت نییـە ئەگـەر بڵێـم ئـەوە ئـەو بەشـانەن لـە کتێبـی پیـرۆز کـە لێیـان تێناگـەم بێـزارم دەکـەن، ئـەو بەشـانەی چـاک لێیـان تێدەگـەم بێـزارم دەکـەن. بـە داخـەوە لەوانەیـە ئـەم وتەیـەی مـارک بـۆ تاوانبارکردنـی زۆرێـک لـە باوەڕدارانـی کتێبـی پیـرۆز و مەسـیحییەکان گوترابێـت، بـە تایبەتـی کاتێـک بـاس دێتـە سـەر ئـەو بەشـانەی کتێبـی پیـرۆز کـە دەربـارەی بەرپرسـیاریەتیی ئەندامانـی کڵێسـان.

تەنهـا بیـر بکـەرەوە کەلتـووری ڕۆژئاوایـی چـۆن کاریگـەریی لەسـەر هەموومـان هەیـە. ئەسـتێرەی سینەمایی جـۆن وایـن زۆرجـار بـە نمونـە دەهێنرێتـەوە کـە ئـەو خـودای خۆشویسـتووە هەتـا ئـەو کاتـەی چۆتـە ژێـر سـەقفێک. گۆرانیبێژەکانمـان ستایشـیان کـرد (مەمخـەرە نـاو پەرژینـەوە) وە (بـە شـێوازی خـۆت بیکـە) وە (تـۆ لەسـەر کورسـی شـوفێریت). لەگـەڵ بوونـی هەمـوو ئەمانـە لـە کەشـەکەدا، ئاسـانە کـە خاڵـە باشـەکانت بووێـت، بـەڵام ئـەو ئـەرک و بەرپرسـیارییەتیانەت نەوێـت کـە بەهـۆی هاوڕێیەتـی یـان هاوسـەرگیری یـان کاروپیشـەکەت و ڕەنگـە بـە هـۆی کڵێسـاوە دەکەونـە ئەسـتۆت.

لـە بەشـێکدا، وێنـەی خۆبنیادنانـی کەسـەکان کـە بـە پێڵاوەکانیـان پـاڵ بـە خۆیانـەوە دەنێـن بـەرەو سـەرەوە، وای لـێ کردیـن بـە گومـان بیـن لـە پەیمانـگاکان. هەروەهـا ئاشـکرابوونە ئابڕووبـەرە ئاسـاییە یـەک لـەدوای یەکەکانـی پێشـەنگەکان وە سیاسـەتە نادادپـەروەر و ناکاریگـەرە بیرۆکراتییـەکان کـە تووڕەبوونـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، وە شـکاندنی پەیمانـەکان و بەڵێنـەکان متمانـەی سـەرکردە و پەیمانگاکانـی لەرزانـد. تەنانـەت کەسـانێک کـە لـە کڵێسـادا بەرزکرابونـەوە، نـەوی کـران و ڕووشـێنران، وە توندوتیژییـان بەرامبـەر کـرا لەلایـەن ئەوانـەوەی کـە بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد شـوانی مەسـیحن.

بـەڵام ئـەوە تەنهـا کەلتـووری دەرەوەی کڵێسـا نییـە کـە دەبێـت گلەیـی لـێ بکرێـت. زۆرێـک لـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح بوونەتـە سـاختە و لـە پەرستنێکدان کـە پەیوەندیـی تایبـەت لەگـەڵ عیسـا بەکاردەهێنێـت لـە بەرامبـەر کڵێسـا و دەسـتە گشـتتیەکەیدا.

بەشـێک لەمـە بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح ویسـتوویەتی کـە خـۆی بەدووربگرێـت لـە پابەندبوونـی ڕووکـەش. کـە ئەمـە خاڵێکـی باشـە. بـەڵام لـە کاتـی جێبەجێکردنـدا گۆڕاویـن، بـە تایبەتـی لـەدوای دووەم ڕاچڵەکینـی سـەدەی نـۆزدە لـە هەمبـەر ڕەخنەگرتنـی ڕێسـای فەرمیـی کڵێسـا و واتـا ئاسـاییەکانی بەرەکەتـی باشـی سـەرکردە بـاوەڕدارەکان و جموجۆڵـە نـاوازەکان.

(خێرا و ئاسان) لێیان درا (تاقیکراوە و ئەزموون کراو). گەشەیەکی خێرا لە ژمارەکان تۆمارکران، زۆر زیاتر لە گەشەی خاو لە نیعمەتدا. ئەنجامە ڕاستەقینەکەی نەک چوارچێوە فەرمییەکە، بە درێژایی ڕێگاکە وەک کلیلی سەرکەوتن بەدی کراوە، زۆربەمان بەرزکراینەوە وەک بانگەشەکەرانی شوێنکەوتەی کتێبی پیرۆز. من داوات لێ ناکەم کە پەیوەندی بە کڵێسایەکەوە بکەیت، بەڵکو کە عیسا قبوڵ بکەی وەک گەورەی خۆت و ڕزگارکەرت.

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە دوای گەشە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم باشییە (ڕزگاری) ئیشێکی بچوک هەبێت کە پێویست بێت بیکەیت لە پاڵ پەیوەندیکردن بە کڵێسایەکەوە، وە ئێستا تەنانەت جووڵەی ئینجیلیش هەیە کە ئەندامییێتی کڵێسا بە تەواوەتی دەخاتە دەرەوەی بازنەکەوە.

ئەوان دەڵێن تەنها بۆ پیشاندانی یان پیشان نەدانی یەک ڕابەری باوەڕدار بە ئینجیل کە ئاهەنگی بەرەبەیانی شۆڕشگێڕان دەگێڕێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بڕیاریان داوە کە بوون بە کڵێسا واتای پەیوەندیکردن بە کڵێسایەکەوە ناگەیەنێت. بە پێچەوانەوە ئەم شۆڕشگێڕانە سەرچاوە ڕۆحییەکانی خۆیانیان لە ئینتەرنێت دۆزیوەتەوە بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی فەرمیدا.

پاش ماوەیەکی زۆر جۆناتان لیمان دێت و تەنها ئەو پارچانەمان وەبیر ناهێنێتەوە کە وەلامان ناون، بەڵکو بوێرانە چەند قسەیەک دەکات، وەکو (مەسیح بانگی ئێمەی نەکردووە بۆ پەیوەندیکردن بە کڵێسایەکەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ملکەچی کڵێسایەک بین). کڵێسا کۆمەڵگەیەکی دیکەی خۆبەخشی نییە، وەک کوڕانی چادرگەی دیدەوانیی یان یانەیەکی شاخەوانی. کڵێسا نوێنەرایەتی شانشینی مەسیحە. وە پاشاکان پێشنیار پێشکەش ناکەن، بەروبووم نافرۆشن، یان سەرچاوە دابین بکەن کە خەڵک بتوانن لێی سوودمەند بن و لێی ببەن یان بەجێی بهێڵن.

لیمان بۆشایی نێوان لە یاسا دەرچووە تاکڕەوەکان و پابەندبووان بە دەسەڵاتی یاساوە دەدۆزێتەوە، وە باوەڕداران بە مەسیح ئەمڕۆ پێویستییان بەوەیە نائومێدانە گوێی لێ بگرن. ئەو پیشانمان دەدات کە پاشاگەرایەتی تاکە دژە ژەهرە بۆ ئەو توندڕەوانە. مەسیح فەرمانڕەوایەتیمان دەکات بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات؛ وە ڕزگارمان دەکات بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتیمان بکات. بە پێچەوانەی یاساکانی ئەم سەردەمەوە، عیسا داوای لێ نەکردووین بۆ ئەوەی خوێنی خۆمان بڕێژین لە پێناوی ئیمپڕاتۆریەتەکەی، بە

پێچەوانـەوە لەباتـی ئـەوە مەسـیح خـۆی ژیانـی خـۆی لـە پێنـاو شانشـینەکەی پێشـکەش کـرد. پاشـان بـە شـکۆوە بەرزکرایـەوە وەک سـەرەتایەک بـۆ بەدیهێـنراوە تازەکـە، وە ئێسـتا ئـەو بـاوەڕدارەکان کـە سـەر بـە یەکـترن کۆیـان دەکاتـەوە و پەیوەسـتان دەکات بـە شانشـینەکەیەوە، چونکـە هەموویـان پێکـەوە سـەربەون.

کڵێسـای بیـنراو لـەو شـوێنەدایە کـە تـۆ شانشـینی مەسـیحی تێـدا بەدیـی دەکەیـت لەسـەر زەوی، وە پشتگوێخسـتنی کڵێسـا پشتگوێخسـتنی شانشـینەکەی مەسـیحە.

هەندێـک لـە خوێنـەران پێویسـت دەکات متمانەیـان هەبێـت بـە داواکارییەکانـی کتێبـی پیـرۆز، وە هەروەهـا بـە نیعمـەت و بەرەکەتـی ئەندامێتی کڵێسـا. هەندێکی دیکـە متمانەیان کـردووە، بـەڵام ڕەنگـە پرسـیاریان هەبێـت و بپرسـن داخـوا چـۆن بیردۆزەکـە دەبێتـە ڕاسـتی و لەسـەر ئـەرزی ژیانـی کڵێسـادا جێبەجـێ دەبێـت؟ پێوەرەکانـی ئەندامێتـی کڵێسـا چیـن؟ وە چـۆن ئێمـە ڕێکەوتنێکـی قبوڵکـراو و ڕێگەپێـدراو بنیـاد بنێـن کـە پێـی دەگوترێـت حوکمـدان، بـە شـێوەی شـوانایەتییەکی هەسـتیار؟ ئەنجامـەکان چیـن؟ بـە تایبەتـی لـەو شـوێنانەدا کـە پابەندبـون دەبێتـە مـەرج لـە ژیانـدا بـۆ بـاوەڕ؟ سـنوورەکان، هەروەهـا ئەرکـەکان چیـن بـۆ ڕاهێنانـی ئەفسـەرەکان لـە دەسـەڵاتی پێگەکەیانـدا؟ ئەمانـە پرسـیاری گرنگـن. وە دەسـەڵات تەنهـا لەنێـو هەورەکانـدا ناخولێتـەوە، بەڵکـو دەنیشـێتەوە لەسـەر هەریـەک لـە م بابەتـە پراکتیکیانـە کـە لەلایـەن فەرمایشـتەکانی دەقـە پیرۆزەکانـەوە بەرزکراونەتـەوە.

بەبـێ گوێدانـە ئـەوەی داخـوا تـۆ لـە کۆتاییـدا ڕازی دەبیـت بـە پاکێجـە سـادەکانی لیبـمان، داناییـە فراوانەکـەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ نـاو ئـەم لاپـەڕە پوختانـە، کـە بـۆ هـەر باوەڕدارێـک بـە مەسـیح ئاسـانە ڕەتـی بکاتـەوە. وە لەئـاو هەڵنەکێشرێـت. ناتوانـم زیاتـر لەسـەر ئـەم بابەتـە بـڕۆم بـۆ گوتنـی هەمـوو شـتێک. هەرچەنـدە بـێ ئـەوەی هەسـت بـە خـۆم بکـەم دەربـارەی بابەتـی سـەرەکی وتوویـژ سـەبارەت بـە ئەندامبـوون لـە کڵێسـادا هـاوارم کـرد (ئامیـن). لـەوەش گرنگـتر، خۆمـم بینیـەوە ڕاسـتەوخۆ دووبـارە شـادمانم بـەو بەخشـشـە جوانـەی شـوانگەری خـودا، کـە نـەک تەنهـا خـۆی کـردە قوربانـی بـۆ مەڕەکانـی، بەڵکـو پیشـانی دا چـۆن خۆراکیـان بـدات و هەتـا کۆتایـی بیـان لەوەڕێنێـت.

**میکائیل هۆرتۆن**

**ل. گریشام ماچین**

**پرۆفیسۆری زانستی یەزدانناسی ڕێکخراو و بەرگری**

**قوتابخانەی ویستنینیستەر، کالیفۆرنیا**

# پێناساندن

# ڕێکەوتنێکی گەورەتر لەوەی ئێمە پێشبینیمان کرد

تۆ هەر بەڕاستی ناتەوێت کتێبێک بخوێنیتەوە دەربارەی ئەندامبون لە کڵێسا. من تێدەگەم. ڕەنگە کەسێک ئەم کتێبەی خستبێتە بەردەستت. ڕەنگە تۆ بپرسیت ئایا ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی باش دەبێت بۆ کەسانی دیکە. بەڵام ڕاستگۆیانە پێت بڵێم ناونیشانی ئەندامێتی کڵێسا زۆر سەرنجڕاکێش دەرناکەوێت. تۆ دەبیتە باوەڕدار بە مەسیح و پەیوەندی بە کڵێسایەکەوە دەکەیت. ئەم کتێبە دەربارەی ئەوەیە، ڕاستە؟

هەندێک کات ئەندامبوون لە کڵێسایەک هەندێک بەرنامەسازی و یاسا و ڕێسای تێدەکەوێت. وەک پۆلەکان و چاوپێکەوتن. وە ئەم ناونیشانی ئەندامێتی کڵێسایە تێکهەڵکێش دەبێت لەگەڵ چەند پرسیارێک دەربارەی داویین شێوی (واوین ئێوارەخوانی) پەروەردگار و لەئاوهەڵکێشان. بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئایا شتی زیاتر هەیە بۆ گفتوگۆکردن؟

یەکەم جار کە کەسێک پێی گوتم پێویستە من پەیوەندیم بە کڵێسایەکەوە هەبێت کە چوومە ئەوێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان هەستێکی زۆر بەهێزم نەبوو، تۆ بڵێی کەمێک ڕقیشم لە بیرۆکە کە بووبێت؟ بە تەواوی لە بیرم نەماوە. ئەوەی لە بیرم ماوە ئەمەیە: پەیوەندیکردن بە کڵێساوە ڕێگەم پێ دەدات کە بچمە ناو موڵکی کڵێساوە (ماڵی پیاوان) بە کرێیەکی گرانبەها لە هاوسێیەتییەکی خوازراودا. بۆیە پەیوەندیم کرد. نەخێر هۆکارەم بە قەشەکان نەگوت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم. ئەوان پرسیاریان نەکرد.

لەگەڵ ئەوەش بەئەندام بوونەکەم بە ئاسانی بەدەستەوە هات و بە ئاسانی تێپەڕی. بە هەرحاڵ ئەمە گرنگییەکی ئەو تۆی نییە. تۆ ڕات چۆنە، ئایا ئەندامبوون لە کڵێسا ڕێککەتنێکی گەورەیە یان نا؟

کەمێک خەڵک هەن کە دەڵێن ئەندامێتی کڵێسا پێویستە. وە کەمێکی دیکەش هەن دەڵێن کە ئەندامبوون ئارەزوومەندانەیە. بەڵام زۆرینەی باوەڕداران بە مەسیح، بەپێی خەمڵاندنی من، لەناوەڕاستدان، ئەوان هەست بە کێشە دەکەن، ئەوەی کە دەبێت باوەڕداران لە کڵێسایەکی خۆجێییدا کۆبکرێنەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا

دەڵێـن ڕێکەوتنێکـی گـەورە لـەوەدا نییـە. ئەگـەر بـاوەڕداران چەنـد سـاڵێک بەسـەربەرن لـە گواسـتنەوە لـە کڵێسـایەک بـۆ کڵێسـایەکی دیکـە، یـان ئەگـەر بێـت و بڕیـار بـدەن کـە بـۆ کاتێکـی نادیـار لـە کڵێسـایەک ئامادەبـن بەبـێ پەیوەنـدی کـردن. ئەمـەش قبووڵـە.

ئەگـەر تـۆ سـەر بـەو زۆرینەیـەی کـە لـە ناوەڕاسـتدان، ئـەوا مـن ئـەم کتێبـە بـۆ تـۆ دەنووسـم. مـن بـە پلـەی یەکـەم بـۆ ئـەو کەسـە نانووسـم کـە بـە گومانـە دەربـارەی ئەندامێتـی کڵێسـا. لەبـەر ئـەوە ئەگـەر ئـەوە تـۆی، ڕەنگـە ئـەوەش دووبـارە یارمەتیـدەر دەربکەوێـت. مـن مەبەسـت و ئامانجـم ئەوەیـە کـە تێکڕایەکـەی سـەردانکەر و ئەندامـی کڵێسـا و ڕابەرانـی کڵێسـا کـە دوای لێشـاوەکە کەوتـوون بخەمـە نـاو ناونیشـانەکەوە.

تۆدڵنییـا نیـت کـە ڕێکەوتنـە گەورەکـە چییـە، بـەڵام دەڵێیـت کێشـە، نییـە بـا ئەندامبوون پەیـڕەو بکەین.

مـن بـەدوای تـۆوەم، مـن دەمەوێـت وەڵامـی پرسـیارێک بدەمـەوە کـە تـۆ نایکەیـت، بـەڵام دەبێـت بکرێـت.

ئامانجـە سـەرەتاییەکانی مـن ئەوەیـە کـە پیشـانت بـدەم ئەندامبـوون لـە کڵێسـادا چییـە. لەبـەر ئـەوەی ئـەوە نییـە کـە تـۆ لێـی تێگەیشـتوویت. مـن بەنیـاز نیـم پێناسـەی بکـەم بـۆت، هەرچۆنیـک بێـت ڕاسـتەوخۆ نـا. مـن بـە نیازم وێنەیەکـی بـۆت بخەمـە ڕوو. ئەمـە خەمڵاندنـی منـە: ئەگـەر تـۆ لـەوە دەکۆڵیتـەوە کـە ئایـا کتێبـی پیـرۆز چـۆن وێنـەی ئەندامێتـی کڵێسـا دەکێشـێت. ڕەنگـە ئـەم بەدواداچونـەت شـێوازی شـوێنکەوتەیی تـۆ بـۆ مەسـیح بگـۆڕێـت.

ئەندامێتـی لـە کتێبـی پیـرۆزدا ڕاسـتتیەکی جەرگبـڕە. ئایـا ئێسـتا تـۆ کەمێـک بـە پەرۆش نیـت بـۆ زانینـی زیاتـر؟ تـۆ تەنانـەت بـە گشـتی تـەواو دڵنیـا نیـت کـە لەوێیـت، ئایـا تـۆ دڵنیایـت؟

# بەشی یەکەم
# ئێمە هەموویمان بە هەڵە پێشکەش کردووە

ئیمپریۆم، من لەم نزیکانە ئەم وشەیەم بۆ دەرکەوت. وشەیەک نییە کە لە کاتی دەمەتەقێ لەگەڵ هاوڕێیانت بەدەم قاوە خواردنەوەو بیڵییت، لە گەمژەییەکی کۆمەڵایەتی دەچێت یان وەکو کەسێکی سێزدە ساڵ دەردەکەویت کە لە ڕادەبەدەر گوێڕایەڵ بێت. بەڵام من پێم وایە وشەیەکی سوودبەخشە.

ئەمە ئەو دەسەڵاتەیە کە بەدەستدێت کاتێک دەبیتە ئیمپراتۆر. وشەیەک کە ڕەنگە تەنها لە کاتی گفتوگۆی قاوەخواردنەوەدا گوێت لێی بووبێت. دەربارەی وشەکە، ئیمپریۆم بە واتای توانایەکی باڵا یان باڵادەستییەکی ڕەها دێت. کێ ئەو دەسەڵاتدارەیە کە هەموو دەسەڵاتدارانی دیکە پێویستە وەڵامی لێ پێچینەوەکانی بدەنەوە؟ کێ دەتوانێت ڕۆڵی سەر ببینێت، بە شێوازێکی ئەدەبی قسە بکەین، بەبێ هەڕەشە و تۆڵەکردنەوە، چونکە ئەوە لە باسکردنی ئیشەکەدایە؟ ئەوە ئەو کەسەیە کە ئیمپراتۆریەتی هەیە.

ئیمپراتۆریەت ئەوەبوو کە قەیسەر لە ڕۆما هەیبوو، بە هەمان شێوە ئەو پاشایانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەردەوام هاواریان دەکرد (بەدەر لە سەرەکانیان) لە سەردەمانی ئەمڕۆماندا، دەتوانین بڵێین وڵات پیمپراتۆریەتی هەیە. هیچ دەسەڵاتێک نییە لە سەرووی دەسەڵاتی وڵاتێک. وڵات ئەو شوێنەیە کە نێر تێیدا ڕادەوەستێت. تەنها وڵاتەکە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر ژیان و مردن – دەسەڵاتی شمشێر.

کەواتە ئەگەر تۆ دەتەوێت بازرگانییەک یان قوتابخانەیەک دەست پێبکەیت، ئەوا تۆ پێویستت بە وەرگرتنی مۆڵەت دەبێت لە وڵات. هەروەها بۆ کردنەوەی یانەیەکی تۆپی پێش پێویست دەبێت یان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خێرخوازی. ئەمانە هەموویان بە هۆی ڕێگەپێدانی وڵاتەوە بوونیان دەبێت و وڵات ڕێکیان دەخات. نەک ئەوان وڵاتەکە ڕێک بخەن. ئەمانە ئیمپریۆم یان نییە.

باشە، چی دەربارەی کڵێسای خۆجێیی؟ ئایا کڵێسا خۆجێییەکان بە هۆی ڕێگەپێدانی وڵاتەوە دێنە بوون؟ ئێستا ئەم بابەتە دەمانگەیەنێتە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش. لە ڕاستیدا، ئەمە ڕەنگە بۆچوونی ئێستای ئێمە بگۆڕێت دەربارەی کڵێسای خۆجێیی و سەرلەبەری ئەندامێتی کڵێسا.

## عیسا ئیمپریۆمی هەیە

زۆربـەی خەڵکـی کۆمەڵگـە ڕۆژئاواییـەکان لـە کڵێسـاکاندا دەبنـە کۆمـەڵ، بـە هەمـان شـێوەی یانەکانـی تۆپـی پـێ یـان ڕێکخـراوە خێرخوازییـەکان.

کڵێسـاکان جۆرێکـی دیکـەی کۆمەڵـەی خۆبەخشـین، ئێمـە لەباتـی ئـەوە دەڵێیـن، ئێمـە کڵێسـاکان بـە دابینکەرانـی خزمـەت دادەنێیـن، وەک میکانیکییـەک کـە چاککردنـەوەی ڕۆحیـت پێشـکەش دەکات، یـان وەک وێسـتگەیەک لایەنـە ڕۆحییەکـەت پڕدەکاتـەوە.

بـەڵام ئایا کڵێسـا خۆجێییـەکان یانـەن، یـان دابینکـەری خزمەتن، کـە بەهـۆی مۆڵەتدانی میرییـەوە بوونیـان هەیـە، وە لـەوەش زیاتـر کۆمەڵێکـن کـە دەپارێنـەوە بـۆ ئـەوەی لەسـەر زەوی پشـت بـە نیعمەتـی خودا ببەسـتن؟

ئـەوە ڕاسـتە کـە تـۆ وەک تاکێکـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح پێویسـتە ملکەچـی دەسـەڵاتی میـری بیـت. بـەڵام لەبیـرت بێـت کـە میریـی خزمەتـکاری خودایـە و نوێنـەری خودایـە بـۆ بەدیهێنانـی حوکمـدان (ڕۆمـا ١٣: ٤). بەڵـێ میـری شمشـێری هەیـە، بـەڵام تەنهـا کاتێـک بـەکاری دەهێنێـت کـە خـودا داوا بـکات.

هەروەهـا ڕاستیشـە کـە دەبێـت کڵێسـاکان پابەندبـن بـە یاسـاکانی ناوچەکـە، کاتێـک پەیوەندیـدار دەبێـت بـە ڕێکخسـتنەوە، وەک دروسـتکردنی پسـوولەی بینـا (ئەگەر کڵێسـاکە بینـای هەبێـت)، یـان بەخشـینی باجەکانـی سـەر مووچـەی ئەندامـەکان (ئەگـەر ئەندامـی وای هەبێـت کـە مووچـە وەربگـرن). کڵێسـاکان وەک هەمـوو شـوێنە بازرگانییەکانـی دیکـە یـان وەک هەمـوو ڕێکخراوەکانـی دیکـەن.

لـە هەمـان کاتیشـدا، یـەک شـت هەیـە کـە پێویسـتە تـەواو ڕوون بێـت لـە هـزری بـاوەڕداران بـە مەسـیح: کڵێسـای خۆجێیـی بەهـۆی ڕێگـە پێدانـی میرییـەوە نەهاتۆتـە بـوون. بـە هـۆی گوزارشـتکردن لـە ڕێگەپێدانـی عیسـاوە هەیـە.

لەپاش هەموو ئەمانەش عیسا ئیمپریۆمی هەیە، نەک وڵات.

بـوون بـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح ئەوەیـە کـە ئەمـە بزانیـت: عیسـا لـەو شـوێنەیە کـە لـە کۆتاییـدا پیـاو تێیـدا ڕادەوەسـتێت. عیسـا ئـەو دەسـەڵاتەیە کـە هەمـوو دەسـەڵاتەکانی دیکـە ملکەچـی دەبـن و وەڵامـی دەدەنـەوە. عیسـا لـە داهاتـوودا حوکـم بەسـەر هەمـوو نەتـەوە و حکومەتەکانیانـدا دەدات. ئـەو خاوەنـی دەسـەڵاتی کۆتاییـە بەسـەر ژیـان

و مردنـدا. حکومەتـەکان هـەن بـە هـۆی مۆڵەتدانـی عیسـاوە، نـەک بـە هـۆی شـتێکی دیکـەوە. بـە گشـتی حکومەتـەکان ئـەم ڕاسـتییە بـە دڵنیایـی نازانـن. بـەڵام کڵێسـاکان دەیزانــن (یۆحەنــا ١٩ :١١؛ ئاشــکراکردن ١: ٥؛ ٦: ١٥-١٧).

هەمــوو دەســەڵاتەکان لــە ئاســمان و لەســەر زەوی دراونەتــە عیســا، وە ئەویــش دەسـەڵاتی بـە کڵێسـاکەی بەخشـیوە بـۆ ئـەوەی بەسـەر نەتەوەکانـدا پەیـڕەوی بکـەن. هـەر بۆیـە کڵێسـاکەی وەک سـوپایەک بـەردەوام دەبێـت کـە ناتوانرێـت بوەسـتێندرێت، هێڵـی سـنوری نەتـەوەکان نایوەسـتێنێت. فەرمانـی جێبەجێکردنـی سـەرۆک و سـەرکردەی حکومەتـەکان نایوەسـتێنێت. تەنانـەت دەروازەکانـی دۆزەخ خۆشـی خـاوی ناکاتـەوە.

عیسا ئیمپریۆمی هەیە.

## پێویستە بیرکردنەوەمان بگۆڕین

لـەم بابەتـەدا ئێمـە چەواشـەکراوین بـۆ زیادەڕەویکـردن لـە پێشـبینیکردنی دەسـەڵاتی وڵاتـەکان، لـە ڕاسـتیدا دەسـەڵاتی عیسـا پێویسـتە کەمـی بکاتـەوە. حکومەتـەکان تەنهـا یەکێکـن لـە نوێنەرەکانـی ئـەو بـۆ ئەرکـە فەرمییـەکان.

بــەڵام ڕاســتیی دەســەڵاتی عیســا پێویســتە کاریگــەری پێچەوانــەی هەبێــت لەســەر تێڕوانینـی ئێمـە بـۆ کڵێسـای خۆجێیـی: پێویسـتە بـەرزی بکاتـەوە. کڵێسـای خۆجێییـش هەروەهـا یەکێکیـە لـە نوێنەرەکانی عیسـای مەسـیح. عیسـا دەسـەڵاتێکی داوە بـە کڵێسـای خۆجێیـی کـە مـن و تـۆ وەک تاکـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح نیمانـە، وە ئەمـەش چەنـد کاریگەرییێکـی ئاینـی هەیـە لەسـەر ئـەوەی ئایـا کڵێسـای خۆجێیـی چییـە و ئەندامبوونـی کڵێسـا چـی دەگەیەنێـت؟

ئەگـەر تـۆ باوەڕدارێکیـت بـە مەسـیح و لـە کۆمەڵگـەی دیموکراتیـی ڕۆژئـاوادا دەژیـت، هەڵـەکان لەبەردەمتـدا ئـەوەن کـە تـۆ پێویسـتە ئـەو شـێوازە بگـۆڕییـت کـە بیـری پـێ دەکەیتـەوە سـەبارەت بـە کڵێسـاکەت و چۆنییەتـی پەیوەندیکردنـت پێیـەوە. زیاتـر لـەوە دەچێـت کـە تـۆ لـە بایەخـی کڵێسـاکەت کـەم دەکەیتـەوە. تـۆ بـە کەمـی دەزانیـت و وێنەکـەی دەشـێوێنیت، وە لـە هەمـان کاتـدا مەسـیحیی بوونـی خـۆت دەشـێوێنیت.

ئێمـە هەموومـان بیرمـان لـە کڵێسـای خۆجێیـی کردۆتـەوە، وە ئەندامبـوون تێیـدا وەک ئـەوەی هەمـان شـت بێـت، لـە کاتێکـدا بەڕاسـتی بابەتێکـی دیکەیـە. وەکـو ئـەوە وایـە

کـە وەک کاری بازرگانـی تەماشـای کەسـە پلـە یەکەکانـی خێزانەکەمانمـان کردبێـت (دایـک و بـاوک و منداڵـەکان). وە ئێسـتا مـن دێـم و پێـت دەڵێـم: (ئـەوان کاری بازرگانـی نیـن.) ئـەوان خێزانـن، وە پێویسـتە دەسـت بکەیـن بـەوەی بـە شـێوەیەکی دیکـە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکەیـن.

ڕێـگام بـدە لـەم بەشـەدا هـەوڵ بـدەم کـۆی دیمەنەکـە بـە پێنـج بیرۆکـەی گـەورە بنەخشـێنم، هەمـوو بیناکـردن لەسـەر گـەردوون هێنـدەی ڕاسـت و دروسـتی دەسـەڵاتی عیسـای مەسـیحە. پاشـان مـن بەشـەکانی دیکـەی ئـەم کتێبـە تەرخـان دەکـەم بـۆ پاککردنـەوە و ڕێکخسـتنەوەی ئـەو پەرشـوبڵاوییەی لێـرەدا دروسـتم کـردووە: بەهانـە بـۆ هێنانـەوە، درێژەپێـدان و جێبەجێکـردن.

ئێمـە بـەوە دەسـت پـێ دەکەیـن کـە کڵێسـای خۆجێیـی چـی نییـە، ئەگـەر تـۆ باوەڕداریـت بـە مەسـیح. کڵێسـای خۆجێیـی یانـە نییـە، وە ڕێکخـراوی خۆبەخشـی نییـە کـە ئەندامبونـت تێیدا ئارەزوومەندانـە بێـت. وە گروپێکـی هاوڕێیانـە نییـە کـە لـە کۆمەڵـە خەڵکێـک پێکهاتبێـت و لەنێـوان خۆیانـدا چەنـد بابەتێکـی ئایینـی هاوبەشـی پـێ بکـەن و بـە هـۆی ئـەوەوە هەفتانـە کۆببنـەوە و قسـە بکـەن دەربـارەی بابەتـی ئاسـمانی.

وە دابینکـەری خزمەتگوزاریـش نییـە کـە تێیـدا کڕیـارەکان هەمـوو دەسـەڵاتێکیان هەبێـت. ئـەوە گاڵتەئامێـزە کـە ئێمـە ئامـاژە بـە خزمەتـەکان دەکەیـن لـە کڵێسـادا، (بەڵـێ مـن ئـەوەش دەکـەم). وەکـو پێشـتر گوتـم. وەکـو ئـەوە وایـە کـە کاتێـک بـە خەڵکـی بڵێیـن خۆتـان بێنـن بـۆ بەشـی چاککردنـەوە لـە گەراجـی کڵێسـا، لـە کاتژمێـر ١١ی بەیانـی و خۆیان چاککردنـەوە بـۆ خۆیـان بکـەن، واتـە (لـە شەسـت دەقـەدا ڕۆحـی خۆتـان تونـد بکەنـەوە).

ڕەنگـە ئێمـە ئـەم تێگەیشـتنەمان دەربـارەی کڵێسـای خۆجێیـی لـە جەختکردنـەوەی پرۆتسـتانتانە لـە ناوچـە و شـوێنی وتـاردان و ڕێوڕەسـمەکانەوە پەیداکردبێـت. ڕەنگـە ئێمـە هەڵخەڵەتێنرابیـن لەلایـەن کۆمەڵگـەی ڕۆژئاوایـی دیموکراتییـەوە بـۆ ئـەوەی کڵێسـای خۆجێیـی وەک ویسـتگەیەکی خۆبەخشـانە ببینیـن. ڕەنگـە شایسـتەی سـەدەکە بێـت کـە وەک بەکاربـەر ڕەفتـار بکەیـن. مـن دڵنیـا نیـم. بـەڵام ئەمانـە هەندێکـن لـە نیشـانەکانی هەڵـە بیرکردنـەوە:

- بـاوەڕداران بـە مەسـیح دەتوانـن وا بیربکەنـەوە کـە کێشـە نییـە بـۆ ماوەیەکـی دیـاری لـە کڵێسـایەک ئامادەبـن بەبـێ پەیوەندیکـردن و بەئەندامبـوون.

- بــاوەڕداران بــە مەســیح لەئاوهەڵکێشــان بــە بەشــێک لــە بەئەندامبــوون دەزانــن.
- باوەڕداران بە مەسیح بەشداری نان لەتکردن دەکەن بەبێ بەئەندامبوون.
- بــاوەڕداران بــە مەســیح تەماشــای نــان لەتکــردن دەکــەن وەک ئــەوەی ئەزمونێکــی ڕۆحــی تایبــەت بــە خۆیــان بێــت، نــەک وەک چالاکییــەک بــۆ ئەندامانــی کڵێســا کــە لــە ژیانــی جەســتەیەکدا یەکیــان گرتــووە.
- بـاوەڕداران بـە مەسـیح ژیانـی خۆیـان لـە دووشـەممە هەتـا شـەممەی خۆیـان لەگـەڵ ژیانـی پیرۆزبـووان تێکـەڵ ناکـەن.
- بـاوەڕداران بـە مەسـیح پێشـبینی ئـەوە دەکـەن کـە خۆیـان دەتوانـن خوێکـی بـەردەوام گەشـاوە دروسـت بکـەن لـە ئامادەنەبـوون لـە کۆبونەوەکانـی کڵێسـادا، لـە چەنـد هەفتەیـەک یـان مانگێـک و زیاتـر.
- بــاوەڕداران بــە مەســیح بڕیــاری ســەرەکی دەدەن (گواســتنەوە، ڕازیبــوون، بەرزبونـەوە لـە پلـەی پیشـەیی، هەڵبژاردنـی هاوسـەر، ...هتـد) بەبـێ ئـەوەی گــوێ بدەنــە ئــەو کاریگەرییانــەی ئــەم بڕیارانــە دروســتی دەکــەن لەســەر پەیوەنـدی خێزانـی نـاو کڵێسـا، وە بەبـێ ڕاوێژکـردن بـە دانایـی قەشـەکانی کڵێســا و ئەندامەکانــی دیکــە.
- بــاوەڕداران بــە مەســیح خانــوو دەکــڕن یــان شــوقە بــە کــرێ دەگــرن بــە لەرچاوگرتنێکــی کــەم بــۆ ئــەوەی داخــوا هۆکارەکانــی وەک تێچوونــی و شــوێنەکەی چــۆن کاریگــەری دەبێــت لەســەر تواناکانیــان بــۆ خزمەتکردنــی کڵێســاکەیان.
- بـاوەڕداران بـە مەسـیح نازانـن کـە ئـەوان بەرپرسـن لـە بەشـێک لـە هـەردوو لایەنـی چاکـی ڕۆحـی و خۆراکـی جەسـتەیی ئەندامەکانی دیکەی کڵێسـاکەیان، تەنانــەت ئــەو ئەندامانــەش کــە نەیانناســیون. کاتێــک کەســێک کارەســاتێکی لــێ دەقەومێــت خــۆی شــیوەن بــۆ خــۆی دەگێڕێــت، وە کاتێکیــش خۆشــییەک ڕوو لـە یەکێـک دەکات ئـەو کەسـە خـۆی بـۆ خـۆی دڵخـۆش ئەبێـت.

ئـەو بیرۆکـە نەخۆشـانەی کـە لەپشـت هەمـوو ئـەم نیشـانانەوەن، نەخۆشـییە کـە مـن

دانـی پێدادەنێـم. وە ڕێچکـە دەگرێـت بەنـاو دەمارەکانمـدا، ئەوەیـە کـە وای دابنێیـن و وابزانیـن کـە ئێمـە دەسـەڵاتی ئەوەمـان هەیـە ڕەفتـار بکەیـن و ژیانـی مەسـیحییانەی خۆمـان بـە ویسـتی خۆمـان ئاراسـتە بکەیـن. وە کـەی بمانەوێـت و لـە کوێـدا بمانەوێـت بەشـێک لـە کڵێسـای لەگـەڵ تێهەڵکێـش بکەیـن.

ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئێمـە وەک یانەیـەک ڕەفتـار لـە گـەڵ کڵێسـادا دەکەیـن، پەیوەنـدی بکەیـن یـان نەکەیـن. وە ئـەم گریمانەیـە پەیوەنـدی ئێمـە بـە جیاکـراوەی و دوور لـە ژیانـی مەسـیحیانەمان و کڵێسـا خۆجێییەکەمـان بەجـێ دەهێڵێـت، تەنانـەت لـە کاتێکیشـدا کـە پەیوەنـدی بـە یەکێـک لـە کڵێسـاکانەوە دەکەیـن: بـە دڵنیاییـەوە مـن ئەندامـم، بـەڵام بـۆ لـە جیهانـدا مـن داوا لـە کڵێسـا دەکـەم یارمەتیـم بـدەن. بـۆ نمونـە، بـۆ ئـەوەی بیربکەمـەوە لـە ڕێگـەی قبوڵکردنـی ئـەو ئیشـە لـە شـاری ئەلباکریکـی.

تکایـە تێبگـە لـەوەی مـن تەنهـا خاڵـەکان دەستنیشـان ناکـەم. ئەمانـە هەروەهـا ئـارەزووە کەلتورییەکانیشـمن. مـن دانـی پێدادەنێـم کـە مـن دەمەوێـت ئیشـەکان بـە ڕێگای تایبەتـی خـۆم ئەنجـام بـدەم. مـن خـۆم بـە دوور دەگـرم لـە هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتی کەسـانی دیکـە. بـەڵام ئەمـە ئـەو وێنەیـە نییـە کـە کتێبـی پیـرۆز وێنـای دەکات. ئێمـە پێویسـتە چاویلکەکەمـان لەچـاو دابکەنیـن و دانەیەکـی دیکـە لـە چاومـان بکەیـن. ئایا تـۆ ئامادەیـت؟

## دەسەڵاتی باڵاترین شانشین لەسەر زەوی

کڵێسـای نێوەخۆیـی یـان خۆجێیـی چییـە؟ مـن کۆمەڵێـک شـت دەڵێـم بـۆ وەڵامدانەوەی ئـەم پرسـیارە، بـەڵام بـا لێـرەوە دەسـت پێبکـەم: کڵێسـای خۆجێیـی ئـەو دەسـەڵاتەیە کـە عیسـا لەسـەر زەوی بـە فەرمـی دایمەزرانـدوە و شـێوازی ژیانـی مەسـیحییانەی منیـش و تـۆش دیـاری دەکات.

ڕێـک هاوشـێوەی دروسـتکردنی وڵاتـەکان لەلایـەن عیسـاوە، کەواتـە ئـەو کڵێسـا خۆجێییەکـە دادەمەزرێنێـت. دەسـەڵاتێکی دامەزرێـنراوە، چونکـە عیسـا بـە دەسـەڵاتەوە دایمەزرانـدووە. ئێسـتا مـن هەمـوو توانـای خـۆم دەخەمـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی خـۆم بـە دوور بگـرم لـە قسـەکردن دەربـارەی پەیوەنـدی نێـوان کڵێسـا و دەسـەڵاتی میـری، بـەڵام بـا پێـت بڵێـم تـۆ دەبێـت لەچـی تێبگەیـت، ئەگـەر ئێمـە لـە سـەروبەندی ئەوەدایـن گفتوگۆیەکـی نموونەیـی گۆڕانـکاری ئامێـز بکەیـن دەربـارەی ئەندامێتـی کڵێسـا.

هەروەکو چۆن کتێبی پیرۆز حکومەتی نەتەوەکەی تۆی بنیادناوە وەکو باڵاترین دەسەڵات لەسەر زەوی بەسەرتۆدا، کاتێک قسە لەبارەی هاوڵاتیبوونی تۆ دەکرێت، ئاواش کتێبی پیرۆز کڵێسای خۆجێیی بنیاد ناوە وەکو باڵاترین دەسەڵات لەسەر زەوی. کاتێک باس لە قوتابیکردنی تۆ دەکرێت لە مەسیحدا و باس لە هاوڵاتی بوونی تۆ دەکرێت لە مەسیحدا، لەم کاتەی ئێستا و لە داهاتووی بەڵێندراو.

کەواتە عیسا فەرمانڕەوایەتی بنیاد ناوە بە پێدانی توانای شمشێر پێی. زەحمەت ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە فەرمانڕەوا دەتوانێت ژیانت لێ بستێنێت (لەژێر دەسەڵاتی وشەی خودا). کە ئەمە واتای ئەوە دەدات کە ئەو پێویست بە میکانزمی زۆرە بۆ ئەوەی توانای هەبێت بۆ بنیادنانی پەیکەری سەرەتایی کۆمەڵگە، وەکو بڕیاردان لەوەی کێ بە هاوڵاتی دادەنرێت.

هاوشێوەی ئەوەی عیسا کڵێسای خۆجێیی دامەزراند بە پێدانی (توانای کلیلەکان) پێی. بە زەحمەت ئەمە واتای ئەوە لەخۆدەگرێت کە ئەو دەتوانێت کەسێک لە ئەندامییێتی کڵێسا دووربخاتەوە (لەژێر دەسەڵاتی وشەی خودا). بە لەخۆگرتنی ئەوەوی ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بە میکانیزمی پێویستی زۆرە توانای هەیە بۆ بنیادنانی پەیکەری سەرەتایی ژیانی شانشیین، وەکو بڕیاردان لەوەی کێ بە هاوڵاتی دابنرێت.

## گەڕان بەدوای شتە دروستەکاندا

کەواتە لەباتی دەستپێکردن بەو بیرۆکەیەی کە کڵێسا وەک کۆمەڵەیەکی خۆبەخشانە تەماشا بکەین، پێویستمان بەوەیە کە بەوە دەست پێبکەین وەک دانیشتوانی شانشینێک یان وەک نەتەوەیەک تەماشای کڵێسا بکەین.

ئایا تۆ دەبینیت من مەبەستم چییە لە گۆڕانکاری چین و توێژەکان، وەک گواستنەوەیە لە بازرگانییەوە بۆ خێزان؟

کاتێک خەڵک دەپرسن: (لە کوێی کتێبی پیرۆزدا باسی ئەندامییێتی کڵێسا هاتووە؟) کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان بەشوێن شتێکدا دەگەڕێن وەک یانەیەک بێت بۆ پەیوەندیکردن. لەبەر ئەوەی وشەی ئەندامییێتی بۆ یانە بەکاردەهێنرێت. یانە و پارتە سیاسیەکان و یەکێتییە پیشەییەکان ئەندامبوونیان هەیە. بەڵام تۆ بە زۆری وشەی

ئەندامبـوون بەکارناهێنیـت بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ حکومـەت و بـۆ هاوڵاتیبـوون لەنـاو گەلێکـدا. تـۆ ناڵێـت: (کەواتـە ئەنـدام بـوون لـە گەلـی بەریتانیـدا چـۆن بەڕێـوە دەچێـت؟ هاوڕێیـان ئایـا ئێـوە لـەم ڕۆژانـەدا نزیکـەی شەسـت ملیـۆن ئەنـدام بەڕێـوە نابـەن؟)

یانـەکان بـە هـۆی خاڵێکـەوە دەسـت پێدەکـەن کـە ئەویـش سـوودی هاوبەشـە. دابینکردنـی خزمەتـەکان بـە پێویسـتییەکی هاوبـەش یـان خواسـتێکی هاوبـەش دەسـت پێدەکـەن. کڵێسـاکان هەمـوو ئەمانەیـان هەیـە و شـتێکی زیاتریشـیان هەیـە: پاشـایەک کـە ئـارەزووی پابەندبوونـی خەڵکەکـەی دەکات پێیـەوە. کڵێسـا لەگـەڵ ئـەم ڕاسـتییە دەسـت پێـدەکات کـە عیسـا ڕزگارکـەر و خودایـە. ئـەو لەسـەر خـاچ گیانـی سـپارد لـە پێنـاوی گوناهـی هەمـوو ئەوانـەی بـاوەڕی پێدەهێنـن و شـوێنی دەکـەون.

ئەمـە واتـای ئەوەیـە کتێبـی پیـرۆز باسـی ئەندامبوونی کڵێسـای نەکـردووە بـە تەواوەتی بـەو جـۆرەی کـە تـۆ دەتەوێـت باسـی بـکات. کتێبـی پیـرۆز لەباتـی ئـەوە باسـی ئـەوەی کـردووە کـە گەلـی خـودا پێکـەوە کۆدەبنـەوە لەژێـر یاسـا باڵاکانـی خـودا. ئەمـە بایـەخ بـە هاوڵاتیـان دەدات لـە شانشـینێکدا، نـەک ئەندامانـی یانەیـەک. لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانـەش کتێبـی پیـرۆز بـە چەنـد وشـەیەکی خـوازراو باسـی یەکێتـی کڵێسـا دەکات (خێـزان، مێـو، هتـد). ئەمـە دەمانبـات بـۆ بیرۆکـەی دووەم:

کاتێـک تـۆ کتێبـی پیـرۆز دەکەیتـەوە، وازبهێنـە لـە گـەڕان بـەدوای ئامـاژە دەربـارەی یانـە و ئەندامـی خۆبەخـش. لەباتـی ئـەوە بگـەڕێ بـەدوای خـودا و نیعمەتـی ئـەو لـە کۆکردنـەوەی خەڵـک پێکـەوە. هەروەهـا بگـەڕێ بەشـوێن شـێوازی دیکـەی یەکێتیـدا (برایـان و خوشـکان لـە خێزانێکـدا، لقەکانـی مێـو، هتـد).

ئایـا لـە کتێبـی پیـرۆزدا ئەندامبوونـی کڵێسـا هەیـە؟ ئەگـەر تـۆ بـەدوای شـتە ڕاستەکەدا دەگەڕێیـت، لـە هەمـوو شـوێنێک هەیـە. مـن هـەوڵ دەدەم لـە بەشـەکانی (٢، ٣، و ٤)ی ئـەم کتێبـەدا پیشـانتی بـدەم.

## یانە نا بەڵکو نوێنەرایەتی

ئێسـتا بـۆ کڵێسـا زیاتـر هەیـە لـە دەسـەڵاتەکەی بەسـەر مـن و تـۆوە، ئێمـە پێویسـتمان بـە بیرۆکـەی کڵێسـا هەیـە وەکـو خێزانێـک و وەکـو ڕانەمـەڕ، وەکـو پەرسـتگا و هتـد. بـەڵام هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانەی دیکـە پێویسـتە دابنرێـن لـە پـاڵ دەسـەڵاتی بنیادنانـی کڵێسـای

خۆجێیی، کە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من هەر لەوێوە دەستپێدەکەم. دەسەڵاتی کڵێسا شێوازی لایەنی خێزانی دەبەخشێتە ژیانی کڵێسا، شێوازی جەستەیەک دەداتە ژیانی کڵێسا، وە بەو جۆرە.

بۆیە من ژمارەیەک وشەی خوازرا و لە کتێبی پیرۆزەوە بەکاردەهێنم بۆ وەسفکردنی چۆنیەتی ژیان لەناو کڵێسادا، بەڵام من بە دانەیەکیان دەست پێدەکەم کە دەتوانین لەسەری بنیاد بنێین، دانەیەک کە شوێنی یانە یان دابینکەری خزمەتگوزاری بگرێتەوە: ئەویش وشەی خوازراوی ناوچەی نیشتەجێکردن یان نوێنەرایەتییە.

من لەکوێوە بیرۆکەی نوێنەرایەتیم هێناوە؟ من لەبیرۆکەی شانشینی مەسیحی ناو کتێبی پیرۆزەوە وەرم گرتووە. کڵێسا شانشینەکە نییە: کڵێسا ناوچەی نیشتەجێکردن یان نوێنەرایەتییە بۆ ئەو شانشینە.

نوێنەرایەتی چییە؟ پەیمانگایەکە کە نەتەوەیەک لەناو نەتەوەیەکی دیکەدا نیشتەجێ دەکات، ئەو ماڵی نەتەوەکەی بە دڵخۆشییەوە لەناو نەتەوەیەکی لەخۆگردا ئاشکرا دەکات، وە مافەکانی هاوڵاتیبوونی وڵاتی گەلەکە دەپارێزێت لەناو وڵاتە لەخۆگرەکەدا، بۆ نموونە من پێنج مانگی کۆلێژم بەسەربرد لە برۆکسل. لەوکاتەدا پاسپۆرتە ئەمریکییەکەم بەسەرچوو. ئەگەر هەوڵم بدابا کە وڵاتەکە بەجێبهێڵم بەبێ نوێکردنەوەی پاسپۆرتەکەم، بە دڵنیاییەوە دەکەوتمە کێشەوە و چیتر بەڵگەنامەی حاشاهەڵنەگرم پێ نەدەما کە بیسەلمێنێت من هاوڵاتییەکی ئەمریکیم. پاش نیوەڕۆیەک چوومە نوێنەرایەتی ئەمەریکی لە بڕۆکسل، وە پاسپۆرتەکەمم نوێ کردەوە. نوێنەرایەتییەکە لەو پاشنیوەڕۆیەدا هاوڵاتیبوونی ئەمەریکی بۆ دروست نەکردم، بەڵام بە فەرمی جەختی لە هاوڵاتیبوونی من کردەوە وەک هاوڵاتییەکی ئەمریکی. سەرەڕای ئەوەش خۆ من هەر هاوڵاتی ئەمریکیم، من دەسەڵاتی ئەوەم نییە کە لەبەرچاوی نەتەوەکان بە فەرمی خۆم وەک هاوڵاتییەک ڕابگەیەنم، هەتا نوێنەرایەتییەکە دڵنیا کردنێکم پێ نەبەخشێت و مافی بەردەوامبوونم نەداتێ بۆ ئەوەی بەردەوام بم و لە وڵاتێکی بێگانەدا بژیم و پارێزراو بم، وە هەموو مافەکانی هاوڵاتیبوونی خۆمم هەبێت.

کەواتە نوێنەرایەتییەک شوێنێک دەنوێنێت لەناو شوێنێکی دیکەدا لە سەرگۆی زەوی. بەڵام ئەگەر من پێم بگوتبای کە جۆرێکی دیکە لە نوێنەرایەتی هەیە، دانەیەکە کە نوێنەرایەتی شوێنێک لە داهاتوو دەکات، ڕات چۆن دەبوو؟ ئەمە کڵێسای خۆجێییە.

ئەو لە کۆتایی جیهاندا هەموو خەڵکی گروپەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە و نوێنەرایەتییان دەکات لەژێر باڵادەستیی مەسیحدا.

پۆڵس پێمان دەڵێت کە هاوڵاتیبوونی مەسیحی لە ئاسمان دایە، ئەو تەنانەت ناومان دەنێت (هاوڕێیانی هاوڵاتی) لەگەڵ ئیسرائیل، کە سەرنجڕاکێشە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئیسرائیلدا هاوڵاتیبوون واتای چی بووە.

هەرچەندە بە پێچەوانەی جولەکە، ماڵی باوەڕداران بە مەسیح ئێستا لێرەیە لەسەر زەوی، ئێمە لێرە نامۆین، ئێمە بوونەوەری ئاسمانیین. پێویستە باوەڕداران بە مەسیح بە پەرۆش بن بۆ وڵاتی خۆیان. ئەوان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەن کە (شانشینی جیهانی دەبێتە شانشینی خودا و مەسیح) (ئاشکراکردن ١١: ١٥). فریشتەی حەوتەمیش کەڕەناکەی لێدا و چەند دەنگێکی بەرز لە ئاسمانەوە هاتن و گوتیان:

«شانشینی جیهان بووە شانشینی پەروەردگارمان و مەسیحەکەی.» (فلیپی ٢ : ١١)

هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت بەوەدا کە عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە، بۆ شکۆی خودای باوک.

بەڵام ئاگاداربە شوێنێک هەیە لەسەر زەوی کە هاوڵاتیانی ئاسمان دەتوانن لەم کاتەدا یەکترناسینێکی فەرمی بدۆزنەوە و پەنای بۆ ببەن: ئەویش کڵێسای خۆجێییە. لە ئێستادا کڵێساکان یاساکانی مەسیح پێشکەش دەکەن. ئەوان لەپێشییەوە کڕنۆش دەبەن وەک پاشایەک، وە هەموو خەڵکی بانگهێشت دەکەن کە هەمان شت بکەن. ئیستاش فەرموو لەگەڵ بیرۆکە گەورەکەی سێیەم:

کڵێسای خۆجێیی نوێنەرایەتی ژیانێکی ڕاستەقینەیە، کە لە ئێستادا دانراوە و داهاتووی شانشینی مەسیح و ئەو جیهانەی کە بەڕێوەیە پیشان دەدات.

بیرۆکەی ئەندامێتی کڵێسا یەکسەر دوابەدوای وێنەی کڵێسای خۆجێیی دێت. ئەندامی کڵێسا بە واتای چی دێت؟ کەسێکە کە لە دەرگای نوێنەرایەتییەکەوە تێدەپەڕێت، خۆی دەناسێنێت کە ئەو سەر بە شانشینی فەرمی مەسیحە: (سڵاو، من ناوم باوەڕدارە بە مەسیح). فەرمانبەری نوێنەرایەتییەکە پەنجە بە هەندێک دوگمەی سەر کۆمپیوتەرەکەی خۆیدا دەنێت و پاشان دەڵێت: (بەڵێ، من لێرەدا زانیارییە تۆمارکراوەکانت دەبینم. بگرە، ئەمە پاسپۆرتەکەتە). ئێستا تاک دەتوانێت بە زۆرێک لە مافەکان دڵشاد بێت، سودمەندییەکان، پابەندییەکانی هاوڵاتیبوون، تەنانەت

ئەوانـەش کـە ئەگـەر بێـت و لـە وڵاتێکـی بیانیـش بـژی. بـەڵام تەنها ئەمـە نـا - فەرمـوو بەشـە شـێتانەکە ببیسـتە، تاکـە کەسـەکە دەبێتـە بەشـێک لـە خـودی نوێنەرایەتییەکـە - یەکێـک لـە فەرمانبـەرەکان کـە ئەوانـەی دیکـە شـەرەفمەند دەکات و جەختیـان لـێ دەکاتـەوە. بـوون بـە ئەنـدام لـە کڵێسا بوونـە بـە کڵێسـا، لایەنـی کـەم بەشـێک لـە کڵێسـا.

لەبـەر ئـەوە ئەندامـی کڵێسـا کەسـێکە کـە بەفەرمـی نـاسراوە وەک بـاوەڕدار بـە مەسیح و بەشێک لـە جەستەی جیهانیـی مەسـیح. مەبەسـت ئـەوە نییـە کـە بڵێیـت گوایا کڵێسـاکان هەمـوو جارێـک بـە باشـی لێـی تێدەگـەن. بەڵکـو ئـەوە ئیشـی خۆیانـە کـە دیـاری بکـەن و جەختـی لێبکەنـەوە کـە کـێ سـەر بـە پاشـایەتییەکەیە و کـێ سـەربە پاشـایەتیەکە نییـە. ئەمـە بیرۆکـە گەورەکـەی چوارەمـە.

ئەندامـی کڵێسـا کەسـێکە کـە بـە فەرمـی و بـە تایبەتـی نـاسراوە وەک بـاوەڕدار بـە مەسـیح و لەبـەردەم گەلـی کڵێسـا، هەروەهـا کەسێکیشـە کـە هاوبەشـی دەکات لـە دووپاتکردنـەوی هەمـان دەسـەڵاتی فەرمـی و شـەرەفمەندی باوەڕدارانـی دیکـە لـە کڵێسـاکەی خۆیـدا.

ئەندامـی کڵێسا لەمـەش زیاتـرە. دووبـارە، ئێمـە پێویسـتمان بـە قسـەکردنە دەربـارەی بەخێزانبـوون و یـەک لاشـە بـوون وە بـە مێگەلبـوون و بـوون بـە خانەخـوێ بـۆ شـتەکانی دیکـە، بـا بگەینـە بەشـی چـواری ئـەم کتێبـە دەیبینیـن. بـەڵام ئێمـە لێـرە دەسـت پـێ دەکەیـن، چونکـە دەسـەڵاتی پاشـایەتییەکە دەنوێنێـت کـە مەسـیح بەخشـیویەتی، نـەک بـە ئێمـە وەک چەنـد کەسـێکی بـاوەڕدار، بەڵکـو بـە ئێمـە وەک ئەندامانـی کڵێسـایەکی خۆجێیـی. عیسـا ئێمـەی بەجێنەهێشـت بـۆ ئـەوەی حوکمـی خۆمـان بکەیـن وە خۆمـان وەک هاوڵاتـی ئـەو ڕابگەیەنیـن. ئـەو پەیمانگایەکـی بەجێهێشـت بۆمـان کـە جەختـمان لێدەکاتـەوە وەک بـاوەڕدار و پاشـان یارمەتیـمان دەدات بـۆ ئـەوەی شـێوە و ئاراسـتە دیـاری بـکات بـۆ ژیانـە مەسـیحیانەکەمان.

نوێنەرایەتییەکـە هـەروەک دەسـەڵاتەکەی کڵێسـا خۆجێییەکـە هەلـی ئـەوە دەدات بـەو تاکانـەی کـە ئـەم ڕسـتەیە گوفتـار دەکـەن (مـن لەگـەڵ عیسـام) ، هەلـی ئاشـکراکردنی ئـەوەی کـە ئـەم ڕسـتەیە واتایەکـی هەیـە. کڵێسـا خۆجێییەکـە چاودێـری دوبـارە ناونانەوەی مەسیح دەکات، بەهـۆی جیاکردنـەوەی شـارەزا ڕاستودروسـتەکان لـە ناڕاسـتەکان. کڵێسـای خۆجێیـی جیهـان ئامـادە دەکات بـۆ ئـەوەی تەماشـای تابلـۆ لـە قومـاش نەخشـێنراوە کـەی گەلـی خودابـکات و تابلۆیەکـی ڕاستەقینەی پیـرۆزی و خۆشەویسـتی خـودا ببینێـت، نـەک

تابلۆیەکی ساختە. هەروەها کڵێسای خۆجێیی ڕێگەیەک دەکاتەوە و بە درێژایی ڕێگا درێژەکەی ژیانی مەسیحیی، پاسەوان و وێستگەی حەوانەوەشی بۆ دەستەبەر دەکات.

پاشا و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکان کەمتەرخەم نین بەرامبەر ئەو کەسانەی کە وەک هاوڵاتییانی خۆیان دەیانناسێنن، ئیتر تۆ لەو باوەڕە دایت پاشای گەردون کەمتەرخەم بێت.

## ملکەچی نەک پەیوەندیکردن

ئەگەر عیسا کڵێسای خۆجێیی دەسەڵاتداری بەسەر ئێمەوە بنیاد نابێت، ئێمە ناچین پەیوەندییەکی وەک پەیوەندیکردن بە یانەکانەوە یان کاری خۆبەخشی دروست بکەین: ئێمە ملکەچیان دەبین، بە هەمان شێوەی ملکەچبوونمان بۆ حکومەت، وە ئەمە پێنجەمین بیرۆکەی گەورەیە.

مەسیحییەکان پەیوەندی بە کڵێساکانەوە ناکەن، بەڵکو ملکەچیان دەبن.

هەردووک، کڵێساش و حکومەتیش، لەپاش هەموو شتێک دەسەڵاتی عیسا دەخەنە ڕوو، هەرچەندە شێوازەکانیان جیاوازە. تەنانەت قەشەکان و ڕابەرانی کڵێساش پێویستە بەم جۆرە ملکەچی کڵێسا بن. ئەوانیش پێویستە لە ڕیگەی نان لەتکردنەوە هاوڵاتیبوونی پشتڕاستکراوەیان هەبێت لەهەمبەر کڵێسادا.

## هەموویمان بە هەڵە پێشکەش کردووە

ئێستا بە هەڵە تێمەگە. لە گۆشەنیگای نامەسیحییەکانەوە، کڵێسای خۆجێیی دەزگایەکی خۆبەخشانەیە. پێویست ناکات کەس پەیوەندی پێوە بکات. لە گۆشەنیگای ژیانی مەسیحییانەشەوە هەرچەندە واش نییە، هەرکە تۆ مەسیحت هەڵبژارد، پێویستە کەسەکانیش هەڵبژێریت. ئەمە ڕێککەوتنە. باوک و کوڕ هەڵبژێرە, وە پێوستە هەموو خێزانەکە هەڵبژێریت- ئەوەیە کە بەهۆی کڵێساوە دەیکەیت.

هەروەها، کڵێسا ڕاهینان دەکات، ئەو دەسەڵاتە مەسیحییانەی پێی دراوە زۆر جیاوازە لەوەی وڵات دەیکات. (بەڵام عیسا بانگی کردن و فەرمووی: «دەزانن سەرۆک نەتەوەکان وەک میر فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا جێبەجێ دەکەن.» (مەتا ٢٠ : ٢٥) «جا لەنێو ئێوەدا ئاوا نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت

لەنێوتانـدا پایـەی بـەرز بێـت، بـا ببێتـە خزمەتکارتـان و ئـەوەش کـە دەیـەوێ لەنێوتانـدا ببێتـە یەکـەم، بـا ببێتـە بەندەتـان،» ...ئایەتەکانـی پاشـتر (مەتـا ٢٠: ٢٦- ٢٧).

دەسـەڵاتی مەسـیحی هەروەهـا کاردەکات بەهـۆی کاریگـەری گۆڕانـکاری ڕیشـەیی ئامێزەکـەی هێـزی وشـە و ڕۆحـەوە، نـەک بـە هـۆی هێـزی فێـڵ و تەڵەکـەی زۆرەملـێ لێکـردن بـۆ ڕازیکـردن.

هێشـتا عیسـا بـۆ مەسـیحییەکان واتـای خۆبەخشـینی ئارەزوومەندانەیـە، وە خۆملکەچکردنـە بـۆ کڵێسـای خۆجێیـی، ئەمـە چـۆن دەبێـت و چـۆن نابێـت، لـە بەشـی شەشـدا باسـی دەکەیـن.

## بۆچی کڵێسا نێودەوڵەتی و نەتەوەییەکان هەڕەشەن

هەسـتی مـن وایـە زۆربـەی مەسـیحییەکان تێناگـەن لـەوەی بابەتـی ئەندامێتـی کڵێسـا چییـە و بۆچـی ڕێکەوتنێکـی گەورەیـە. بـەڵام ئەمـە هۆکـەی ئەوەیـە کـە ئێمـە هەمـوو بابەتەکەمـان بـە هەڵـە پێشـکەش کـردووە. بـەڵام مـن لێـرەدا دەتوانـم ئامـاژە بـە دوو گـروپ بـدەم کـە بـە ڕاسـتی بـاش لـە گرنگـی بابەتەکـە تێدەگـەن. یەکەمیـان بیر لـە هەموو ئـەو حکومەتانـە بکـەرەوە کـە کڵێسـا و ئەندامەکانـی کڵێسـایان چەوساندووەتەوە، ئایـا ئـەم حکومەتانـە بـە هەڵـە کڵێسـایان بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر توانـا و هێـزی دامەزراوەکانـی خۆیـان بینیـوە؟ عیسـا هێـزی شمشـێری نـەداوە بـە کڵێسـاکان. بـەڵام ئـەو جـۆرە حکومەتانە مـردوون بـەوەی بڕوایـان وایـە کـە ئەندامانـی کڵێسـا دڵسـۆزیی کۆتایـی خۆیـان پێیـان نـادەن، بەڵکـو دەیبەخشـنە عیسـا.

گوێبگـرە، بزانـە یوسابیسـی مێژونووسـی سـەدەی چوارەمـی ڕۆمانییـەکان چـۆن باسـی مەسـیحییەکی دێرینـی کـردووە کـە نـاوی سـانکتوس بـووە، لـە سـاڵی ١٧٧ زایینـی کاتێـک سـانکتوس لەبـەردەم ئەوانـەدا ڕاوەسـتا کـە ئازاریـان دەدا: (بـەم جـۆرە ورەیـەوە خـۆی لەبـەردەم هێرشـەکانیان ڕاگـرت، بـە ڕادەیـەک کـە نـە نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی پـێ دەگوتن و نـە پێشـینەی خـۆی، نـە شـوێنی لەدایکبوونـی، وە ئایا کۆیلەیـە یـان ئـازاد. وە بـۆ هەمـوو پرسـیارێک بـە لاتینـی وەڵامـی دەدایـەوە (مـن مەسـیحیم). ئەمەبـوو کـە دووبـارە و دووبارە دووپاتـی دەکـردەوە، لەجیاتـی گوتنـی نـاو و شـوێنی لەدایکبوونـی و وڵاتەکـەی و هەمـوو شـتێکی دیکـە، وە ئەوانـەی لێیـان دەدا یـەک وشـەی دیکـەی ئەویـان نەبیسـت.)٢

دووەم گــروپ کــە لــە گرنگــی ناونیشــانە مەســیحییەکان تێگەیشــتوون هەمــوو مەسـیحییەکانی وەک سانتکوسـن کـە لەژێـر چەوساندنەوەدا ژیـاون، بـە تایبەتـی ئەوانـەی بەرپرسـی وڵاتـەکان چەوسـادویاننەتەوە. ئـەم خوشـک و برایانـە ژیانـی خۆیـان خسـتووەتە مەترسییەوە بـەوەی لەناو کڵێسـایەکدا لەئاوهەڵکێـشراون. لەگەڵ ئەوان باسـی ئەندامبوونی ئارەزوومەندانـە مەکـە، وەک ئـەوەی باسـی خولێکـی یـاری بۆڵینـگ بکەیـت. ئـەوان نرخـی دڵسـۆزی و شـوێنکەوتەیی خۆیـان بـۆ مەسـیح چـاک دەزانـن. لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە کـە مـن هەمیشـە دەپرسـم ئایـا ئـەم کتێبـە بـۆ ئـەوان سەرنجڕاکێشـتر نییـە وەک لـەوەی بـۆ ڕۆژئاواییەکانـی وەکـو مـن سـەرنجڕاکێش بێـت. «خۆزگـە دەخوازرێـت بەوانـەی لـە پێنـاوی ڕاستودروسـتی دەچەوسـێنرێنەوە، چونکـە شانشـینی ئاسـمان بـۆ ئەوانـە» (مەتـا ٥: ٢٠).

وێنەیـەک بێنـە پێـش چـاوت، گـۆی زەوی بـە هەمـوو نەتـەوە و وڵاتەکانـەوە کـە نەخشـەیان کێـشراوە لەسـەری، ئێسـتا بیهێنـەرە پێـش چـاو کـە نوێنەرایەتییەکـی بچوکـی ڕونـاک، ئەمـە کۆبونـەوەی مەسـیحییەکانە پێکـەوە بـە نـاوی پاشـاکەیان، عیسـا. پاشـان ئـەو خاڵـە ڕوناکییـە بچوکـە خـۆی دابـەش بـکات و ببێتـە دوو، ئینجـا چـوار، دواتـر هەشـت، وە بـەو شـێوەیە بـەردەوام ببێـت. نەتەوەیەکـی تـازە لـە گەشەسـەندندا دەبێـت. نەتەوەیـەک کـە لەنـاو نەتەوەکانـەوە دامەزرێـنراوە. ئـەم نەتەوەیـە هێڵـی سنورەکان بەجێدەهێڵێـت لـە شـوێنەکانی خۆیـان لەسـەر نەخشـە، بـەڵام ناکـرێ بـە هێڵەکانـی نەخشـە سنورداربکرێت. دروسـتکەرانی هێڵـە سـنورییەکان دەسـەڵاتی ئەوەیـان نییـە کـە ئـەم هاوڵاتیانـە بوەسـتێنن. خاڵـە ڕوناکییـەکان هەمـوو سـنورەکان دەبەزێنـن و بـە هەمـوو لایەکـدا بڵاودەبنـەوە، هـەر وەکـو هەوێـن بەنـاو هەویـردا، یـان وەکـو ئەسـتێرەکان کـە یـەک لـە دوای یـەک لـە تاریکی شـەوزەنگدا دەردەکـەون.

ئەمانـە کڵێسـاکانی مەسـیح و ئەندامەکانیانـن. جیهـان هەرگیـز شـتێکی وەک ئەوانـی نەناسـیوە.

## بەشی دووەم

# بەدیکردنی ئەندامییێتی کڵێسا لە پەیمانی نوێدا

ئەگەر ئامانجی ئێمە ئەوەبێت کە لە ئەندامییێتی کڵێسا تێبگەین، لەوانەیە وا باشتر بێت کە پێکەوە چاوێکی خێرا بخشێنین بە دیمەنە سروشتییەکانی پەیمانی کۆندا، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە هەمووومان تەماشای هەمان شت دەکەین. وەکو کڕینی پارچەیەک زەوی وایە. تۆ تەنها بە باسکردنی نوێنەری فرۆشتنەکە قاییل نەبیت کە باسی زەویەکەت بۆ بکات، تۆ دەتەوێت پیاسەیەکی بەناودا بکەیت و تەماشای دەوروبەرەکەی بکەیت.

بۆ ئەوەی ئەمە بکەیت، پێت چۆنە کە بۆ کاتی دواوە بگەڕێیتەوە بۆ سەردەمەکانی دروستبوونی کڵێسا یەکەمینەکان، وە لە ساڵانی سییەکانی پێش زاین دەست پێ بکەیت؟

با وای دابنێین کە ئامێری گەڕاندنەوەکەی کات لە شوێنێکی سەروو باکوری ئەتڵەسی دەردەکەوێت، ئێمە بەرەو باشور دەفڕین بەسەر ئەو شوێنەی کە ڕۆمانییەکان ناویان لێنا بەریتانیا. تەماشای خوارەوە دەکەین، ستۆنیهینج دەبینین، کە پێشتر دووهەزار و پێنج سەد ساڵ تەمەنی بوو. زۆر لەوە زیاتر نییە کە بە لامانەوە ئاساییە. لەندەن بۆ سەدەیەکی دیکەش دەرناکەوێت، کاتێک کە سەربازە ڕۆمانییەکان تێیدا کاری کشتوکاڵی دەکەن.

لە کەناڵێکی ئاوی دەپەڕینەوە و پاشان بەسەر کێڵگەکاندا دەفڕین و درەختەکانی جۆڵ، زەوییەک کە لە ساڵی ٥١ پێش زاین لەلایەن یۆلیۆس قەیسەرەوە داگیرکراوە. ئەمڕۆ ناوچەکە ناونراوە فەڕەنسا. لە شاخە بەفرینەکانی ئەلبەوە دەپەڕینەوە و شۆڕدەبینەوە بەسەر ناوچەیەکی لمینی ڕەنگ قاوەیی ئیتاڵیدا، لە کۆتاییدا شارە قەشەنگەی ڕۆما، کە تایبرۆس قەیسەر حوکمی دەکات.

دەگەڕێینەوە بە لای ڕۆژهەڵاتدا بە خێرایی بەسەر ئەدریاتکدا دەفڕین پاشان دوای کەناری دەریاکە دەکەوین بە درێژایی دەریای ناوەڕاست، بەناو هەرێمەکانی مەکەدۆنیادا، ترەیس، ئاسیا، سیلسیا، وە بە دەوری گۆشەی سوریادا. هەموو هەرێمەکان لە دوو سەدەی ڕابردودا داگیرکرابون لەلایەن بەتڵینۆسی چاوبرسی ئیتاڵی.

ئامێـرە کاتبڕەکـە دروسـتکراوەکەمان لـە شـاری ئۆرشـەلیم دەنیشـێتەوە، وە پـێ دادەنێین لەسـەر ئـەو لمـە سـوورەی فەلەسـتین کـە خـۆر سـووتاندوویەتی. چاومـان بـە دەوروبـەری خۆمانـدا دەگێڕیـن و تەماشـای خانـوە لـە خشـت و قـوڕ دروسـتکراوەکان دەکەیـن، چەنـد خانوووەیەکـی کەمـی گـەورە و لـە دوورەوە شـاخی پیـرۆز و پەرسـتگاکەش دەبینیـن. مەبەسـتەکانی پشـت گەشـتەکەمان، بـە سـادەیی بـۆ ئەوەیـە چەنـد سـەرنجێک بقۆزینـەوە دەربـارەی کڵێسـا یەکەمینـەکان و ئەندامەکانیـان. ئایـا کڵێسـای خۆجێیـی هەبـوون؟ ئایـا ئـەوان ئـەو شـتەیان ئەزمـون کـردووە کـە ئێمـە، هاورچەخـەکان پێـی دەڵێیـن ئەندامێتـی کڵێسـا؟

## کڵێسای ئۆرشەلیم

تەماشـای دەورەبـەر دەکەیـن، خۆمـان دەبینینـەوە دەورە دراویـن بـە ”جولەکەکانـی هەمـوو نەتەوەکانەوەکانـی ژێـر ئاسـمان“: بارپینـی، میسـۆپۆتامیایی، کەپەدۆکـی، ئاسـیایی، میسریـی، لیبیایـی، ڕۆمانـی، کریتـی، عەرەبـەکان... وە لیسـتەکە بـەردەوام دەبێـت (کـردار ٢: ٥، ٩-١١). کۆبونەتـەوە بـۆ جەژنـی ساڵانەی بۆنـەی ڕۆژی پەنجایەمیـن، وە ڕەنگـە زەقـەکان و بۆنوبەرامـە بەهێـزەکان وامـان لـێ دەکـەن وابزانیـن بازاڕێکـی گەڕۆکـە.

ئێشـتا ئـەو شـتەی کـە زۆر دەمانهەژێنێـت لـەم دەوروبـەرەدا نییـە ئـەو دەنگێکـە، دەنگێکـی وەک هـاژەی بایەکـی تونـدە (کـردار ٢:٢). پێیەکانمـان گیردەبێـت لـە هاتوهوریای قەڵەباڵغییەکـدا، هەتـا ئـەو کاتـەی خۆمـان دەبینینـەوە وەسـتاوین لەبـەردەم گروپێـک لـە پیـاوان کـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان خەریکـی وتاردانـن بەزمانـەی گەلانـی هەمـوو ئـەو خەڵکـە. قەرەباڵغییەکـە هەناسـەکانی خـۆی دەخواتـەوە.

یەکێـک لـە پیـاوەکان، پەتـرۆس، ڕاسـتەوخۆ بەرەنـگاری خەڵکەکـە دەبێتـەوە و دووبـارە گـوێ دەگرێـت لـە پاشـای مەزنـی داودی، کـە بـەم دواییانـە عیسـای لەخاچـدراوی بـە گـەورەم بانـگ کـرد. پاشـان گەیشـتە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە بـە هـۆی ئـەو زلەیـەی دەموچاوەوە، بۆیـە بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیایـی بزانـن، «ئـەم عیسایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ.» (کـردار ٢: ٣٦).

ئینجـا چاومـان دەگوێزینـەوە بـۆ سـەر ئەوانـەی گوێیان گرتـووە وە چاوەڕوانیـان دەکەین بـۆ پەترۆسـی مۆرکـراو. بـە دڵنیاییـەوە ئـەوان بـە ناپـاک نـاوی دەبـەن و پەلکێشـی دەکـەن بـۆ دەسـەڵاتداران.

بەڵام یەکسەر ڕوونادات، بە شێوەیەک لە شێوەکان. بەربەرەکانییەکە کار دەکات. قەرەباڵغییەکە، واتە خەڵکەکە (کار لە دڵیان دەکات)، وە بە پەترۆس دەڵێن چی بکەین. پەترۆس وەڵامی دانەوە: «تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و ڕۆحی پیرۆز بە دیاری وەردەگرن.» (کردار ٢: ٣٨).

چواردەور دراوە بە تۆمەت، بەڵام پەترۆس هەوڵ نادات بیشارێتەوە کە عیسا پاشایە، تەنانەت بانگخوازییەکەش دەخاتە سەر زاری داوود و خوداوە. چی زیاترە، بە خەڵکەکە دەڵێت کە لە ڕێگای لە ئاوهەڵکێشانەوە دیاری بکەن و تەرخانبوونی خۆیان بۆ مەسیح دەربخەن. لەوە دەچێت ئەو بیەوێت ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک خۆیان تەرخان بکەن، وە جوڵانەوەیەکی فراوانی خۆ بۆ مەسیح تەرخانکردن دابمەزرێنێت.

## ئەندامێتی کڵێسا

بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵکەکە وەڵامدانەوەی جەماوەرییان دەبێت، «ئەوانەی کە قسەکەیان وەرگرت لە ئاو هەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە ڕیزی باوەڕدارانەوە.» (کردار ٢: ٤١).

لەوە دەچێت ئێمە بە ئامێرە کاتبڕەکەمان ڕێک لە شوێنی گونجاو نیشتبینەوە. ئەمە سەرەتای هەموویەتی. بەپرسیارکردن لە دەوروبەری خۆمان ئەمە فێردەبین، پێش گەشتەکەمان ڕۆژێکیان پەترۆس هەستا و قسەی کرد «لەنێوان نزیکەی سەد و بیست باوەڕداردا بوو» (کردار ١: ١٥). پاشان لەو ڕژە سەرسوڕهێنەرەدا سێ هەزار ناوی زیاتر زیاد دەکرێن: یەقوب، ئەندرۆس، لیدیا، ئەلیفۆس، پرۆچەرس، جیمی، سکۆتە، ئەلیس، کڵێسا سەرژمێری دەکات و بەردەوامە لە تۆمارکردن. دەزانن ئەوانە کێن.

## گەشەکردن و چەوسانەوە

هەرکە ڕۆژەکان تێدەپەڕن شوێنی ئۆفیسێک لە چادرێکدا بەکرێ دەگرین، دەست دەکەین بە کۆکردنەوەی ڕاپۆرتە تایبەتەکانمان، وە بەردەوام چاودێری دەکەین کە ئەم گروپە دەگۆڕێت بۆ شێوازی ژیان. ئەوان خۆیان تەرخان دەکەن بۆ فێرکردنی قەشەیەک. هاوڕێیەتی هاوبەش دەکەن وە نان لەت دەکەن و پێکەوە نوێژ دەکەن. وە بە خۆیان دەڵێن (باوەڕداران)، «وە هەموو شتێک بە هاوبەشی ئەنجام دەدەن، بە

موڵک و ماڵ و ئەو کەلوپەلانەشەوە کە پێداویستی ژیانی خەڵکن. باوەڕداران هەموو پێکەوە بوون و لە هەرچی هەیانبوو هاوبەش بوون. ماڵوموڵکی خۆیان دەفرۆشت و بەگوێرەی پێویستی هەریەکەیان دابەشیان دەکرد» (کردار ٢: ٤٤-٤٥).

ئەم گروپە بە تەواوی لەسەر هێڵێکی جیاوازی درێژین لەگەڵ خەڵکەکانی دیکەی شارەکەدا. وەکو ئەوە وایە لە شوێنێکی دیکەوە هاتبن. سەرجەم ڕانە مەڕەکە یەکتر دەبینن (پێکەوە لە هۆڵەکانی پەرستگادا کۆدەبنەوە) وە پاشان دابەش دەبن بۆ گروپی بچوکتر "لە ماڵەکانیان" (کردار ٢: ٤٦) وە هەر بەو جۆرە گروپەکە بەردەوادەبێت لە گەشەکردن «ستایشی خودایان دەکرد و لەلای هەموو خەڵک پەسەند بوون. مەسیحی خاوەن شکۆش ڕۆژانە ئەوانەی دەهێنایە پاڵیان کە ڕزگاریان دەبوو.» (کردار ٢: ٤٧).

ئێستا، هەفتە و مانگەکان تێدەپەڕن. زیاتر و زیاتر داوادەکرێت بۆ باوەڕهێنان بە پەیامەکە. بە جوانی و بەخێرایی، لیستی ئەندامێتی تەنها پیاوان دەگاتە سەرووی پێنج هەزار (کردار٤:٤). بە ئاسانی لە خۆمان دەپرسین داخوا گروپەکە بایەخ دەدەن بە ناوەڕۆکی لیستەکانی، ڕەنگە ئەوان گرنگیدانیان بە ژمارەکان کەم بێت؟

یەکسەر وە بە خێرایی وەڵامەکە ڕوونە: بە هیچ شێوەیەک... هەرچۆنێک بێت سەرکردەکان دەربارەی هەڵە ڕەوشتییە گەورەکان و هەوڵی ڕاستکردەوەیان دەدەن (کردار ٥: ١١-١٢)، وە هەرچۆنێک بێت هەموو کڵێسا، واتە ئەوانەی خۆیان ناوناوە کڵێسا، هێشتا لە ڕێڕەوەکەی سلێمان لە پەرستگادا یەکتر دەبینن (کردار ٥ :١١-١٢). وە هەرچۆنێک بێت سەرجەم کڵێسا ئارەزوو دەکەن کە کۆبونەوەی ئەندامانیان هەبێت بۆ قسەکردن دەربارەی گرنگیدانی زیاتر بە بێوەژنەکان (کردار ٦: ١-٢).

هیچ گومانی تێدا نییە: کە ئەم خەڵکانە کات بەیەکەوە بەسەردەبەن و بایەخ بەیەکتری دەدەن، زۆر جێگای سەرنج و تێڕامانە کە ئەو ژیانەیان بەیەکەوە دانیشتوانی ئۆرشەلیم دەسڕێتەوە، وە ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان لەلایەن خەڵکی دیکەوە زۆر بەهەند وەردەگیرێن و بە چاوی ڕێزدارییەوە تەماشا دەکرێن (کردار ٥: ١٣).

بە دڵنیاییەوە مەرج نییە هەموو کەسێک ئەوانی بەدڵ بێت. دوو جار نێردراوان پەلکێشکراون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، دوو جار پەترۆس شتی هاوشێوە دەڵێت: «ئێمە پێویستە گوێ ڕایەڵی خودابین نەک پیاوەکان» (کردار ٤: ٢٠؛ ٥: ٢٩). ئەم گروپە دەزانێت کە پیاو لەگەڵ عیسا دەبێت و لەگەڵ هیچ کەسی دیکە نابێت،

«ئـەوان هەرگیـز ناوەسـتن فێرکـردن و مزگێنیـدان و گەیاندنـی هەواڵـە خۆشـەکە کـە عیسـا هەڵبژێرراوەکەیـە» (کـردار ٥: ٤٢)

هێشـتا ژیـان بـەردەوام جـوان دەبێـت بـۆ کڵێسـا. چەوساندنەوەی کڵێسـا ناوخۆییەکان بۆمـان بێزارکـەرە. ڕابەرێـک کـە نـاوی ستیفانۆسـە، بەردبـاران کـراوە هەتـا مـردن. تەنانـەت وەکـو ئـەوە وایـە کـە ئەگـەر سـەرکردەی پیـاوە ئاینییـەکان لیسـتێکی بەدەسـتەوەبێت کـە نـاو و ناونیشـانەکانی تێدابێـت. لەبەرئـەوەی زۆر بـە گوڕوتینـە بـۆ خزمەتـی سـەرکردەکان، فەریسـییەک بـە نـاوی شـاوڵ مـاڵ بـە مـاڵ دەسـت بـە گـەڕان دەکات و ئەندامانـی کڵێسـا پەلکێـش دەکات بـۆ بەندینخانـە (کـردار ٨ :٣).

زۆر سـەیرە، ئیشـی شـاوڵ دەرئەنجامـی وای هەبـوو کـە بـێ مەبەسـت بـوو، دوو ئەوەنـدە خەڵکـی دەهاتـن بـۆ بنکەکەمـان و هەمـان بڕگـەی هەواڵیـان پێبـوو. ئەوانـەی پەرشـوبڵاو ببوونـەوە، دەگـەڕان و مزگێنـی وشـەی خودایـان بڵاودەکـردەوە. (کـردار ٨: ٤). چەوسـاندنەوە باوەڕدارانـی پەرشـوبڵاوکردەوە بـە وڵات و شـوێنی دیکـەی دوور لـە ئۆرشـەلیم.

بـە زوویـی گوێمان لـێ دەبێـت دەربـارەی قوتابیـەکان کـە دەردەکـەون لـە سـامیرە، دیمەشـق، لیدیـا، یافـا، قەیسـەریە (کـردار ٨: ١٤ - ٩: ١٠، ٣٢، ٤٢، وە ١٠: ٢٤) هەمـوو کـەس وای لێهـات تێبـگات کـە عیسـا تەنهـا وەک پاشـایەک بـۆ جوولەکـەکان نەهاتـووە (کـردار ١١: ١٨).

هـەر دەربـارەی ئەمـە لـە هەمـان کاتـدا چرپەچرپێـک لـە ئۆرشـەلیم دەسـتی پێکـرد، کـە دەیانگـوت شـاوڵ خـۆی بـاوەڕی گۆڕیـوە و دەسـتی بـە وتـاردان کـردووە لـە کەنیشـتەکاندا و ڕایدەگەیەنێـت کـە عیسـا کـوڕی خودایـە و (هەڵبژێرراوەکەیـە) (کـردار ٩: ٢٠، ٢٢). زۆرێـک باوەڕیـان نەدەکـرد هەتـا ئـەو کاتـەی شـاوڵ خـۆی ئاشـکراکرد و وتـاری دا. بـەڵام بەرنابـاس بـردی و هێنایـە لای نێـردراوان، بـۆی گێڕانـەوە کـە چـۆن لـە ڕێـگادا عیسـای خـاوەن شـکۆی بینیـوە و قسـەی لەگـەڵ کـردووە، هەروەهـا چـۆن لـە دیمەشـق ئازایانـە بـە نـاوی عیسـاوە مزگێنیـی ڕاگەیانـدووە. ئیـتر لەگەڵیـان لـە ئۆرشـەلیم دەهـات و دەچـوو، «بـە چاونەترسـییەوە بـە نـاوی عیسـای خـاوەن شـکۆوە مزگێنیـی ڕادەگەیانـد» (کـردار ٩: ٢٧-٢٨).

شـتەکان بـە شـێوەیەکی کاتـی خـراپ بوون. کڵێسـای ئۆرشـەلیم ئێسـتا پەرشـوبڵاوبۆتەوە بەنـاو جولەکـەی جەلیـل و سـامیرەدا. وە ڕەنگـە لـە ئارامیـدا بێـت. «کڵێسـاش لـە هەمـوو

یەهودیا و جەلیل و سامیرەدا لە ئارامیدا بوو، بنیاد دەنرا و لە سایەی ترسی مەسیحی خاوەن شکۆ و دڵنەوایی ڕۆحی پیرۆزدا لە زیادبووندا بوو» (کردار ٩ : ٣١).

## کڵێسا لە سووریا، ئاسیای بچوک، وە سەرووتر

ئێمە بڕیارمان دا کە ئەوە کاتێکی بەرزە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خۆمان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری. یەکێک لە ئێمە پێشنیاری ئەوەی کرد کە لەوانەیە خودا بە مەبەست ئەم هاوڵاتییانەی جیهانی ناردووە بۆ ئۆرشەلیم بۆ جەژنی ڕۆژی پەنجایەمین، وە هەر دواتر بە مەبەست ڕێگای بە چەوساندنەوە داوە کە ڕووبدات بۆ ئەوەی باوەڕگۆڕین پەرشوبڵاوبێتەوە و سنوورە جیهانییەکان ببەزێنێت.

بە دڵنیایی تەواوەوە، لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەمان بە پەلە یەکێک لە هاوڕێیانمان لە کڵێسای ئۆرشەلیمەوەیە. هەناسە دەدات و ناچارە کە بچەمێتەوە سەر چۆک بۆ هاوکاری، بەڵام تەماشای سەرەوە دەکات و پێدەکەنێت و دەڵێت «هەواڵی ئەمە گەیشتە کڵێسای ئۆرشەلیم» یان ژمارەیەکی زۆر خەڵک گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا». لەوبەری سنوورەکانی سوریا لە شاری ئەنتاکیا (کردار ١١: ١٩-٢٢).

ڕوونە کە ئەمە تەنها دیاردەیەکی جولەکایەتی نییە.

بەڵکو ئەم قوتابییە مەسیحییانەی سوریا ڕاستەقینەن. برسییێتی لە یەهودیا دەستی پێکرد، بەڵام قوتابیان لە سوریا هاوکاریان نارد بۆ باشور. سوپاس بۆ میهرەبانی مەسیحییە کۆنەکانی سووریا. لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان دەبینینەوە دانیشتوین لە ماڵی ئەندامێکی کڵێسا، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین و گۆشتی بەرخی سوری لەسەر خەڵوز برژێندراو بە زەڵاتەی هەنجیر بە نیسک دەخۆین، بە نانی خڕی برژاو لەگەڵ پەنیری بزن. لەگەڵ گەڵا مێوی ناواخنکراو بە تێکەڵەی برنج. مەسیحییەکان حەزیان لێیەتی و بە دڵنیاییەوە بەتامە. دووبارە و بەردەوام ئەم مەسیحییانە دەیسەلمێنن کە ئەوان بایەخ بە یەکتر دەدەن و خەمی یەکتر دەخۆن، وە بایەخدانیان بە یەکتر فراوانتر دەبێت و سنوورە جیهانییەکان دەبڕێت، ئەمە دەگاتە کڵێساکانی سەرووی خۆیان.

ئێستا سەدەکان بەسەردەچن وە ئێمە کڵێسا دەبینین وورەی بەرەوپێشچوون هێزی بنیادنان دەچێنێت. شاوڵ ئێستا ناوی پۆڵسە. گەشتێک دەکات بۆ ئەو شوێنەی کە تۆوی کڵێسا دەڕوێنێت لە قوبڕس و ئاسیای بچوک، وە لەناویاندا شارەکانی وەک دەربە،

لیسترا، ئیکۆنیا وە پیسیدیا و ئانتاکیا (کردار ١٣: ٤، ١٤: ٢٠-٢٣). لە دووەم گەشتدا، ئەو کڵێسا بنیاد دەنێت لە شوێنی دوورتر لە ڕۆژئاوا، لە شارەکانی فلیپی و سالۆنیکی، بیریا، کۆرنسۆس وە ئەفەسۆس، هەتا ناوی کەم بڵێین (کردار ١٥: ٣٦ وە ١٨: ٢٢)، وە پاشان دەست بە گەشتی سێیەمی دەکات بۆ بەهێزکردنی زۆربەی هەمان کڵێساکان (کردار ١٨: ٢٣--٢١: ٢٦).

تەنها ڕاپۆرتی زارەکی نییە کە ڕێچکەی گرتووە و گەیشتووە بە دەستمان، بەڵکو چەند وێنەیەکی نامەکان کە لەلایەن نێردراوەکانەوە نێردراون بۆ کڵێسا جیاوازەکانی وەک کڵێسای گەلاتیا، سالۆنیکی، کۆرنسۆس، ڕۆما. پۆڵس تەنانەت لە کونجی زیندانەوە گوتی: «من لێرە باڵوێزی ئینجیلم، هەرچەندە لە پێناویدا کۆت و بەند کراوم، نوێژ بکەن بۆ ئەوەی بەگوێرەی پێویست ئازابم بۆ قسەکردن» (ئەفەسۆس ٦: ٢٠).

ئەو زیرەکی خۆی بەکاردەهێنێت لەگەڵ دەسەڵاتی جیهانی بۆ خزمەت گەیاندن بە عیسای پاشا.

بە گشتی ئەرکی دەسەڵاتی حکومەتەکان بەسەر هەموو نەخشەکانەوەیە. هیرۆدس ئەنتیپاس دەستگیرکردن و کوشتن ئەنجامدەدات لە دژی ئەندامانی کڵێساکان و «لەو کاتەدا هێرۆدسی پاشا دەستی کرد بە چەوساندنەوەی چەند کەسێکی کڵێسا. هەروەها یاقوبی برای یۆحەنای بە شمشێر کوشت» (کردار ١٢: ١-٢).

فەرمانڕەواکەی ڕۆمانی، باوەڕ بە پەیامەکانیان دەهێنێت و باوەڕدەگۆڕێت «کاتێک فەرمانڕەواکە بینی چ ڕوویدا، باوەڕی هێنا، لە فێرکردنەکەی مەسیحی خاوەن شکۆ سەرسام بوو» (کردار ١٣: ١٢).

هەروەها ڕابەری کەنیشت (کردار ١٨: ٨). پارێزگار فلیکس هەلێک بەدی دەکات بۆ پارە پەیداکردن بە ڕێگای بەرتیل وەرگرتن (کردار ٢٦: ٢٤) پاشا ئەگریپاس تورەبوو (کردار ٢٦: ٢٨). وە هەروەها دەسەڵاتدارێکی دیکەی ڕۆمانی گالیۆن، لە بنەڕەتدا دەڵێت ”هەرچییەک ببێت» (کردار ١٨ :١٧).

مەبەست ئەوەیە ئەگەر کڵێسا و ئەندامەکانی لە شوێنێک لە شوێنەکان تێکەڵ بن لەگەڵ کۆمەڵگە دوورە دەستەکان بەشێک لەوان، ئەگەر هەمووشیان نەبێت، دێنە سەر ڕێگای ڕاست. ڕۆژێک وێنەیەک لە نامەیەک لە پۆڵۆسەوە بەدەردەکەوێت، وە ڕێک ئەمە دەڵێت. ئەو بە مەسیحییەکان دەڵێت ”دوورخراوەکان“ (یەکەم پەترۆس ١: ١).

## وێنەیەکی ڕوون و جێگیر

ئێمە ڕاپۆڕتەکان دەخوێنینەوە و دووبارە دەیانخوێنینەوە. ئێمە تێبینی تۆماردەکەین، وە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا دەتوانین پێکەوە کڵێسا و ئەندامێتی کڵێسا پێک بهێنین. لە کاتێکدا ئێمە تێبینیەکانمان دەنووسین لەناو هەموو بەڵگە نامەکاندا دە بابەت دێنە پێشێ کە هیچ بواری وتوێژیان تێدا نییە.

١. ئەو کڵێسا زۆرانەی کە هەن یەکدەگرن و کۆدەبنەوە لە دەوری پەیامی ڕزگارکەر و خودا. هەر وەکو لەو یەکەم ڕۆژەی ئۆرشەلیم بیستومانە. دەستەواژەی (بەخشین لە گوناه) وە (عیسا خودایە) لە ناو تێبینییەکانماندا دوبارە دەبنەوە و دوبارە دەبنەوە. نێردراوەکە ئاشکرای دەکات لە (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٥، کردار ١٧: ٣، یۆحەنا ٢٠: ٣١). پێی دەڵێن ڕێگای ڕزگاربوون و مژدە خۆشەکە. (ڕۆما ١٠: ٩ – یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١-٥، ئەفەسۆس ٧: ١، یەکەم پەترۆس ١: ٣-١٢). وە ڕۆحی پیرۆز ئەو زمانە دەبەخشێتە خەڵکی بۆ ئەوەی قسە بکەن. (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٣). ئەم مەسیحییانە ڕێز لە دەسەڵاتی جیهانی دەگرن و ملکەچی دەبن، زیاتر لە خاڵێک، بەڵام دڵسۆزی و پشتگیری کۆتاییان بۆ عیسایە. بە خۆیان دەڵێن (زنجیرەی نوێنەرایەتی) وە سەرکێشی بە هەموو شتێکەوە دەکەن، تەنانەت مردنیش.
٢. مەسیحییەکان بە گشتی تاکی یەکگرتوون، بەڵام پەیوەستن بە کڵێساوە. لە سەرەتادا، هەموو باوەڕدارێک پەیوەندبوو یان سەر بە کڵێسای ئۆرشەلیم بوو. پاشان گوازراونەتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە قوتابییەکان پەرشوبڵاو و لێک جیاکراوە بوون، وەک کاتێک فلیپۆس ئینجیلەکانی شیدەکردەوە بۆ خەسێنراوە فینیکییەکە. بەڵام هەموو ئەمانە لە سنوری کاروبار و ئەرکدا بوون. جگە لەوە هیچ نمونەیەکی دیکە نییە کە مەسیحییەکان لە کڵێساکان جیابووبنەوە. بە خێرایی کڵێساکان چێنران لە ئەنتاکیا. ئیکۆنیا، کۆرنسۆس وە بەو جۆرە بوو. ئەم کڵێسایانە بەردەوام بوون لە پەیوەندی بۆ دەستنیشانکردن، وە لە خزمەتکردنی یەکتریدا لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا، تەنانەت لە سنورەکانیش دەپەڕینەوە.
٣. مەسیحییەکان بە کۆکراوەیی خۆیان پەیوەست دەکەن بە کڵێساکان. ئێمە دەتوانین ئەمە ببیستین لە شێوازی قسەکردنیاندا سەبارەت بە خۆیان. بەڵام شاول کڵێسای لەناودەبرد، ماڵ بە ماڵ ژن و پیاوی ڕادەکێشا و فڕێیدەدانە

زینــدان (کــردار ٨: ٣). ئــەم هەواڵــە گەیشــتە کڵێســای ئۆرشــەلیم، ئەوانیــش بەرناباسـیان بـۆ ئەنتاکیـا نـارد (کـردار ١١: ٢٢).

کاتێـک دۆزییـەوە بـۆ ئەنتاکیـای هێنـا. ئیـتر سـاڵێکی تـەواو لـە کڵێسـا کۆبوونـەوە و خەڵکێکـی زۆریـان فێرکـرد. یەکـەم جاریـش لـە ئەنتاکیـا قوتابییـەکان ناویـان لێـنرا مەسـیحی.

کاتێـک گەیشـتنە ئۆرشـەلیم، کڵێسـا و نێـردراوان و پیـران پێشـوازییان لێکـردن، ئەوانیـش هەواڵـی هەمـوو ئـەو شـتانەیان پێـدان کـە خـودا لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە کردبـووی. «لـەو کاتـەدا هێرۆدسـی پاشـا[a] لەوکاتـەدا هیرۆدسـی پاشـا دەسـتی کـرد بـە چەوسـاندنەوەی چەنـد کەسـێکی کڵێسـا» (کـردار ١٢: ١). «بۆیـە کاتێـک پەتـرۆس زیندانـی کرابـوو، کڵێسـا بـە گـوڕ لـە پێنـاوی ئـەو نوێژیـان بـۆ خـودا دەکـرد» (کـردار ١٢: ٥). «پـاش ئـەوەی کڵێسـا ماڵئاوایـیان لێکـردن، بـە نـاو فینیکیـا و سـامیرەدا تێپەڕیـن، باسـی ئەوەیـان دەکـرد کـە نەتەوەکانیـش باوەڕیـان بـە عیسـا هێنـاوە، جـا خۆشـییەکی زۆریـان لەنێـو هەمـوو باوەڕدارانـدا بڵاوکـردەوە» (کـردار ١٥: ٣). «کاتێـک گەیشـتنە ئۆرشـەلیم، کڵێسـا و نێـردراوان و پیـران پێشـوازییان لێکـردن، ئەوانیـش هەواڵـی هەمـوو ئـەو شـتانەیان پێـدان کـە خـودا لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە کردبـووی» (کـردار ١٥: ٤). مەسـیحییەکان وشـەی کڵێسـا بەکاردەهێنـن بـۆ دیاریکردنـی خۆیـان لـە ژیانیانـدا بەیەکـەوە... تاکـە کەسـەکان سـەر بـە شـتێکی گەورەتـر و هاوبەشـە.

٤. مەسـیحییەکان خاوەنـی هێزێکـی زۆر و نا`سـنامەیەکی هاوبەشـن، کاتێـک بـە شـێوەیەکی فەرمـی کۆدەکرێنـەوە و یەکدەگـرن. بـەڵام پۆڵـس بـاس لـەو کاتـە دەکات و لەبارەیـەوە دەنوسـێت کـە کڵێسـای کۆرنسۆسـییەکان کۆدەکرێنـەوە. «بـە نـاوی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ، ئێـوە و ڕۆحـی مـن لەگـەڵ هێـزی مەسـیح کۆدەبنـەوە،» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥:٤). پاشـان لـە نامەکـەدا ئامـاژە دەدات بـۆ ئـەو کاتـەی پێـش هەمـوو شـتێک، «دەبیسـتم کاتێـک وەک کڵێسـا کۆدەبنـەوە دووبەرەکـی لەنێوانتانـدا هەیـە و هەتـا ڕادەیەکیـش بـاوەڕ دەکـەم» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١١: ١٨).

وەک ئـەوەی بڵێت ئەگـەر ئـەوان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان زۆرتربـن لـە یـەک کڵێسـا، کاتێـک پێکـەوە دەبـن و دابـەش نابـن، وا دیـارە ئـەم پێکهاتـەی پێکەوەییـە، هێـزی زیاتـری هەیـە بـۆ ئەنجامدانـی کارەکان، بـۆ بڕیـاردان وە بـۆ قسـەکردن لەبـری عیسـای مەسـیح.

٥. یەکـەم هەنـگاو لـە ژیانـی مەسـیحییەکان لەئاوهەڵکێشـانە. بـەردەوام لەگـەڵ ڕانـە مەڕەکـە پێشـکەش دەکرێـت. پەتـرۆس دەڵێـت: «تۆبـە بکـەن، بـا هەریەکەتـان بـە نـاوی عیسـای مەسـیحەوە لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت بـۆ لێخۆشـبوونی گوناهەکانتـان و ڕۆحـی پیـرۆز بـە دیـاری وەردەگـرن» (کـردار ٢: ٣٨). «ئەوانـەی کـە قسـەکەیان وەرگـرت لـە ئـاو هەڵکێـشران، لـەو ڕۆژەدا نزیکـەی سـێ هـەزار کـەس هاتنـە ڕیـزی باوەڕدارانـەوە» (کـردار ٢: ٤١) «هەمـوو سەرسـام و حەپەسـا بـوون، بـە یەکتریـان دەگـوت: «دەبـێ ئەمـە واتـای چـی بێـت؟» (کـردار ٨: ١٢) «دەسـتبەجێ شـتێکی وەک توێـکڵ لـە چاوەکانـی کەوتـە خـوارەوە، ئینجـا بینـی، هەسـتا و لـە ئـاو هەڵکێـشرا» (کـرار ٩: ١٨). «ئیـتر چاودێرەکـە لـەو کاتـەی شـەودا بردنـی و برینەکانـی سـاڕێژ کـرد، دەسـتبەجێ خـۆی و خاووخێزانەکـەی لـە ئـاو هەڵکێـشران» (کـردار ١٦: ٣٣)... لێـرەدا کریسـپۆسی پێشـەوای کەنیشـت خـۆی و خاووخێزانـی باوەڕیـان بـە عیسـای خـاوەن شـکۆ هێنـا. زۆر لـە خەڵکـی کۆرنسـۆس کـە گوێیـان لێبـوو باوەڕیـان هێنـا و لـە ئـاو هەڵکێـشران» (کـردار ١٨: ٨). «لێـرەدا کریسـپۆسی پێشـەوای کەنیشـت خـۆی و خاووخێزانـی باوەڕیـان بـە عیسـای خـاوەن شـکۆ هێنـا. زۆر لـە خەڵکـی کۆرنسـۆس کـە گوێیـان لێبـوو باوەڕیـان هێنـا و لـە ئـاو هەڵکێـشران» (کـردار ٢٢: ١٦) «ئایـا نازانـن ئێمـە هەمووـمـان کـە بـە لەئاوهەڵکێشـان لەگـەڵ عیسـای مەسـیح یەکمانگرتـووە، هەروەهـا لـە مردنەکەشـیدا یەکمانگرتـووە؟» (ڕۆمـا ٦: ٣).

٦. مەسـیحییەکان فەرمانیـان پێکـراوە کـە خۆیـان جیابکەنـەوە و بـە فەرمـی کار بـۆ جیهـان نەکـەن. پۆڵـس پەیوەنـدی بـە کەسـی نامەسـیحییەوە قەدەغـە نەکـردوە. بـەڵام پۆڵـس بـە مەسـیحییەکان دەڵێـت کـە هیـچ شـتێک لەگـەڵ بێباوەڕانـدا نەکـەن کـە ئەگـەری مەترسـیداربوونی هەبێـت بـۆ ناسـنامەی مەسـیحیی خۆیـان. ئـەو پێیـان دەڵێـت کـە «لەگـەڵ بێبـاوەڕان لەژێـر یـەک نیـردا مەبـن، چونکـە چ هەماهەنگییـەک لەنێـوان ڕاسـتودروستی و خراپـەدا هەیـە؟ یـان چ هاوبەشـییەکە لەنێـوان تاریکـی و ڕووناکیـدا؟» (دووەم کۆرنسـۆس ٦:١٤). هـەروەک چـۆن خـودا ویسـتی هێڵێکـی ئاشـکرا هەبێـت لـە نێـوان ئیسرائیـل و نەتەوەکانـی دیکـە، بـە

هەمان شێوە خودا داوای هێڵێکی ڕوونی دەروشاوەی کرد لە نێوان کڵێسا و جیهان، یەزدان دەفەرموێ: «لەبەر ئەوە لەناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و بەجێیان بهێڵن. دەست مەدەنە هیچ گڵاوێک، ئینجا وەرتاندەگرمەوە» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٧).

٧. ژیان و دەسەڵاتی کڵێسای خۆجێیی شێوە و ئاراستەی ژیانی ئەندامەکانی دیاری دەکات. ئەمە بە تایبەتی ئاشکرا و دیار بوو لە یەکەم هەفتە و مانگەکانمان لە ئۆرشەلیم. ژیانی مەسیحییەکان دەستی پێکرد لەگەڵ چوارچێوە ی دەسەڵاتداری کارکردن: تاکەکان لەئاوهەڵدەکێشران و دەخرانە سەر ئەندامانی کڵێسا، پاشان کۆدەبونەوە بۆ گوێگرتن لە فێرکردنی نێردراوەکان. هەر لەوێوە باوەڕدارەکان ژیانی خۆیانیان ئاراستەکرد لە دەوری ئەندامی دیکەی کڵێساوە: ژەمە نانخواردنەکانیان، نوێژەکانیان، بەرنامەکانیان، ماڵ و سامان و و پارە و پول و بڕیارە گونجاوەکانیان و خوازبێنیکردنیان بۆ بێوەژنەکانیان، ئایا ئەمە نەخشەیەکی نایاب بوو بۆ مانگەکانی یەکەم؟ بەخشندەیی کڵێسای ئەنتاکیا لەگەڵ کڵێسای ئۆرشەلیم شتێکی دیکە پشبێنیار دەکات. هەروەها چەند بەشێکی دیکەی کتێبی پیرۆز کە لێرەدا ناومان نەهێناوە، وەکو بەخشندەیی لیدیا لەگەڵ مزگێنیدەرە گەڕۆکەکان. لە بەرامبەردا ئێمە چیمان پشتڕاستکردووەتەوە لەو مانگانەی یەکەمدا کە وێنەی وردەکاری پێمان داوە، کامیان پێویست ناکات بە درێژایی ساڵانی داهاتوو دووبارە و دووبارە دووپاتبکرێتەوە لە تۆمارەکاندا. هەروەها ئەو نامانەش کە بەدەستمان گەیشتون وێنەیەکی خێرامان دەدەنێ سەبارەت بەو ژیانە کۆمەڵایەتییە، بۆ نمونە (ڕۆما ١٢ : ٤-١٦، یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١١، گەلاتیا ٢: ١١ -١٢، یەکەم تیمۆساوس ٥: ٩-١٠، عیبرانییەکان ١٠: ٣٤، یەکەم پەترۆس ٤: ٨-١١).

٨. پەترۆس بە پیرانی کڵێسا دەڵێت ڕابەرە مەسیحییەکان بەرپرسیارن لە مەڕە تایبەتەکان. پەترۆس بە پیران دەڵێت: "ببنە شوانی ڕانەمەڕی خودا، داوا لەو پیرانە دەکەم کە لەنێوتاندان، وەک پیرێکی هاوڕێ، شایەتی ئازارەکانی مەسیح و هاوبەشی ئەو شکۆیەی وا ڕادەگەیەنرێ: ئەو مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لەنێوانتاندایە، وەک چاودێر خزمەت بکەن، نەک بە ناچاری، بەڵکو بە ویستەوە بەگوێرەی خودا، نەک بۆ دەستکەوتی شەرمەزاری، بەڵکو بە چالاکییەوە،" (یەکەم پەترۆس ٥: ٢). پۆڵس هەمان شت بە پیرانی

کڵێسـای ئەفەسـۆس دەڵێـت ”ئاگاتـان لـە خۆتـان و لـە هەمـوو مێگەلەکـە بێـت، ئـەوەی ڕۆحـی پیـرۆز ئێـوەی کـردووە بـە چاودێـر بەسـەریانەوە، تاکـو شـوانایەتی کڵێسـای خـودا بکـەن، ئـەوەی بـە خوێنـی خـۆی کڕیویەتـی“ (کـردار ۲۰: ۲۸). پیرانـی کڵێسـا خۆیـان دەزانـن ئـەوان بەرپرسـیاریەتی کێیـان لەسـەرە.

٩. مەسـیحییەکان بەرپرسـن لـەوەی کـە ڕادەسـتی ڕابـەرە تایبەتەکانیـان بـن. نوسـەری نامـەی عیبرانییـەکان دەنوسـێت ”گوێڕایەڵـی ڕابەرەکانتـان بـن و ملکەچیـان بـن، چونکـە شـەوارەتان بـۆ دەگـرن، وەک بڵێـی حیسـابیان پێشکەشـی خـودا دەکـەن، تاکـو بـە شـادییەوە ئەمـە بکـەن نـەک بـە بێـزاری، چونکـە ئەمـە زیانـی بۆتـان دەبێـت.“ (عیبرانییـەکان ۱۳: ۱۷). ”ئـەو پیرانـەی کـە بە باشـی کڵێسـا بەڕێوەدەبەن، شـایانی ڕێزێکـی دووقاتـنc، بـە تایبـەت ئەوانـەی لـە وتـاردان و فێرکردنـی وشـەی خـودا مانـدوو دەبـن“ (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ۱۷). مەسـیحییەکان دەزانـن کـێ بـەرز ڕادەگـرن.

۱۰. مەسـیحییەکان مامۆسـتا ساختەکان دووردەخەنـەوە. ئاشـکرایە ناتوانیـت کەسـێک دەربکەیـت لـە کڵێسـا هەتـا پێشـتر سـەربە کڵێسـاکە نەبووبـن، جگـە لـەوە پۆڵـس بـۆ ئاگادارکردنـەوەی ئـەو کەسـەی دووبەرەکـی دەنێتـەوە دوجـار، پاشـان (هیچیان لێمەکـەن) قسـە بـە کـەس نەڵێـن، شـەڕفرۆش نەبـن، خۆنەویسـت بـن، لەگـەڵ هەمـوو خەڵـک دڵنەرمـی پیشـان بـدەن. (تیتـۆس ۳: ۱۰). وە یۆحەنـا باسـی مامۆسـتا درۆزنـەکان دەکات ئەوانـەی کـە (لێمان جیابونـەوە) ”ئـەوان لێمان جیا بوونـەوە، بـەڵام بەڕاسـتی سـەر بـە ئێمـە نەبـوون، چونکـە ئەگـەر سـەر بـە ئێمـە بوونایـە، لەگەڵـمان دەمانـەوە، بـەڵام چـوون بـۆ ئـەوەی دەربیخـەن کـە کەسـیان سـەر بـە ئێمـە نیـن..“ (یەکـەم یۆحەنـا ۲: ۱۹).

## کڵێسا بریتییە لە ئەندامەکانی

خاڵێـک زیـاد بکەیـن بـۆ هەمـوو ئەوانـەی بـاس کـران، یـەک شـت ڕون و ئاشـکرایە بـۆ لیژنـەی لێکۆڵینەوەکەمـان: بـۆ ئـەوەی مەسـیحی بیـت دەبێـت سـەربە کڵێسـایەک بیـت. کـەس لـەم یاسـایە بـەدەر نییـە، دەنـا پرسـیارەکان لـە دەوری کۆدەبنـەوە و هەمـوو کـەس و خۆشـی بیردەکەنـەوە ئاخـۆ پەیوەنـدی دەکات بـە کڵێسـایەکەوە. خەڵکـی نکوڵـی دەکـەن لـەوەی کـە لەئاوهەڵکێـشراون بـۆ بەقوتابیکـردن لـە کڵێسـایەک.

تەماشـاکردنی مەسـیح وەک خـودا واتـای یەکبـوون لەگەڵ گەلـی مەسـیحدا دەگەیەنێت، ئەمـە شـتێکی ئاشـکرایە، وەکـو چـۆن ئەگـەر منداڵێکی لەخۆگیراوبیت (هەڵگیـراوە) واتـای ئـەوەی بـە خێرایـی خـۆت دەبینیتـەوە لەسـەر مێـزی خوانـی ئێـوارە لەگـەڵ کۆمەڵێـک خوشـک و بـرادا.

بیرۆکـەی ئەندامیێتـی کڵێسـا بـە هەمـوو ئـەو بابەتانـەدا ڕەت دەبێـت کـە خوێندمانەوە و گوێـمان لێبـوو. هیـچ یـەک لـە ڕاپۆڕتەکانـان ناڵێـت مامۆسـتای قوتابخانەی ڕۆژی شـەممە ڕاوەسـتاوە لەبـەردەم پۆلێکـدا و داوا لـە ئامادەبوانـی نـاو پۆلەکـە دەکات کـە بگەڕێنـەوە بۆ بەشـی دووەم لـەو کتێبانـەی لـە بەردەسـتیاندایە، بـۆ پێناسـەی (ئەندامیێتـی کڵێسـا). بـەڵام هەمـوو کـەس، ئەوانـەی لـە نـاوەوەن و ئەوانـەش کـە لـە نـاوەوە نیـن دەزانـن مەبەسـت کێیـە کاتێـک مەسـیحییەکان ئامـاژە دەدەن بـە (کڵێسـاکە) ئیـتر ئەمەیـان بێـت یـان ئـەوە ”بەرنابـاس و شـاوڵ یەکیـان بینـی لـە کڵێسـا کاتێـک دۆزییـەوە و بـۆ ئەنتاکیـای هێنـا. ئیـتر سـاڵێکی تـەواو لـە کڵێسـا کۆبوونـەوە و خەڵکێکـی زۆریـان فێرکـرد. یەکـەم جاریـش لـە ئەنتاکیـا قوتابییـەکان ناویـان لێـنرا مەسـیحی“ (کـردار ١١: ٢٦). ”کاتێـک گەیشـتن و کڵێسـایان کۆکـردەوە، باسـی هەمـوو ئـەو شـتانەیان کـرد کـە خـودا لەگەڵیـان کردبـووی، هەروەهـا کـە دەرگای بـاوەڕی بـۆ نەتەوەکانیـش کردووەتـەوە“ (کـردار ١٤: ٢٧). بـۆ ئـەوەی ئەندامـی کڵێسـابیت دەبێـت یەکێـک لـەو کەسـانەبیت کـە کڵێسـا پێـک دەهێنـن. دووبـارە خۆیـان دەزانـن کێـن.

لـە ڕاسـتیدا ناتوانیـت بـە ئاسـایی باسـی کڵێسـای خۆجێیـی بکەیـت بەبـێ ئـەوەی باسـی تیمێـک بکەیـت، خێزانێـک، نەتەوەیـەک، یـان بەڵـێ تەنانـەت یانەیەکیـش بەبـێ باسـکردنی ئەندامەکانـی بـاس ناکرێـت. ئـەو دوو شـتە هەردوکیـان وان.

## گەڕانەوە بۆ داهاتوو

ڕەنگـە ئەوەمـان چنـگ کەوتبێـت کـە بـۆی هاتبوویـن. چەنـد دەیەیـەک تێپەڕیـن، بەڵام دیـارە کـە کڵێسـا خۆجێییـەکان هـەر لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی مەسـیحییەتەوە هەبـوون، وە ئـەو کڵێسـایانە لـە هیچـی دیکـە پێکنایـەن کـە زیاتـر یـان کەمتربێـت لـە ئەندامەکانیـان. کەواتـە بەڵـێ ئـەوان ڕاهێنانیـان کـرد لەسـەر (ئەندامیێتـی کڵێسـا)، تەنانەت ئەگـەر هەرگیز هیـچ کەسـێک نـاوی پۆلـی ئەندامیێتـی کڵێسـا یـان لیسـتەکانی کڵێساشـی نەهێنابێـت.

هێشـتا، هەمـوو پرسـیارەکانمان وەڵام نەدراونەتـەوە، یەکـەم پرسـیار، کڵێسـای خۆجێیـی

چییە؟ کۆتا هەواڵ کە پێمان گەیشتووە دەربارەی پۆڵس لە ڕۆما ئەوەبوو کە ئەو خەریکی وتاردانە لەبارەی "شانشینی خودا" (کردار ٢٨: ١٣). بە دڵنیایی یانە نییە. خەڵکی کڵێساکەیانیان لەگەڵ یانەدا لێ تێکناچێت. ئەوان بە خۆیان ناڵێن ڕێکخراوی زنجیرە باڵوێزە خۆبەخشەکان (نوێنەرەکان). بە دڵنیایی ژیانی خۆیان ناخەنە سەر هێڵی دابینکەری خزمەتگوزاری. کەواتە بە تەواوەتی کڵێسای خۆجێیی چییە؟ وە لەوەش دوورتر و زیاتر ئەندامی کڵێسا چییە؟

دەتوانین بازبدەینەوە بۆ دواوە بۆ لای ئامێرە کاتبڕەکەمان وە بگەڕێینەوە بۆ ڕانەبردوو، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، خەمت نەبێت هیچ گەشتی دیکە بەناو کاتدا ناکەین.

لە کاتی گەڕانەوەمان، یەکێکمان کتێبێکی پیرۆز لە گیرفان دەردەهێنێت و دەیکاتەوە، دەیخاتە سەر کتێبی ئاشکراکردن کە نامەیەکە لە یۆحەناوە بۆ حەوت کڵێسای جیاواز لە ئاسیای بچوک، کە لەژێر زەبروزەنگ و چەوسانەوەدا دەناڵێنن. بەرەو کۆتایی وەسفکردنی دڕندەکەیە، کە باسی قەیسەر و بانگەشەی خودایەتی و ئیمپراتۆریەتی خۆی دەکات. یۆحەنا چۆن هانی ئەو کڵێسایانە دەدات؟ ئەو ئاماژە بە وێنەیەکی مەسیح دەدات کە لەسەر تەختی پاشایەتییەکەی دانیشتوە لەگەڵ بونەوەرە ئاسمانییەکان و لەبەردەمی تاجەکانیان دادەنەوێنن، وە قەیسەر درۆزنێکە. تەنها یاسای مەسیح ڕەهایە. ئەمە ڕێک ئەوەیە کە کڵێساکان پێویستە بیبیستن بۆ ئەوەی ڕزگاربن وەک کڵێسا. عیسا خودایە.

# بەشی سێیەم
# کڵێسا چییە؟ ئەندامی کڵێسا چییە؟

لەباتی گەڕانەوە بۆ سەدەی یەکەمی ئۆرشەلیم، بە پیاسەیەک دەچینە یانەیەکی مەی خواردنەوەی ئیتاڵی لە واشینتۆن دی سی. دیمەنێکی جوانی هەیە. من و کۆیلی هاوڕێم تازە نانی نیوەڕۆمان خواردبوو، دەربارەی ئەندامییەتی کڵێسا قسەمان دەکرد، پاشان کۆیل ئەم پرسیارە قورسەی لێکردم: جیاوازی چییە لە نێوان دوو مەسیحی کە سەر بە هەمان کڵێسان لەگەڵ دوو مەسیحی کە سەر بە دوو کڵێسای جیاوازن؟

ڕەنگە وێنەی من بێتە پێش چاوت، لەوێدا ڕاوەستاوم، چەندین پەڵەی سۆسی مارینارا لەسەر کراسەکەمە، تەماشای ئەو دەکەم و هیچ شک نابەم بیڵێم. دڵنیا نەبووم، چۆن وەڵام بدەمەوە.

بەڵام ئەوە پرسیارێکی گەورەیە بۆ بە دڵ تێگەیشتن لەوەی کڵێسا چییە و ئەندامی کڵێسا چییە. بەم جۆرە بیری لێبکەوە: کۆلی سەربە کڵێساکەی منە، هاوڕێ باشەکەم مایک، کە ئەویش بە هەمان شێوە مەسیحییە، سەربە کڵێسایەکە لە دەرەوەی سنوری شارەکە، نزیک لە فڕۆکەخانە. پرسیارەکە ئەمەیە: پەیوەندی من لەگەڵ کۆلی چۆن جیاواز دەبێت لە پەیوەندیم لەگەڵ مایک؟ ئایا بەرپرسیارییێتی من چییە بەرامبەر بە پەیوەندیم لەگەڵ ئەم دوو پیاوە جیاوازە؟

دەتوانیت بڵێیت کە ئێمە هەرسێکمان سەربە هەمان جەستەین، جەستەی مەسیح، گەلی خودا و کڵێسای جیهانین، وەک (لە کڵێساکەدا). لەوە زیاتریش ئێمە هەرسێکمان بانگکراوین بۆ ئەوەی یەکتریمان خۆشبووێت، بۆ ئەوەی نوێژ بۆ یەکتر بکەین، وە هانی یەکتر بدەین، وە تەنانەت خەمی گوزەرانی یەکتر بخۆین لە کاتی پێویستیدا.

کەواتە جیاوازییەکە لە چیدایە؟ پێویست بوو من چۆن وەڵامی کۆلی هاوڕێم بدەمەوە؟ ئەگەر هیچ جیاوازی نییە، کەواتە پێویستە بڵێین کە کڵێسای خۆجێیی بوونی نییە. وەکو ئەوەیە بڵێین جیاوازی نییە لە نێوان پەیوەندیم لەگەڵ هاوسەرەکەم و پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتانی دیکە. ئەمە ڕاست دەبێت تەنها کاتێک کە پەیماننامەی هاوسەرگیری بوونی نەبێت. بەڵام خودی هاوسەرگیری بوونی هەبێت، کەواتە جیاوازییەکی گەورە هەیە. بە ڕێگەیەکی هاوشێوەی ئەوە، کڵێسای خۆجێیی بوونی

هەیە، وە پێدەچێت چەند جیاوازییەک هەبێت لەو پەیوەندیانەدا. بەڵام جیاوازییەکان چین؟

ئەمە تێبینییەکەیە: من و کڵێساکەم لە تواناماندا هەیە کە ڕاهێنانی کڵێسایی فەرمی بۆ پابەندبوون بەسەر کۆلی ئەنجام بدەین، بەڵام بەسەر مایکدا نا. ئەمە ئەو مافەیە عیسا پێیداوم، وەک ئەندامێکی کڵێسا، یاسایەکی فەرمی کڵێسایی بۆ حوکمدان لە ژیانی مەسیحییانەی کۆلیدا، بەڵام ئەو مافەم پێنەدراوە کە ئەنجامی بدەم لە ژیانی مەسیحییانەی مایکدا. بەڵام تێگەیشتن لەو یاسای حوکمدانەی کڵێسا دەیسەپێنێتە سەرمان کە پرسیار بکەین کڵێسای خۆجێیی چییە و ئەندامێتی کڵێسا چییە. ئەمە ئامانجی ئەم بەشە و بەشی داهاتووە لەم کتێبەدا، وە ڕەنگە گرنترین بەش بن لە کتێبەکەدا.

## دامەزراوەیی و ئەندامێتی

بەلایەنی کەمەوە ئێمە دوو ڕێگامان لەبەر دەستدایە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (کڵێسای خۆجێیی چییە؟): ئێمە دەتوانین وەڵام بدەینەوە بە ئەندامەیی یان بە دامەزراوەیی. ئێمە دەتوانین تەماشای گۆشتی سەر ئێسقانەکان بکەین. خەڵکی لەم ڕۆژانەدا حەز دەکەن بە ئەندامەیی قسە بکەن. گۆشت نەرمە و لووسە و جوانە. بابەتەکە ئەوەیە کە گۆشت بەبێ ئێسقانەکان زۆر سەرنجڕاکێش نییە بۆ تەماشاکردن، بۆیە ئێمە لە ڕاستیدا پێویستمان بە هەردوکیانە.

بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیەکە یەک جاری دیکە تەماشای نمونەی هاوسەرگیرییەکە بکەوە، ئەگەر ئێمە بەنیاز بین باس لە هاوسەرگیری بکەین بە شێوەیەکی ئەندامیی، ئەوا باس لە هەموو ئەو شتە جوانانە دەکەین کە دوو هاوسەر دەستیان دەکەوێت: ژیانی پێکەوەیی، دروستکردنی ماڵێکی پێکەوە، هاوبەشی لە ژیانێکی هاوسەری و هۆگری یەکتری، پەیدابوونی منداڵ، متمانەکردن بە یەکتر و شتی زیاتریش. ئەمانە ئەو چالاکییە جوانانەن کە لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا دەستمان دەکەون.

بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی هاوسەرگیری بە شێوەی دامەزراوەیی، هەرچەندە پێویستە باس لەو بابەتانە بکەین کە کەلتورەکەمان کەمتر و کەمتر لێی تێدەگات و دەست دەکات بە فەرامۆشکردنی.

- لێرەدا کۆدەبینەوە لە پەنای خودا و لەبەرچاوی ئەم کەسانە بۆ پێکەوە بەستنی ئەم پیاوە و ژنەکەی.
- ئەگەر کەسێک دەتوانێت تاکە هۆکارێک کە شکی دەبات بۆ ئەوەی ئەم دوو کەسە بەیەک نەگەن...
- بەم ئەنگوستیلەیە من هاوسەرگیریم کرد لەگەڵت.
- من ڕایدەگەیەنم کە ئەوان ئێستا ژن و مێردن.

لەپشت هەموو ئەم دەستەواژە ڕۆژئاواییانەوە ئەو بیرۆکەیە بوونی هەیە کە کتێبی پیرۆز پێی دەڵێت یەک جەستەی یەکگرتوو، وە ڕەنگە ئێمە پێی بڵێین پەیمانی هاوسەرگیری. ئەم پەیمانی هاوسەرگیرییە پەیکەرەکەیە. ئەو پەیکەری بناغەکەیە کە پەیوەندییەکە دروست دەکات، وە پەیوەندی پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی جیادەکاتەوە لە پەیوەندی پیاوەکە لەگەڵ هەموو ژنەکانی دیکە، وە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەوە ڕەقیی پەرداخەکەیە کە شەرابی بۆنەی هاوسەرگیرییەکەی لە خۆیدا هەڵگرتوە.

”لە ئەمباراوی خۆت ئاو بخۆوە، لە ئاوی هەڵقوڵاوی بیرەکەت. ئایا کانییەکانت بڕژێتە سەر شەقامەکان، جۆگەی ئاو بێت لە گۆڕەپانەکان؟“ (پەندەکان ٥: ١٥- ١٦).

جیهان ئەمڕۆ حەز لە چالاکییەکان دەکات، نەک پەیمان بەستنەکە، بۆیە زۆرتر و زیاتر ژن و پیاوەکان پێکەوە دەژین بەبێ ئەوەی هاوسەرگیرییان کردبێت. ئەوان شەرابەکەیان دەوێت نەک پەرداخی شەرابەکە. تەواو دڵنیام هەموو شتەکان پەرشوبڵاو دەبنەوە.

پاشان دوبارە، زۆربەی خەڵک چالاکیەکە هەڵدەبژێرن نەک پەیمانەکە، لەبەر ئەوەی ئەوان تەماشای دایک و باوک و داپیر و باپیریان دەکەن کە هێشتا پێکەوەن، بەڵام حاڵیان پەرێشانە. (ئەوانە یاساکانن) ئەوە ڕونکردنەوەکە بوو. ئەوان ئەوە پشتڕاست ناکەنەوە کە سۆزی باوکیان بۆ دایکیانە یان دایکیان شانازی بە باوکانەوە دەکات. ئەوان تەنها چاو دەبینن بڕاوەتە ئاسمان و دەمەکان بە خاوخلیچکی زانیاری دەگۆڕنەوە. ئەوان ژیان دەبینن، ژیان تەنها لە هاتوهاواری یارییەکان دەبیننەوە. چەند گاڵتە ئامێزە و چەند خەمبارکەرە، ئەمە ئەوە نییە کە ئێمە دەمانەوێت.

هەردووک یاساکان و چالاکیەکان لەلایەن خوداوە سەپێندراون، گۆشت و ئێسک.

وە هەمان شتە لەبارەی کڵێسای خۆجێیی.

## عیسا و شانشینەکە

بـا بـە وەسـفکردنێکی دامەزراوەیـی دەسـت پێبکەیـن _ ئێسـکەکان، پەرداخـی شـەرابەکە. وە ئەمـە ئەوەیـە کـە خەڵـک زۆربەیـان لەبیریـان دەچێت یـان خۆیانـی لـێ لادەدەن. یەکێتـی پەیوەندییـەکان کـە گروپـی خەڵکـی مەسـیحیی ئاسایی دەگێڕێتـەوە -بـە خیرایـی بـۆ کڵێسـای خۆجێیـی هەتـا مـردن پـەرت دەکرێـت. بـەڵام شـتێکە هێنـدەی لـە توانادایـە ڕاگرتنـی کڵێسـا و هێشـتنەوەی دەپارێزێـت.

لـە بەشـی یەکەمـدا بـە کڵێسـای خۆجێییـمان گـوت نوێنەرایەتـی یـان باڵوێـزی یـان کونجـی نیشـتەجێبوون. بـۆ ڕونکردنـەوە، تاکـە ڕسـتەیەکی مـن هەیـە پێناسـەی دامەزراوەیـی بـۆ کڵێسـای خۆجێیـی، کڵێسـای خۆجێیـی کۆمەڵێـک بـاوەڕدارن بـە مەسـیح کـە بـە ڕێکوپێکـی کۆدەبنـەوە، بـە نـاوی مەسـیح بـە فەرمـی جەخـت دەکـەن و چاودێـری ئەندامێتـی یەکـدی لـە عیسـای مەسـیح و پاشـایەتیەکەیدا دەکـەن. لـە ڕێـگای وتـاردان و خوێندنـەوەی ئینجیلـەکان و ڕێوڕەسـمە ئینجیلییـەکان.

بەڵـێ، پێناسـەکە کەمێـک دوور و درێـژە، بـەڵام هەمـوو وشـەیەک بـە مەبەسـت بەکارهاتـوە و تێیـدا پێچراوەتـەوە.

پێـش پێچانـەوەی، داوات لێدەکـەم کـە ببینیـت لـە کوێـوە هێناومـە. ڕەنگـە تێبینـی ئـەوەت لـە گەڕانـی بەشـی دووەمـدا کردبێـت بـەدوای بینینـی ئەندامێتیـدا لەنـاو لاپەڕەکانـی پەیمانـی نـوێ، ئێمـە عیسـا و ئینجیلەکانمان بەجێهێشـت. بۆچـی؟ لـە بەشـێکیدا بـە هـۆی ئەوەیـە کـە عیسـا زۆر زیاتـر دەربـارەی شانشـینەکە قسـەی کـردووە وەک لـەوەی باسـی کڵێسـای کربێـت. نامـەکان، لـە لایەکـی دیکـەوە جەختکردنـی پێچەوانەیـان تێدایـە. تەماشـای ئەمانـە بکـە:

- . عیسـا لـە ئینجیلەکانـدا نـاوی (کڵێسـا)ی لـە دوو شـوێندا هێنـاوە، نـاوی شانشـینەکەی چـل و نـۆ جـار تەنهـا لـە ئینجیلـی مەتـادا هێنـاوە.
- . نامەکانـی پۆڵـس نـاوی کڵێسـای چـل و سـێ جـار هێنـاوە و چـواردە جـار باسـی شانشـینەکەی کـردووە.

عیسـا دەربـارەی شانشـین قسـەی کـردوە، وپۆڵـس دەربـارەی کڵێسـا قسـەی کـردوە. بابەتەکـە چییـە؟ ڕەنگـە ئەمـە تووشـی سەرسـوڕمانت بـکات، بـەڵام ئـەوە عیسـایە پێداگـری

لەسـەر ئـەو شانشـینە دەکات کـە بناغـەی کڵێسـا وەک دامەزراوەیـەک بنیـاد دەنێـت. پۆڵـس زیاتـر نوسینەکەی لەسـەر شـێوەی دەسـتەواژەکانی کڵێسـای ئەندامییـە، کـە ئێمـە بەهەنـد وەریدەگریـن و لـە بەشـی داهاتـودا باسـی دەکەیـن.

شانشینەکەی عیسا پێویستە چی لە کڵێسا بکات؟

## هەبوونەبوو، شانشینێک هەبوو...

بۆ وەڵامدانـەوی ئـەوە بـا بچنـە لای چیرۆکێـک. هەبوونەبـوو شانشـینێک هەبـوو نـاوی ئیسرائیـل بـوو، وەکـو کـە لـە هەمـوو شانشـینەکاندا، ئیسرائیـل پاشـایەک و وڵاتێکـی هەبوو، لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە یاسـا. بـەڵام جیـاواز لـە زۆربـەی شانشـینەکان، هاوڵاتیانـی ئیسرائیـل ئیشـێکی تایبـەت و گرنگیـان هەبـوو کـە دەبـووا بیکـەن: ئیسرائیـل دەبـوو نوێنەرایەتـی خـودا بـکات لەسـەر زەوی.

وەک ئەوەیـە خـودا هەواڵێکـی ڕۆژنامەوانـی ناردبێـت بـۆ هەمـوو نەتەوەکانـی سـەر زەوی، تێیـدا ڕوونـی کردبێتـەوە کـە ئیسرائیـل هـی خـۆی بـووە، وە پێویسـتە لەسـەر نەتـەوەکان کـە تەماشـایان بکـەن بـۆ ئـەوەی ببینـن خـودا چـۆن بـووە. ئایـا خـودا میهرەبان یـان نامیهرەبـان بـووە، دادپـەروەر یـان نادادپـەروەر؟ هەواڵـە ڕۆژنامەوانییەکـە گوتـی تەماشـای نەتەوەکـەی بکـە بـۆ ئـەوەی بزانیـت. خـودا کاتێکـی دیاریکـراو و بەندێکـی یاسـایی پێیـان دابـوو بـۆ ئـەوەی بـە دەستنیشـانکراوی بزانـن. پێویسـتە چـی بکـەن.

بـە داخـەوە ئیسرائیـل بـە شـێوەیەکی ترسـناک لـە ئەرکەکەیـدا شکسـتی هێنـا. ئـەوان وەکـو هەرزەکارێکـی نائاسـوودە ڕەفتاریـان کـرد، کـە زیاتـر بایـەخ بـە بۆچونـی هاوڕێکانـی دەدات و لاسایی نەتەوەکانیـان کـردەوە لەجیاتـی لاسایی کردنـەوەی خـودا. ڕەنگـە وایـان زانیبێـت زۆر ساردن بـۆ یاسـاکانی خـودا. ئەمـە وای لـە نەتـەوەکان کـرد کـە بیربکەنـەوە لـەوەی خـودا شـتێکی تایبـەت نییـە، دوای هەمـوو ئەمانـە، لـە ڕاسـتیدا، پێویسـتە وەک ئـەوان بێـت.

پاشـان، سـەردەمێکی زۆر پێـش ئێسـتا، پیاوێـک هـات نـاوی عیسـا بـوو، گوتـی بەلایەنـی کەمـەوە چـوار شانشـین شـتەکان ئـاوەژوو دەکەنەوە.

١.خـودا ئاگـری لـە ئیسرائیـل بـەردەدا و ئـەوان ئەرکەکـەی خۆیـان کـە نوێنەرایەتـی خـودا بـوو لەدەسـت دەدەن. (مەتـا ٣: ٩-١٢، ٨: ١١-١٢).

٢.عیسا ئەو کەسە بوو کە ئێستا نوێنەرایەتی خودای باوکی ئاسمانی دەکات (مەتا ٣: ١٧، ١١: ٢٧، یۆحەنا ١٤: ٩). ئەو لە ڕاستیدا خودا و وێنە بێخەوشەکەی خودا بوو (کۆلۆسی ١: ١٥).
٣.خودا شانشینێکی دادەمەزراند، نەک شوێنێکی وەک ئیسرائیل، بەڵام لە یاساکانی ئەودا کە بەسەر هەموو جۆرە کەسەکانەوەیە ئەم شانشینە بۆ کەسە گەڕاوە و تۆبەکردووەکانە، کە بە ڕۆح هەژارن، وە وەکو منداڵەکان سادەن و لووتبەرز نین (مەتا ٤: ١٧، ٥: ٣، ١٨: ٣).
٤.هاونیشتمانیانی شانشینەکەی، ئەوانەی کە بە مردنەکەی لەسەر خاچ کڕینییەوە، دەچنە لای بۆ نوێنەرایەتیکردنی خودا لەسەر زەوی (مەتا ٥: ٤٨، ڕۆما ٨: ٢٩، یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٩، دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨، کۆلۆسی ٣: ٩-١٠).

هێشتا شانشینێکی هاوشێوەی ئەمە بەبێ زەوی و بەبێ سنوری جوگرافی و گرفتی سیاسی لەبەردەمدایە، سنوورەکان کێشەی ڕژدی سیاسین لەبەردەمیدا: هەموو کەس دەتوانێت باز بدات بۆ ئەوەی لەم شانشینەدا ببێتە هاوڵاتی. وە عیسا خۆی پێشبینی ئەمەی کردووە کە هەمو جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن دێنە ڕێ (مەتا ٧: ٢١– ٢٣، هەروەها مەتا ٢٤: ٥، ٢٥: ٤٤-٤٥).

ئەمە لە دوبارەکردنەوەدا دێوەزمەیەکی گشتی لە پەیوەندیەکاندا بەرهەم دەهێنێت: وەک ئەو جۆرە گرفتانەی ناوی خودا دەخاتە ناوبانگێکی خراپەوە. لەبیرت بێت، ئەم شانشینە بڕیار وابوو کە بۆ گەڕاوەکان و تۆبەکردووان و سادەکانی وەک منداڵان و بە ڕۆح هەژارەکان بێت. بڕیار وابوو ببێتە جۆرێکی نوێی کۆمەڵگە. بەڵام ئەگەر دەقاوەق هەرکەسێک لەلای خۆیەوە و بە تەنها دەست پێبکات و بانگەشەی هاوڵاتیبونی خۆی بۆ شانشینەکە بکات، ئەوا دەبێتە گەڕەلاوژێ. وە کۆمەڵگە نوێیەکە لەبیردەکرێت.

هاوڵاتیبوون لە بەڕێوەبردنەکانی پێشوو هاتبوونە ئاراوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە لە شوێنێکی دیاریکراو یان لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراو ژیابوون. تەنانەت کاتێک کە زەوییەکەیان بەجێهێشت، هەندێک ڕواڵەتیان هەبوو، وەک خەتەنەکردن، ڕۆژی شەممە، کۆت و بەندی ڕژێمێکی دیاریکراوی خۆراکی، لەسەریانە، بەڵام چۆن شانشینێکی بێ نیشتیمان و بێ سنوری وەک ئەوەی عیسای مەسیح هاوڵاتییەکانی خۆی دەستنیشان بکات؟ کێ ئێشکگری سەرسنور لە ئەستۆ دەگرێت.

## وچان: ژووری ڕۆژنامەوانی کۆشکی سپی

پێش ئـەوەی بچینـە نـا وچیرۆکـی شانشـینەکەی عیسـاوە، بـا وچانێـک وەربگریـن. بیربکـەرەوە چ بابەتێـک گەورەتریـن پشـکی گەورەتـری بەردەکەوێـت لـە کاتـی گفتوگـۆدا دەربـارەی ئەندامییێتـی کڵێسـا. ئێمـە باسـی نوێنەرایەتیکردنـی خـودی خـودا دەکەیـن لەسـەر هەسـارەی زەوی. ئەمـە ئەرکـی گەلـی ئیسرائیـل بـوو، وا نییـە؟ ئەمڕۆ بـڕۆ بۆ هـەر زانکۆیەک، لـە زانکۆکـە گوێبیسـتی ئەمـە دەبیـت: (هیـچ کەسێک ناتوانێـت داوای ئـەوە بـکات کـە نوێنەرایەتـی خـودا بـکات). بـەڵام ئەمـە ڕێـک ئەوەیـە کـە ئێمـە باسـی لێـوە دەکەیـن.

ئایـا تـۆ خەریکـە ببینیـت کـە ئـەم بابەتـە چەنـد گرنگـە؟ یـان نـا؟ بهێڵـە بـا ڕونکردنەوەیەکـی دیکـەت بدەمـێ. بـا وا دابنێیـن کـە لـە یانـە بچوکـە ئیتاڵیەکـە دورکەوتینـەوە و بـەرەو ژوور ڕۆشـتین بـۆ لای کۆشـکی سـپی، وە ڕێـک بـەرەو ژووری ڕۆژنامەوانـی ڕۆشـتین. جارێکیـان مـن کەسێکم ناسـی کـە ئەویـش کەسێکی دەناسـی و بردمـی بـۆ ژووری ڕۆژنامەوانـی. وێنەیەکـی گرتـم لەسـەر تەختـەی ژووری ڕۆژنامەوانـی کـە دیاربـوو مـن بـەو شـوێنە نامـۆم و لـە شـوێنی خـۆم نەبـوو.

ڕەنگـە تـۆ دەربـارەی ئـەو سـەکۆیەی کـە مـن باسـی دەکـەم زانیاریـت هەبێـت. زۆربـەی کات لـە هەواڵەکانـدا دەبینرێـت. هێمای سـەرۆکایەتی لەسـەر نەخشێنراوە. لەپشـت ئـەم سـەکۆیەوە پەردەیەکـی شـین و ئـاڵای ئەمەریکـی دانـراوە، مەدالیایەکـی سـپی لەبـاری درێـژی هەڵـواسراوە و لێـی نـوسراوە (کۆشـکی سـپی)، کـە ڕەنگـە بەهێزتریـن سـەکۆی وتـاردان بێـت لـە جیهانـدا.

لـەو سـەکۆیەوە شـەڕەکان جـاڕ دران. بـازاڕەکان گوازرانـەوە، هەمـوو ئابورییـەکان پەراوێـز خـران، ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییـەکان ڕونکرانـەوە. کاریگـەری خرایـە سـەر ملیۆنەهـا، بگـرە ملیارەهـا ڕۆحـی مـرۆڤ.

ئێسـتا ئەمـە پرسیارەکەی منـە بـۆ تـۆ: ئایـا تـۆ هیـچ کاتێـک لـەو سـەکۆیەوە وەک نوێنەری ئەمەریـکا قسـەت کـردووە؟ ئایـا تـۆ چـاوت بڕیوەتـە گڵۆپەکانـی نـاو سـتۆدیۆکە و کامێراکانـی ڕۆژنامەوانـی کۆشـکی سـپی و بـە فەرمـی نوێنەرایەتـی بیروبۆچوونـی سـەرۆکت کـردووە؟

بـە بۆچونـی مـن وەڵامەکـە ئەمەیـە، پێویسـتە سـەرۆک بـە فەرمـی دەسـەڵاتی ئـەوەت پێبـدات کـە نوێنەرایەتیـی بیروبۆچونـی ئـەو بکەیـت، تەنانـەت هـاوڕێ نزیکەکانـی یـان ئەندامەکانـی خێزانەکەشـی بوێـری ئەوەیـان نییـە بچنـە سـەر ئـەو تەختـە جیهانییـە.

گـرەوەکان لـە ئاسـتێکی زۆر بـاڵادان بـۆ هەرکەسـێک کـە ئـەوە بـکات.

باشـە، پرسـیارێکی دیکـە هەیـە: ئایـا تـۆ هیـچ کاتێـک لەباتـی عیسـا و شانشـینەکەی قسـەت کـردووە؟ ئایـا هیـچ کەسـێک دەسـەڵاتداری کردوویـت بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی بیروبۆچونـی پاشـا؟ تەنانـەت نوسـینگەی نوێنەرایەتـی عیسـا زۆر نالۆژیکی نییە. لە ڕاسـتیدا، وەک بینیـمان لـە بەشـی یەکەمـی ئـەم کتێبـەدا عیسـا زۆر بەهێزتـر و بـە دەسـەڵاتترە لـە سـەرۆک. وشـەکانی ئـەو هەرگیـز هەڵـە نابـن. بڕیارەکانـی بـۆ هەتاهەتایـە کاریگـەر دەبـن. ئێمـە گوتمـان عیسـا ئیمپراتۆریەتـی هەیـە.

بۆچونـی مـن ئەوەیـە کـە زۆرێـک لـە مەسـیحییەکان هەرگیـز سـڵیان لـەوە نەکـردووە کـە داوا بکـەن لەباتـی عیسـا قسـە بکـەن و هـەردەم بـە کارێکـی ڕەوایـان دانـاوە. لـە پایـزەوە، ئێمـەی مـرۆڤ هەسـتمان کـردووە کـە ڕەوایـە هەمـوو شـتێک کـە پێمان خـۆش بێـت بیکەین، وە تاوانـی ئـەم پـێ ڕەوا زانینـەی خۆمـان بـردووە لەگـەڵ خۆمـان بـۆ مەسـیحیبوونەکەمان.

لـە ڕاسـتیدا، مرۆڤـەکان مافـی ئەوەیـان نییـە کـە هیـچ شـتێک بکـەن بەشـێک بێـت لـە دەسـەڵاتداری خـودا. وە هەمـان شـت ڕاسـتە بـۆ شانشـینەکەی عیسـا. ئێمـە تەنهـا دەتوانیـن لـەو شـوێنانەدا بـە شـێوەیەکی شـەرعی ڕەفتـار بکەیـن کـە خـودا خـۆی مۆڵەتـی پێدابیـن. وە تاکـە کەسـەکان ناتوانێـت لـە پڕێکـدا بڕیـاری ئـەوە بـدەن کـە سـەر بـە شانشـینەکەی عیسـان و بەهـۆی ئـەوەوە مافـی ئەوەیـان هەیـە کـە بەرامبـەر بـە هەسـارەی زەوی ڕابوەسـتن، وە بـە شـێوەیەکی فەرمـی نوێنەرایەتـی عیسـا بکـەن. تـۆ داوای ئـەوە ناکەیـت کـە ئـەوە بـۆ سـەرۆک بکەیـت. بۆچـی داواکاری ئـەوە دەکەیـت کـە ئـەوە بـۆ پاشـای سـەرۆکەکان بکەیـت؟

باشـە، وچانەکـە کۆتایـی پێهات. ئێسـتا خواردنـە ئامادەکەمـان چییـە؟ ئەوەیـە کـە تەنهـا بێشـەرمانەیە پێشـبینی ئـەوە بکەیـت کـە دەسـەڵاتی ئـەوەت هەیـە نوێنەرایەتـی عیسـای پاشـا بکەیـت، خـودای کـوڕ، وەکـو ئەوەیـە کـە پێشـبینی ئـەوە بکەیـت دەسـەڵاتی ئـەوەت پێیـە بـە نوێنەرایەتـی سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا قسـە بکەیـت –لـەوەش زیاتـر، لـە ڕاسـتیدا پێویسـتە کەسـێک دەسـەڵاتت پێبـدات.

## چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت: کلیلەکانی شانشینەکە

دەگەڕێینـەوە بـۆ چیرۆکەکەمـان دەربـارەی بـێ نیشـتیمانیی عیسـا، شانشـینە بێسـنوورەکە. کـە دەسـەڵاتی ڕاگەیاندنـی گشـتی هەیـە. کـێ هاونیشـتمانییە و کـێ

هاونیشتمانی نییە؟ بۆ تازە دەستپێکردووەکان، پەترۆس و نێردراوەکان.

ڕۆژێکیان، عیسا ویستی نێردراوەکان متمانە بە فێرکردنەکانی ڕابەرانی جوولەکە نەکەن (مەتا ١٦: ١-١٢). سەردەمی دەسەڵاتیان بەسەرچووە، وە بەم زووانە دەبێت بینای کۆنگرێس چۆڵبکەن و شتەکانی ناو مێزەکانیان بخەنە کارتۆنەوە و لەگەڵ خۆیان بیبەن. پاشان ئەو لێیان دەپرسێت ئەوان ئەو بە چی تێگەیشتبوون. ڕەنگە پەترۆس بە نوێنەرایەتی هەموو نێردراوان، وەڵام بداتەوە: تۆ دیاریکراوەکەیت (مەسیا). کوڕی خودای زیندوو (مەتا ١٦ هەمان ئایەت). عیسا خودای ئاسمانەکانە و هاتووە پاشان بەردەوام بووە و گوتویەتی:

> منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت. کلیلەکانی شانشینی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو دەبێت، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە دەبێت. (مەتا ١٦: ١٨-١٩).

ئەمە یەکەم جاری ئەو دووجارەیە کە عیسا وشەی کڵێسا بەکاردەهێنێت، لێرەدا باسی کڵێسا جیهانییەکە دەکات: باڵوێزی هەموو مەسیحییەکان لە هەموو تەمەنەکان کە لە کۆتایی مێژوودا پێکەوە کۆدەبنەوە. عیسا پێکهاتەی ئەم کۆتا کاتە دروست دەکات.

چۆن بنیادی دەنێت (لەسەر ئەم بەردە)، بەردی چی؟ شارەزایانی یەزدانناسی گفتوگۆیان کردووە لەسەر ئەوەی داخۆ بەردەکە پەترۆسە یان دان پیادانانی پەترۆسە. لە ڕاستییدا، من وای بۆدەچم کە پێویستە بڵێیت هەردووکیانە. ئەدمۆن کلۆنی شارەزای یەزدانناسی دەنوسێت: "ناکرێت دانپیادانان لە پەترۆس جیابکرێتەوە، وە هەروەها ناکرێت پەترۆسیش لە دانپیادانان جیابکرێتەوە"؛ عیسا کڵێساکەی خۆی لەسەر وشە دروست ناکات، وە لەسەر خەڵکیش دروستی ناکات، بەڵکو لەسەر ئەو خەڵکانەی کە باوەڕیان بە وشە ڕاستەکانی ئینجیلەکانە (وەکو ئەوەی وشەکەی خۆی بوو بە گۆشت). عیسا کڵێساکەی خۆی لەسەر دانپێدانەران دروست دەکات.

پاشان عیسا کلیلەکانی شانشنەکەی دایە دەست پەترۆس و نێردراوان، کە ئەوانیش دەسەڵاتیان دایە دەست پەترۆس بۆ ئەوەی ڕێک ئەوە بکات کە عیسا کەمێک

پێش ئێستا لەگەڵی کردی: ڕەفتار بکات وەک نوێنەری فەرمی خودا لەسەر زەوی بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕاستودروستی دانپێدانان و دان پێدانەران.

کارلێککردنی نێوان ئاسمانەکان و زەوی لەم پارچەیەدا زۆر سەرسوڕهێنەرە. پەترۆس بە دروستی دانی پێدانا عیسا کێ بوو، وە عیسا گوتی کە وەڵامە ڕاستەکەی پەترۆس لە باوکی ئاسمانییەوە هاتووە. بە هەرحاڵ عیسا لەسەر زەوی بوو، وە لەباتی ئاسمان قسەی کرد. پاشان، لە هەموو هەناسەدانێکی داهاتوودا، ئەو دەسەڵاتی بە پەترۆس دا کە هەمان شت بکات -کە نوێنەرایەتی ئەو شتانە بکات کە کۆت و بەند کراون و ئەوانەش کە لە ئاسمانەکاندا ئاوەڵا کراون لە ڕێگەی بەستنەوە و کردنەوە لەسەر زەوی.

شارەزایانی کتێبی پیرۆز هەندێک جار باسی (بەستن و کردنەوە) دەکەن وەک چالاکییەکی حوکمدارێتی یان خودایی، کە زۆر یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەم دەستەواژەیە. بۆ نمونە، ڕەنگە قەشەیەک بڕیار بدات کە هەندێک یاسا جێبەجێبکرێن بۆ کۆتکردنی کەسێکی دیاریکراو لە هەندێک بارودۆخی جیدا. عیسا بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم دەسەڵاتەی بە نوێنەرەکان داوە: دەسەڵاتی ئەوەی کە ڕاوەستن لەبەردەم کەسێک کە دانپێدانان دەکات بۆ ئەوەی دانپێدانانەکەی بەهەند وەربگرن، بۆ ئەوەی ژیانی بەهەند وەربگرن، وە بۆ ئەوەی دادگایەکی فەرمی لەباتی ئاسمانەکان تۆماربکەن لەسەر زەوی. ئایا ئەمە دانپێدانانە دروستەکەیە؟ بە جۆرێکی دیکە بیڵێین، نوێنەرەکان دەسەڵاتی ئاسمانییان هەیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کێ لەسەر زەوی هاونیشتمانیی شانشینەکەیە و بەو هۆیەوە نوێنەرایەتی ئاسمان دەکات.

من ناڵێم کە عیسا (پرۆگرامێکی ئەندامییێتی کلێسای) دامەزراندوە، لە مەتا بەشی ١٦، بەڵکو بێ ڕکابەر کلێساکەی دامەزراندووە (کە ئەندامەکانییەتی) ، وە دەسەڵاتی کلیلەکانی پێداوە بۆ ئەوەی خۆی بەردەوام بێت لە دروستکردن بە شێوەیەکی کاریگەر، دەسەڵاتی وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامەکان. دەسەڵاتی کلیلەکان دەسەڵاتە بۆ هەڵسەنگاندنی وشەکانی ئینجیلی کەسێک بەڕاستی وە سازدانی حوکمدان.

دوو بەشی داهاتوو، کاتێک عیسا بۆ دووەم جار و کۆتا جار وشەی کلێسا بەکاردەهێنێت، ئێمە دەبینن ئەم کلیلانە بەکار دەخرێن.

> «ئەگەر خوشک یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی،

ئـەوا براكـەت بەدەسـتدەهێنیتەوە. خـۆ ئەگـەر گوێـی نەگـرت، یـەك یـان دوو كـەس لەگـەڵ خـۆت ببـە، تاكـو {هـەر بابەتێـك لەسـەر زاری دوو یـان سـێ شـایەت ڕاسـتییەكەی بسـەلمێنرێت.} ئەگـەر بەگوێـی نەكـردن، بـە كڵێسـا بڵـێ، ئەگـەر بەگوێـی كڵێساشـی نەكـرد، ئـەوا بـە بتپەرسـت و باجگـری دابنـێ. «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئـەوەی لەسـەر زەوی گرێـی بـدەن، لـە ئاسـمانیش گرێـدراو دەبێـت، ئـەوەی لەسـەر زەوی بیكەنـەوە، لـە ئاسـمانیش كـراوە دەبێـت. «دیسـان ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئەگـەر دووان لـە ئێـوە لەسـەر زەوی لەسـەر هـەر شـتێك ڕێـك بكـەون، هەرچـی داوا بكـەن، لەلایـەن باوكـم كـە لـە ئاسـمانە، بۆیـان دەبێـت، چونكـە لـە هەركوێیـەك دوو یـان سـێ كـەس بـە نـاوی منـەوە كۆببنـەوە، مـن لـەوێ لەنێوانیانـدا دەبـم.» (مەتـا ١٨ : ١٥-٢٠)

ئـەم پارچەیـە بـە وێنـەی برایـەك دەسـتپێدەكات كـە تـاوان دەكات، وە تاوانەكـەی لـە دەرەوەی ڕێچكـەی دانپێدانانییەتـی بـە باوەڕەكـەی. پاشـان عیسـا فەرمانـی بـە چـوار قۆنـاغ داوە بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی تـاوان. لـە قۆناغـی یەكەمـدا ڕوبەڕوبونەوەكـە بـە تایبەتـی و نهێنـی دەهێڵدرێتـەوە. ئەگـەر گوناهبـار پەشـیمان ببێتـەوە، دانپێدانانـی بـە بـاوەڕ متمانـە پێكردنـی بـۆ دەگەڕێنێتـەوە و ڕوبەڕوبونەوەكـە ڕادەوەسـتێت. ژیانـی گرێدەدرێـت بـە دانپێدانانەكەیـەوە. ئـەو جارێكـی دیكـە بـە شـێوەیەكی دروسـت نوێنەرایەتی عیسـا دەكات.

لـە قۆناغـی دووەمـدا، دانپێدانانەكـە فـراوان دەبێـت و دوو یـان سـێ بەڵگـە لەخۆدەگرێـت، وەك لـە شـێوازی دادگاییكردنـی پەیمانـی كـۆن. لـە خولـی سـێیەمدا، هەموو كڵێسـا تێوەدەگلێـن. ئەگـەر هێشـتا گوناهبارەكـە پەشـیمان نییـە ئـەوا قۆناغـی چوارەمـی بـەدوادا دێـت، كـە گواسـتنەوەی تاكەكەسـی تێدەكەوێـت لـە ژینگـەی بـاوەڕ گۆڕینەكـەی -مامەڵەكـردن لەگەڵـی وەك بێگانـە. هەندێـك جـار ئەمـە پێـی دەگوترێـت ڕاگرتنـی كڵێسـا یـان بێبەشـكردن.

پاشـان دیسـان عیسـا بانگهێشـتی كلیلەكانـی شانشـینەكە دەكات: هەرچـی شـتێك كڵێسـا بیبەسـتێت لەسـەر زەوی ئـەوا لـە ئاسـمانیش كۆتكـراو دەبێـت وە هەرچییـەك كڵێسـا بیكاتـەوە لەسـەر زەوی ئـەوا لـە ئاسـمانیش دەكرێتـەوە. وە لێرەدا عیسـا چارەسـەری نێردراوەكانـی جیهـان نـاكات. ئـەو وێنـای كڵێسـایەكی ناوخۆیـی دەكات. كڵێسـای خۆجێیـی، دەردەكەوێـت، كلیلـە نێردراوەییەكانـی شانشـینەكەی پێـدراوە. وەك دەرئەنجامێـك،

کڵێسای خۆجێیی دەسەڵاتی ئاسمانی پێیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو کەسانەی سەر زەوی کە هاونیشتمانی شانشینەکەن وە بەو هۆیەوە نوێنەرایەتی ئاسمان دەکەن.

عیسا دەسەڵاتی بە کڵێسای خۆجێیی داوە کە ڕابوەستێت لەبەردەم کەسێک کە دانپێدانان دەکات، بۆ بەهەند وەرگرتنی دانپێدانانەکەی، بۆ بەهەند وەرگرتنی ژیانی وە بۆ ئاشکراکردنی دادگاییەکی فەرمی لەباتی ئاسمان. ئایا ئەمە دانپێدانانە دروستەکەیە؟ ئەمە ڕێک وەک ئەوەیە کە عیسا لەگەڵ پەترۆس کردی. وە ئەم شتانە دووبارە دەکرێن لەو ڕێوڕەسمانەی کە بناغەیان دانراوە لە (مەتا ٢٦ و ٢٨)، نانلەتکردنی خوانی ئێوارە و لەئاوهەڵکێشان.

مەتا ١٨، کە لە مەتا ١٦ زیاتر پڕە لە باسی ئاسمان و زەوی، وێنەیەکی کریستاڵیی ڕونی ئەم دەسەڵاتە پێشکەش دەکات لە میانەی باسکردنەکانی ڕاگرتنی کڵێسا. بەڵام توانای لابردنی کەسێک لە ئەندامێتی کڵێسا پێویستی بە دەسەڵاتێکی گشتگیر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی وشە ئینجیلییەکانی کەسێک لەگەڵ ڕەفتارەکانی بۆ ئەنجامدانی دادگاییەک. ئەم دەسەڵاتە لەوساتەوە دەست پێ دەکات کە کەسێک دەردەکەوێت لە دەرگاکانی بینای کڵێساوە وە بانگەشەی ئەوە دەکات کە عیسا مەسیحەکەیە هەروەک کە پەترۆس کردی.

دەسەڵاتی نوێنەرایەتی بارودۆخەکە، لە بەشی یەکەمدا گوتمان، کە ڕوونتر دەبینرێت و لە توانایدایە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی کەسەکە هاوشێوەی دەسەڵاتی نوێنەرایەتی لە شانشینی مەسیحدا، ڕوونتر دەبینرێت و لە توانایدایە بۆ لابردنی کەسێک لە هاونیشتمانێتی شانشینی مەسیحدا. لە هەردوو بارودۆخدا مەودای تەواوی دەسەڵاتی دامەزراوەکان، ئاماژەی دراوە بەو هێزەی کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەندامێتی کەسێک کۆتایی پێدەهێنێت، لە یەکێک لە بارەکاندا بە ڕێگای مردن وە لە بارێکی دیکە لە ڕێگای بێبەشکردن.

هێشتا هەر هەمان دەسەڵاتە کە پەیرەو دەکرێت، کاتێک دوو یان سێ کەس بە ناوی عیساوە کۆدەبنەوە (مەتا ١٨: ٢٠) وە کەسێک لەئاوهەڵدەکێشن. ”کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن،“ (مەتا ٢٨: ١٩).

مۆڵەتدان بە کەسەکە وەک هەڵگرتنی کارتێکی فەرمیی قوتابییێتی. وەک کاتێک

دەچینە سەر قوتابی لە مەسیحدا. لە کڵێسای خۆجێیی بەرزترین دەسەڵاتی مەسیحییە لەسەر زەوی.

نەخێر، دەسەڵاتێکی ڕەها نییە، زیاتر نییە لە وڵات. بەڵام مەسیح مەبەستیەتی کە مەسیحییەکان ملکەچ بن بۆ چاودێری کڵێسای خۆجێیی، بە پشتبەستن بە دەسەڵاتەکەیان لە شانشینەکەیدا.

ئایا کڵێسای خۆجێیی بە شێوەیەکی تەواو بێخەوش کلیلەکان تاقیدەکاتەوە؟ نەخێر، هەڵە دەکات، وەک چۆن هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی دیکە کە لەلایەن عیساوە دامەزرێنراوە، هەڵە دەکات. وەک کڵێسای خۆجێیی نوێنەرایەتییەکی بێ خەوش نەبووی کاتێک کۆتا کۆبونەوە نابێت. بەڵام ڕاستی ئەوەی کە هەڵەدەکات، هەروەک چۆن سەرۆکێک یان دایکوباب هەڵەدەکەن، واتای ئەوەناگەیەنێت کە بێ فەرمانی فەرمی دەسەڵاتدارییە.

ئایا هەموو ئەمانە واتای ئەوەیە کە ئەو شتەی کڵێسای خۆجێیی دەیکات پەیکەری کەسەکە دەگۆڕێت لە ئاسماندا؟ نەخێر، ئیشی کڵێسا وەکو باڵیۆزێک یان باڵیۆزخانە وایە. لەبیرتە چیم گوت دەربارەی سەردانی باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە برۆکسل کاتێک پاسپۆرتەکەم بەسەرچووبوو؟ باڵیۆزخانەکە هاونیشتمانییتی بۆ نەکردم: بە جۆرێک بە فەرمی پشتڕاستی کردەوە کە من خۆم نەمتوانی بیکەم. هەمان شتە لەگەڵ کڵێسای خۆجێیی.

## کڵێسای خۆجێیی چییە؟

با بگەڕێینەوە بۆ تاکە ڕستەی پێناسە دامەزراوەییەکەم بۆ کڵێسای خۆجێیی.

گوتم کڵێسای خۆجێیی، کۆمەڵێکە لە باوەڕداران بە مەسیح کە بە ڕێکوپێکی لەژێر ناوی عیسای مەسیحدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بە فەرمی پشتڕاستی بکەنەوە و سەرپەرشتیاری ئەندامێتی یەکتر بکەن لە مەسیحدا. وە لە شانشینەکەیدا لە ڕێگەی ئامۆژگاریکردن و فەرمانکردن بەگوێرەی ئینجیل. تێبینی ئەم پێنج بەشەی پێناسەکە بکە:

- . کۆمەڵێک کەسانی باوەڕدار بە مەسیح
- . کۆبونەوەی ڕێکوپێک

- . کۆبونەوە و ڕاهێنانی فراوان لەسەر بە فەرمیکردن و سەرپەرشتیکردن.

- . مەبەستی نوێنەرایەتیکردنی فەرمیی مەسیح و حوکمەکەی لەسەر زەوی -ئەوان بە ناوی ئەوەوە کۆدەبنەوە.

- . بەکارهێنانی ئامۆژگاریکردن و فەرمانکردن بۆ ئەومەبەستانە.

تەنها بە گوفتاری قەشەکان پیاوێک و ژنێک دەکرێنە هاوسەر، بۆیە چوار خاڵی کۆتایی ئاماژە بە گواستنەوەی شوێنی کۆبونەوەی کۆمەڵێک مەسیحی دەدات کە کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن لە پارکێکدا بۆ کڵێسایەکی خۆجێیی.

کۆبونەوە و پیکەوەبوون لەبەر چەند هۆکارێک گرنگە. یەکێکیان ئەوەیە کە کڵیسا ئەو شوینەیە کە ئێمە وەک باوەڕدار بە مەسیح بە ئاشکرایی بۆی دەچین تاوەکو دڵسۆزی خۆمان ڕابگەیەنین. ئەوە مۆڵگەی نیشتەجێبوون یان باڵوێزخانەکەیە، وە پیشاندانی وێنەیەکی ئاشکرایە بۆ نیشتمانی داهاتومان. ئەوە ئەو شوێنەیە کە تێیدا ئێمە بە تەنها کڕنۆش دەبەین بۆ پاشاکەمان، وە پێی دەڵێین پەرستن. ڕەنگە فیرعەونەکانی جیهان لە دژمان ڕابوەستن، بەڵام خودا گەلی خۆی ڕێنوێنی دەکات بۆ دەرەوەی نیشتمانەکان، بۆ ئەوەی بیپەرستن، ئەو یەکگرتنە مەزنەکە دادەمەزرێنێ.

کۆبونەوەکە هەروەها لەو شوێنەدایە کە خودا یاساکانی خۆی دادەڕێژێت لە ڕێگای وتاردانەوە. ڕێوڕەسمەکان و ڕاگرایەتیەکان. ئامۆگاری ئینجیل یاساکانی نیشتمانەکەمان ڕون دەکاتەوە. ناوی پاشاکەمان ڕادەگەیەنێت وە ئەو قوربانییە ڕوندەکاتەوە کە ئەو داویەتی بۆ ئەوەی ببێتە پاشامان. فێری ڕێگاکانیمان دەکات وە ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لەگەڵ سەرپێچی و لادانەکانمان، هەروەها دڵنیامان دەکاتەوە کە گەڕانەوەی ئەو نزیکە.

لەڕێگەی لەئاوهەڵکێشان و خوانی ئێوارەی پەروەردگار (نانلەتکردن) کڵێسا ئاڵا ڕادەشەکێنێت و جلوبەرگی فەرمی سەربازیی وڵاتەکەمان دەپۆشێت.

دەمانخاتە پێش چاو. کە لەئاو هەڵبکێشرێین واتای وایە ناوی خۆمان لەپاڵ ناوی خودای باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز پێناسە دەکەین، هەروەک چۆن یەکبوونی خۆمان لەگەڵ عیسای مەسیح ڕادەگەیەنین لە مردن و هەستانەوەیدا (مەتا ٢٨: ١٩، ڕۆما ٦: ٣-٥). وە وەرگرتنی نانی پەروەردگار ڕاگەیاندنی مردنییەتی، وە ئاشکراکردنی ئەندامییێتیمانە لە جەستەی ئەودا (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٦-٢٩؛ مەتا ٢٦: ٢٦-٢٩).

خـودا دەیەوێـت خەڵکـی خـۆی ناسراوبـن و نیشـانکراو بـن. ئـەو هێڵێکـی دەوێـت لـە نێـوان کڵێسـا و خەڵکـدا.

کڵێسـای خۆجێیـی چییـە؟ ئـەو پەیمانگایەیـە کـە عیسـا دایهێنـاوە و دەسـەڵاتی پێـداوە بـۆ ئـەوەی ئینجیلـی شانشـینەکە ڕابگەیـەنن، بـۆ ئـەوەی جەخـت لـە شـارەزایانی ئینجیـل بکاتـەوە و دڵنیایـی لەبارەیانـەوە بـدات بـۆ ئـەوەی سەرپەرشـتی بەقوتابیکـردن بـکات، وە بـۆ ئـەوەی ڕووی فێڵبازەکانیـش هەڵماڵێـت. وەکـو لـە بەشـی یەکەمـدا باسـمکرد، پەیوەندیکردنـی ئێمـە بـە کڵێسـاوە وەک پەیوەندیکردنمـان بەیانەکانـەوە نییـە. ئێمـە ملکەچـی کڵێسـا ناوخۆییـەکان دەبیـن، هـەروەک چـۆن ملکەچـی حکومەتەکانمانیـن.

وە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەندامێتی کڵێسا.

## ئەندامێتی کڵێسا چییە؟

ڕاگەیاندنـی هاونیشـتمانییتیە لـە شانشـینەکەی مەسـیحدا. ئـەو پاسـپۆرتە. ڕاگەیاندنێکـە لـە ژووری ڕۆژنامەوانـی شانشـینەکەی مەسـیحدا نـووسراوە. ئـەوە ئاشـکراکردنێکە کـە ئێـوە پسـولەی نیازپاکـی نوێنەرایەتیکردنـی عیسـاتان هەڵگرتـووە.

بـۆ بەرچاوخسـتنی پێناسـەیەکی دیکـەی بـەرز بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئەندامێتـی کڵێسـا پەیوەندییەکـی فەرمییـە ل ەنێوانی کڵێسـا و کەسـایەتییە مەسـیحییەکانە بەهـۆی دڵنیایـدان لەبـارەی کڵێسـا، وە چاودێـری و سەرپەرشـتیکردنی ڕاگرتـن و پابەندیـی مەسـیحییەکان، هەروەهـا سەرپەرشـتی ملکەچـی بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ بەقوتابیکـردن بژیـن و کڵێسـاش ئاگاداریـان بـکات.

دووبارە تێبینی ئەو چەند بەشە بکە کە پێشکەشکراو و خرانە ڕوو:

- . جەسـتەی کڵێسـا بـە فەرمـی دڵنیایـی دەدات لەبـارەی ئەرکـی تـاک لـە باوەڕ و لەئاوهەڵکێشـان وەک بـە بەڵگەنامەکردن.
- . بەڵێن دەدات کە سەرپەرشتی پابەندبوونی ئەو تاکە کەسانە بکات.
- . تاکـە کـەس بـە فەرمـی ملکـەچ دەکات و پابەندبوونـی خـۆی دەردەخـات بـۆ خزمـەت، وە بـۆ دەسـەڵاتی ئـەو جەسـتەیە و سـەرکردەکانی.

جەسـتەی کڵێسـا بـە تاکـە کەسـەکە دەڵێـت ئێمـە دان بـە ئەرکـی تـۆدا دەنێیـن لـە

باوەڕهێنان و لە لەئاوهەڵکێشان و پابەندبوونت بە مەسیحەوە بە باش ئەژمار دەکەین.

لەبەرئەوە ئێمە بە کۆمەڵ پشتڕاستت دەکەینەوە و بڕیارت لێدەدەین کە سەربە کڵێساکەیت وە وەک ئەندامێکمان سەرپەرشتیت دەکەین.

لە بنەڕەتدا، تاکە کەس بە کڵێسا دەڵێت (هێندەی ئەوەی کە من دان بە ئێوەدا دەنێم وەک دڵسۆز، وەک ڕاگەیەنەری کڵێسای ئینجیل، من ملکەچ دەبم و ئامادەبوون و پابەند بوونم ڕادەگەیەنم بە خۆشەویستی ئێوەوە، وە ملکەچ دەبم بۆ سەرپەرشتیاریکردنی ئێوە بۆ من.)

هەموو ئەمانە لە هەندێک ڕووەوە لەو (بەڵێ) یە دەچن کە لە کاتی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا دەگوترێت. بۆیە هەندێک کەس ئەندامێتی کڵێسا بە پەیمانی هاوسەرگیری ناودەبەن.

ئەندامێتی کڵێسا، بە دەربڕینێکی دیکە، بریتییە لە هەڵگرتنی هەموو بەرپرسیاریەتییە جیاوازەکانی کڵێسا لەلایەن تۆوە وە لەلایەن کڵێساوە بەرامبەر بەتۆ.

بە ڕوونی کاتێک دێینە سەر باسی سەرپەرشتیکردن، دەزانین کە سەرکردە و پیرەکانی کڵێسا ڕۆڵێکی زۆریان هەیە و نوێنەرایەتییەکی مەزن لە ئەستۆیانە کە دەبێت لێرە پێی هەڵبستن، بەڵام کەمێکی دیکە دەگەینە ئەو باسە.

ئینجا تێبینی ئەوە بکە ئەم پێناسەیە چۆن یارمەتیمان دەدات لە ڕونکردنەوەی جیاوازی نێوان پەیوەندی من بە کۆیلی هاوڕێمەوە کە سەربە کڵێساکەمە وە پەیوەندی من بە مایکی هاوڕێمەوە کە سەر بە کڵێسایەکی دیکەیە. من و کۆیل دڵنیاییکردن و سەرپەرشتیکردنمان لە هەمان نوێنەرایەتی (باڵوێزخانە)ەوە بۆ دابین دەکرێت، لە کاتێکدا مایک ئەو شتانەی لە کڵێسایەکی دیکەوە بۆ دابین دەکرێت. لەبەر ئەو هۆیەیە کە هەردوکمان پاسپۆرتەکانمان لە باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بڕۆکسل وەردەگرین، لە کاتێکدا هاوڕێکەی دیکەمان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە فەرەنسا وەریدەگرێت.

## ئەندامێتی کڵێسا

ئەوە ڕاستە کە مەسیحییەکان پێویستە بە ویستی خۆیان بڕیار بدەن بۆ پەیوەندیکردن بە کڵێسایەک، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەندامێتی کڵێسا

کارێکـی خۆبەخشـانەیە و کڵێسـا ڕێکخراوێکـی خۆبەخشـیە. لـە ڕاسـتیدا ئێمـە بەرپرسـیارین لـەوەی کـە کڵێسـایەک هەڵبژێریـن، هـەر وەک چـۆن بەرپرسـیارین لـە هەڵبژاردنی مەسـیح. لـە دوای ئـەوەی کەسـی مەسـیحیی مەسـیح هەڵدەبژێرێـت ئیـتر هیـچ چارەیەکـی دیکـە نییـە، هـەر دەبێـت کڵێسـایەک هەڵبژێرێـت و پەیوەنـدی پێـوە بـکات.

# بەشی چوارەم
# ئایا کڵێسا و ئەندامانی وەکو چین؟

ئایـا دەزانـی تێکەڵـەی واتـاکان چییـە؟ بەکارهێنانـی دوو واتـای جیـاوازە کـە پێکـەوە نایـەن، بـەڵام بەکاردەهێـنرێ بـۆ گەیاندنـی مەبەسـتێک.

ڕەنگە جیمی کریکتت بە بیربێت کە لە پێنۆکیۆ کە دەی گوت:

”تـۆ کـەرەت دا لـە نانەکـەت ئیسـتا تێیـدا بخـەوە!» یـان «بـە فڕیـن لێـرە بـڕۆ!“ هەتـا ئـەم ڕۆژە وشـەکانی بیـف دوبـارە ئەکەمـەوە کورەکـەی فلیمەکانـی گەرانـەوە بـۆ داهاتـوو: بـا وەک درەخـت بیـن و لێـرە دەرچیـن»

دوای ئـەوە یەکێـک لـە وەسـفەکانی دەیـڤ بێریـمان هەیـە دەربـارەی شـکانی بـازاڕ لـە سـاڵی ١٩٢٩ «پشـکەکانی نەتەوەکـە وا دەرکـەوت کـە پڵنگێکـە لـە کاخـەز دروسـتکراوە و پـڕە لـە هەڵـە و لـە ماڵێکـدا دەژی کـە ڕێویەکـە زۆر تێیـدا گریـاوە».٣

تەنهـا نوسـەرە قۆشـمەچییەکان نیـن کا واتـاکان تێکـەڵ دەکـەن. بەڵکـو شـاعیرەکانیش وا دەکـەن، بـەڵام تێکەڵەکانـی ئـەوان زیاتـر گونجـاوە. تۆمـاس ئیلیـت یەکێـک لـە شـیعرەکانی دەکاتـەوە بـە دێرێـک دەربـارەی «پـڕ لـە بەفـر لـە بیرکـە» وە ویلیـام بەتلـەر دەربـارەی بازرگانیکـردن بـە خەوەکانـەوە دەنوسـێت: بـە دڵنیایـەوە نـە بەفـر لـە بیردەکـرێ و نـە بازرگانـی بـە خـەون دەکرێـت. بـەڵام ئـەو تێکەڵکردنـە چـاوەڕوان نەکـراوە لـە واتـاکان لـە هـەردوو شـیعرەکەدا ڕێگەمـان پێـدەدا هەندێـک ڕاسـتی ببینیـن کـە لەوانـە نییـە بتوانیـن بـا واتـای ئاسـاییەوە بیانبینیـن.

لەوانەیـە درکـت پێکردبـێ کـە نوسـەرەکانی (بەڵگەنامـە نوێکـە) زۆربـەی کاتـەکان ماناکانیـان تێکـەڵ دەکـەن هـەر وەک لـە شـیعرەکانا بەدیـمان کـرد. بیـر لـە پۆڵـس بکـەوە کـە بـۆ ئەفسۆسـییەکانی نووسـی: ”نـزا دەکـەم بیـر و هۆشـتان ڕووناک بێتـەوە تاکـو بزانـن چییـە ئـەو هیوایـەی ئێـوەی بـۆ بانـگ کـراون، هەروەهـا تێبگـەن میراتەکـەی چەنـد شـکۆدار و دەوڵەمەنـدە بـۆ خوشـک و بـرا پیـرۆزەکان» (ئەفسـۆس ١:١٨).

دڵـەکان چاویـان نییـە، بـەڵام بـە تێکەڵکردنـی واتـاکان یارمەتیـمان دەدا بـە قوڵـی و تەواوەتـی لـە مەبەسـتەکە تێبگەیـن.

## وێنەی قاپی میوە

کاتێک بڵاوکەرەوەی بەڵگەنامە نوێیەکە دەستدەکەن بە قسەکردن دەربارەی کڵێسا و خەڵکەکەی، زیاتر ئەم تێکەڵەی واتایە بەکاردەهێنین و هێزی زۆر لێ وەردەگرن، وەک ئەوە وایە دەسبنێ بە دوگمەی تۆربۆ لە پێشبرکێ ئەسپدا. پۆل باسی ئەوە دەکات کە بە زۆر کرابێتە لاشەوە، وەک ئەوەی بچوککرابێتەوە بۆ قەفەزەی سنگ. لە دوای ئەوە قسە لەسەر باوەڕداران بە مەسیح دەکات و بە بەردی زیندوو ناویان دەبات، کە ئەمەش تێکەڵکردنی واتاکەیە. لە دوای ئەوە دەڵێت: "ئێوەش وەک بەردی زیندوو لە خانوویەکی ڕۆحی بنیادنراون، بۆ کاهینیێتی پیرۆز، بۆ کردنی قوربانییە ڕۆحییە قبوڵکراوەکان بۆ خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە،" (یەکەم پەترۆس ٢: ٥) گەر من لە قوتابخانەی دوای ناوەندیم لە وانەی ئینگلیزیدا دێڕێکم بەم شێوەیە بنوسیبا، بە دڵنیایەوە مامۆستاکەم قەڵەمە سورەکەی هەڵدەگرت و دەچوو بۆ شار، دڵنیا نیم لەوێ چی دەکرد، بەڵام قەڵەمە سورەکەی پێ دەبوو.

کاتێکک ئینجیلی پیرۆز دەکەیتەوە و دەیخوێنیتەوە کە پەروەردگار چی دەڵێت، خۆت لە تێکەڵەیەکی گەورەی واتاکان دەبینیتەوە. دەبینین کە نوسراوە کڵێسا وەک جەستەیە، ڕانە مەڕێک، گەڵاکانی لقێک، بوکێک، قەڵایەک، بینای خودا، کەسانێک، ئیسرایلییەکەی خودا، نەتەوەیەکی پیرۆز، مزگێنیدانێکی شاهانە. وە زۆر زیاتریش. وێنەکان بەردەوام دێن، لەسەر یەک کەڵەکە کراون وەک ئەلبومێکی وێنە وایە یان وەک وایە سەیری پشکنینی سەربازی کەیت. یان هەوڵ یان بە گەیشتن بە قاپی میوەکە. وابزانم وەک ئەوە وایە سەیری ئەلبومێکی وێنە بکەین کە پر بێ لە قاپی میوە

لە بەشی پێشودا باسی کڵێسا سەرەکییە خۆجێییەکانمان کرد: ڕێزکردنی ئەو باوەڕدارانەی کە مەسیح هەڵیبژاردون بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی تایبەت، کە ئەویش ڕاهێنانە لەسەر کلیلەکانی شانشینەکەی، وە پێکهێنانی باوەڕێکی بەهێز لە ڕێی مزگێنیدانەوە، ئەمەیە کڵێسای خۆجێیی. هەڵگرێکی کلیلی جەستەیە کە لەلایەن مەسیحەوە بڵاو کراوەتەوە، لەبەر باشی هەموو کەسێک کە بە خوێنی خودی خۆی کریویەتییەوە. بەڵام کۆتایی هێنانی پێداهەڵدانەکانمان لێرەدا وەک ئەوە وایە بڵێین هاوسەرگیری وەک تەنها گەشتێکی ڕۆحییە و باسی هیچ شتێک لە خۆشییەکانی ئەم گەشتە نەکەین. هەروەک دروستکردنی بینایەک لەگەڵ کەسێکدا کە بیناسی. بۆیە

پێویست دەکات بابەتەکە بە تەواوەتی بخەینە ڕوو، ئێمە گوتمان. تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە تەنها لەخۆگرتن نییە، بەڵکو زیادکردنە، بەهێزبوونە. دروستکردن پێگەیەکە بۆ کارەکانمان.

کلیلەکانی شانشینەکە، کە لەلایەن شوێنکەوتووە مەزنەکەی مەسیحەوە باسی لێوە کراوە لە (مەتا بەشی ٢٨)، ڕێگە بدە با شوێنکەوتەکانی مەسیح بە توندی دەست بگرن بە پەیامە نوێیە ناوازەکە و بیان خەنە سەر زەوی بۆ مەشقکردن. ئێرە ئەو شوێنەیە کە واتاداری کتێبی پیرۆز دەردەکەوێت: لاشە، بوک، کۆشک، خێزان و... هتد. ئێمە لە دەرەوەی جەستەی خۆمان دەژین، شەرەفی خۆمان، دەرەوەی کۆشکەکانمان، دەرەوەی خێزانەکەمان، لە ڕێی بەهێزی کڵێسا و کارەکانی کەسانی کڵێسا بەهۆی زۆر گرنگی پێدان و شوێنکەوتن. زمانی کۆمەڵگەی شانشینەکە و کلیلەکانی لەوانەیە بڵێت وەک قاپە میوەیەک کاردەکات کە هەموو میوەکان و وێنەکانی تێدایە. بەڵام بە دڵنیاییەوە شانشینی خودا تێکەڵەی وشەکان نییە، بە لایەنی کەمەوە وەک تێکەڵەی وشەکانی کڵێسا نییە. شانشینی خودا بەڕاستی شانشینە وە دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر خەڵکەکەیدا. بەڵام کڵێسا جەستەی مرۆڤ نییە، بوکێک نییە لە جلی بوکێنیدا، کۆشکێک نییە لە بلۆک دروستک کرابێت، خێزانێک نییە کە هەمووی لە یەک دایک و باوک بن. بۆیە ئەمانە تێکەڵەی وشەن. هەر بۆیە ئێمە بە بیرۆکەی شانشینی مەسیح دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات تێبگەین لەوەی کە کڵێسا و خەڵکەکەی چین. دوای ئەوە دەبێ بچینە سەر جۆرێکی دیکە لە کڵێسا. بەڵام کڵێسا و خەڵکەکەی وەک چی وان. خەڵکەکەی وەک جەستەیەک وان، وەک ئامادەکردنی بوکێک، وەک کۆشکێک، وەک خێزانێک، هتد...

بۆیە تەنها بەس نییە بڵێین کڵێسا وەک کۆنسلخانەیەکی مرۆڤ وایە. کاتێک چومە کۆنسلخانەی ئەمریکا لە برۆکسل، کەس بە برا بانگی نەکردم، ئایا وەک لە کڵێسا بە برا بانگمان دەکەن؟ چونکە کە سەر بە کڵێسایەک بووی ئەوا سەر بە خێزانێکی لە هەموو جۆرێک.

کڵێسا وەک هیچ شوێنیکی دیکە نییە لەسەر ئەم زەوییە، ڕێک وەک خێزانێکە، وەک جەستەیەکە، وەک شەپۆلێکە. تۆ بیرۆکەیەکت هەیە، بەڵام ئەوە وێنەیەکی زۆر قورسە بکێشرێ، تەنانەت بۆ بەتواناترین وێنە کێشەکانیش ناتوانن.

## گرنگی تێکەڵەی واتاکانی کتێبی پیرۆز بۆ کڵێسا

با هەندێك خاڵی دیکە ڕون بکەینەوە دەربارەی ئەم تێکەڵەی واتایانە، وە گرنگییان چییە بۆ تێگەیشتن لە ئەندامێتی کڵێسا.

١.هەر دانەیەک و کارێکی هەیە بۆ پێداهەڵدان بە یەکگرتویی کڵێسا. هەر تێکەڵەی وشەیەک شتێکمان فێر دەکات دەربارەی کڵێسا و خەڵکەکانی. وەک باسکردنی کڵێسا وەک خێزانێک و باسکردنی تایبەتمەندییەکانی و کەسایەتییە جیاوازەکانی. بە جەستەیەک ناوی بێنی. وە خەڵکەکەی سەربەخۆن، بەڵام هەریەکەو کارێکی جیاوازی هەیە. یان وەک قەڵایەکی ڕۆحی ناوی بێنیت، وەک ئەوە وایە بڵێیت خودا خۆی وەک خەڵکەکە دادەنێت. زمانی دار و لقەکانی دەربڕینی سەر بەخۆی کڵێسایە بە هۆی بەخشینی ژیانی مەسیحەوە لەلایەن خۆیەوە. ئایا تێدەگەیت؟

بیری لێکبەوە وەک یەکگرتن. یەکگرتویی دوو کەس کە هاوسەرگیرییان کردبێت، مەبەستێکی جیاواز پێشکەش دەکات وەک لە یەکگرتنی دوو بلۆک لە خانوێکدا. لەبەر ئەوەی دوو جۆری جیاوازی یەکگرتون. بەڵام ئەو یەکگرتنە لە کڵێسادا هەمانە لە کام جۆرە. ئایا وەک دوو کەسە هاوسەرەکە وایە؟ یان یەکگرتنی بلۆکەکان؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە پێویستە بیرۆکە و وشە لە هەموو ئەمانە وەربگرین بۆ دەربڕینی ئەو پەیوەندییەی کە لە کڵێسایەکی خۆجێیدا هەیە. ئایا ئەوە سەرسوڕهێنەر نییە؟

بۆیە کە خەڵک لێم دەپرسن "ئایا بەشداریکردنی کڵێسا لە کتێبی پیرۆزدا هەیە؟» بە دوودڵیەکەوە وەڵامیان دەدەمەوە: "نەخێر، لە کتێبی پیرۆزدا نییە، بە لایەنی کەمەوە بەو جۆرەی دەیڵێت." کتێبی پیرۆز ڕێگەیەکی زۆر دەوڵەمەندتر و ئاڵۆزتری هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن یەگرتوو بێن لە کڵێسادا. وەک ئەوەو وایە بەدوای سێوێکدا گەرابین، بەڵام دەبووایە بەدوای قاپێکی پڕ لە میوە بگەڕێین. هیچ شتێک نییە لەسەر ئەم زەوییە وەک کڵێسا ناوخۆییەکان بێت.

٢.هەموو ئەم وێنانەمان دەوێت بۆ باسکردنی کڵێسا و ئەندامەکانی. ئەگەر هەموو ئەم تێکەڵەی وشانە یان وێنانە مەبەستیان کارێکی تایبەتیان هەبێت، پێوستمان بە هەموویانە. ناتوانیت میوەیەک هەڵبگریت و ئەوەی دیکە بەجێبهێڵیت، تەنها سێوەکە دەبەم و پرتەقاڵەکە بەجێدێڵم، دەستخۆش. نەخێر، دەبێت هەموو

قاپەکە ببەیت. بە واتایەکی دیکە پێویستە دوو جار بیر بکەیتەوە پێش ئەوەی بڕیار بدەیت کە کام تێکەڵەی وشەیە گرنگترینە. لە مێژوی کڵێسادا هەندێک کەس ویستوویانە بڵێن کە ئایا زیاتر جەستەی مەسیحە یان زیاتر خەڵکی خودایە. ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێت من زیاتر مێردێکم وەک لە باوکێک یان بە پێچەوانەوە. دانی پێدا دەنێم منداڵەکانم یان هاوسەرەکەم لەوانەیە دانەیکیان لەلا خۆشەویستر بێت وەک لەوەی دیکە، بەڵام من هەردوکیانم. ڕاستیەکەی دەبێت واتای تەواوەتی باوک و مێرد و هەندێکی دیکەش بزانیت بۆی دیاری بکەیت کە تۆ کێیت.

کڵێسا نا تەندروستەکان، تەنانەت دوبارە هەڵبژاردنەوەش هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسانێک ببن بە سەرکردە کە تەنها ئەو تێکەڵەی واتایانە هەڵدەبژێرن کە خۆیان حەزیان لێیەتی و ئەوانی دیکە بەجێدێڵن.

٣.هەر یەک لەم تێکەڵەی وشانە لە کڵێساکاندا مەشقی لەسەر دەکرێت. هەموو تێکەڵەی وشەکانی کتێبی پیرۆز لە کڵێسا ناوخۆیەکاندا بە لاشە دەکرێن. خێزانەکە، لاشەکە، خەڵکەکە. هەموو ئەم باسانەی کڵێساکەی مەسیح تەنها لە هەوادا نامێنێتەوە، بەڵکو لە هەندێک شوێندا دەبن بە کۆنکرێت. وە لە ناوەخۆدا مەشقیان لەسەر دەکرێت.

بەڵام ئایا هەموو مەسیحییەکانی جیهان سەر بە خێزانی خودان؟ بە دڵنیاییەوە سەر بە خێزانەکەن، بەڵام خودا هەلێکت دەداتێ کە وەک خێزانێک ڕەفتار بکەیت لەگەڵ کڵێساکەت؛ دەبێت وەک خوشک و برای خۆت ڕەفتاریان لەگەڵ بکەیت. ئایا جەستەی مەسیح درێژ نابێتەوە بۆ هەموو مەسیحییەکانی جیهان؟ بە دڵنیاییەوە درێژ دەبێتەوە، بەڵام وەک جەستەی مەسیح دەبن لە کڵێسا خۆجێییەکەتان. یەکێکتان دەبن بە دەمەکەی، یەکێک دەبێت بە شان. ئەوە واتای ئەوەیە پێویستت بە هەموویەتی بۆ وەسفکردنی هەر کڵێسایەک کە بینیبت. ڕێک لەوێدا لە یەکەم لەئاوهەڵکێشاندا یان لە دووەم لەئاوهەڵکێشان یان نیشانە شوێنکەوتووەکەی مارتین لوسەر یان کەسانی پیرۆز یان ئەو گەشتەی تۆ هەتە لەگەڵ خودا. تۆ خاوەنی کۆشکی ڕۆحیت. وە جەستەی مەسیحت هەیە نەک تەنها قۆڵ و ئەژنۆی مەسیح. وەسفەکەی پۆڵس دەربارەی جەستەی مەسیح لە یەکەم کۆرنسۆس ١٢ ڕونمایەکی زۆر باشمان دەداتێ بۆ ئەم بابەتە. ئایا پۆڵس مەبەستی لە جەستەی مەسیحە لە نامەی کۆرنسۆس یان لاشە

جیهانییەکەی کاتێک لەم نوسینەدا باس لە لاشە و خەڵکەکەی دەکات: «ئێوە لەشی مەسیحن، هەریەکەتان ئەندامی ئەون» (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢٧). لەوانەیە مەبەستی لە خۆجێییەکە بێت. بەڵام لە پێش ئەمەوە نوسیبوی «چونکە هەموومان بە یەک ڕۆح بۆ یەک جەستە لە ئاو هەڵکێشراین، جولەکە یان ناجولەکە، کۆیلە یان ئازاد، هەموومان یەک ڕۆحمان پێدرا تاکو بیخۆینەوە.» (١٢: ١٣) پۆڵس لە کۆرنسۆس نەبووە. بۆیە باس لە کڵێسا جیهانییەکە دەکات، وایە؟ کێشەکە هێندە قورس نییە کاتێ بیرمان دەکەوێتەوە کڵێسا جیهانییەکە لەناو کڵێسا خۆجێییەکەدا بوونی هەیە. کڵێسا خۆجێییەکە وەک ڕابردووی کڵێسا جیهانییەکە وایە. ئەوە واتای ئەوەیە پۆڵس بەرەو یەک ئامانج دەڕوات. لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: «بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو ئەندامەی لەش کە لاوازتر دیارە ئەوا پێویستە،» (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢٢). دڵنیام کە بەرەو لاشە خۆجێییەکە دەڕوات. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: «چونکە هەموومان بە یەک ڕۆح بۆ یەک جەستە لە ئاو هەڵکێشراین، جولەکە یان ناجولەکە، کۆیلە یان ئازاد، هەموومان یەک ڕۆحمان پێدرا تاکو بیخۆینەوە.» (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٣). دڵنیام لێرەدا مەبەستی لاشە جیهانییەکەیە. بە کورتی یەکەم کۆرنسۆس ١٢ ڕونمایەکی ناوازەیە کە چۆن کڵێسای خۆجێیی دەستدەکات بە بەجەستەکردنی کڵێساکەی مەسیح.

بۆ پێشکەشکردنی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی دیکە کە تۆ بەشێکیت لە جەستەی خۆت و جەستەی مەسیح لە کۆتا کاتەکانیا. لەوانەیە زۆر بە پەرۆش بیت بۆ ئەوەی بیرۆکی کڵێسا لە مێشکتا بونی هەبێت. بەڵام مەسیحیش ئەوەی ئەوێ کە کڵێساکەی بونی تۆی تیادا بێت. وەک ئەوەی ناتوانی بە تەواوەتی پەیوەست بونەکەت بە کڵێساو مەسیحەکان پڕ کەیتەوە بە نەبونی کڵێسای ناوخۆی، بە لایەنی کەمەوە بەو شێوەیەی کە قەشەکە پێت دەڵێت پریان کەرەوە. وە مەسیحییەکانی دیکە و بەڕێوبەرەکانی تریش ناتوانن پەیوەست بونەکەیان بە تۆ پڕ کەنەوە گەر کڵێسای ناوخۆی نەبێت. تۆ پێوەست بە لاشیەکی مەسیحە تا ببی بە جەستەی مەسیح. وە پێویستت بە خێزانی خودایە تا ببی بە خێزانی خودا.

تۆ چۆن فەرمانەکانی مەسیح جێبەجێ دەکەیت: "من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ" (یۆحەنا ١٣: ٣٤)؟ یان چۆن فەرمانەکانی پۆڵس جێبەجێ دەکەیت: "باری

یەکتری هەڵگرن و بەم شێوەیە شەریعەتی مەسیح بهێننە دی“ (گەلاتیا ٦: ٢)؟ یان فەرمانەکانی پەترۆس جێبەجی دەکەیت ”هەریەکە بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، خزمەتی یەکتری پێ بکەن، وەک سەرکارێکی باش لەسەر نیعمەتە جۆراوجۆرەکانی خودا“ (یەکەم پەترۆس٤: ١٠)؟ هەموو ئەم فەرمانانە جێبەجێ دەکەین لە ڕێی ئەندامبوونت لە کڵێسای خۆجێیی.

ئەمەش جۆرێکی دیکەیە کە بۆت دەربکەوێ چی لە مەترسیدایە: چۆن وەڵامی کەسێک بدەینەوە کە خۆی بە شارەزا دادەنێت لە مەسیحییەتدا بەڵام هەرگیز بە دوای ئەوەوە نییە کە شارەزاتر بێت؟ دەڵێین تۆ خۆت هەڵخەڵەتاندوە و هەوڵ دەدەین چاکی بکەین. وە ئەو کەسانەی کە شارەزاییان پێ بەخشراوە، هەمیشە بە دوای شارەزایی زیاترەوەن، وەک لە ئایەتەکانی (ڕۆما ٦: ٢ وە یەکەم پەترۆس ٣: ٧) دیارە. لەسەر هەمان بابەت چۆن وەڵامی کەسێک بدەینەوە کە دەڵێت من بەشێکم لە جەستەی مەسیحی جیهانی، بەڵام لەسەر زەوی هەوڵ نەدا ببێتە بەشێک لێی؟ دەڵێین کەسەکە خۆی هەڵخەڵەتاندووە و پێویستە خۆی چاک بکات.

جەستەی مەسیح، باوکی مرۆڤ، وە کۆشکی ڕۆحەکان، هەموویان بە پڕی لە سەرکەوتندا کۆ دەبنەوە. بەڵام بە سەرسوڕهێنەرییەوە تۆش دەتوانیت ئەم سەرکەوتنە مەزنە بەدەست بهێنیت، لە ڕێی کڵێسای خۆجێییەوە.

هیچ شوێنێک نییە لەسەر زەوی وەک کڵێسا بێت، هەموو کات وا بووە!

٤.تێکەڵەی وشەکان کە لە ڕاستیدا تێکەڵەی وشە نین، بەڵکو وەک سێبەرن. دەتوانیت ئەمە ببینیت لە: {لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە. }. ’ ئەمە نهێنییەکی گەورەیە، بەڵام من باسی مەسیح و کڵێسا دەکەم. (ئەفسۆس ٥: ٣١-٣٢). پۆڵس باسی هاوسەرگیری دەکات، بەڵام لە دوای ئەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بابەتەکە دەگۆڕێت. دەڵێت لە هاوسەرگیری مەبەستی لە مەسیح و کڵێسا بووە. هاوسەرگیری هێمایەکە یان سێبەرێکی مەسیح و کڵێسایە. وە بە پێچەوانەشەوە دەبێت ئەگەر بڵێین هاوەسەرگیری ڕاستییە و هێما و سێبەرەکەی مەسیح و کڵێساکەیە.

وەک ئەوە وایە خودا پێش دروستکردنی جیهان بە خۆی گوتبێت چۆن بتوانم

هەمـوو دروسـتکراوەکانم وەک هێمایـەک بێـت یـان سـێبەرێکی خۆشەویسـتی کوڕەکـەم بـۆ کڵێسـا؟ چـۆن دەتوانـم ئەمـە لـە ئاسـتێکی جیهانیـی بەدەسـتبهێنم، بـۆ ئـەوەی هەمـوو کـەس ببینـن و بۆیـان دەربکەوێـت کـە لـە سـێبەری شـتێکی زۆر زۆر مەزنـتردا ڕاوەسـتاون؟

وەڵام: هاوسـەرگیری دروسـتکرد، وە کـردی بـە سـێبەری خۆشەویسـتی مەسـیح بـۆ کڵێسـا.

بـە بـاوەڕی مـن هەمـوو تێکەڵـەی وشـەکانی ئینجیلـی پیـرۆز وەک سـێبەرێک وان بـۆ شـتێکی مەزنـتر. بیـر لـە مەبەسـتەکەی پۆڵـس بکـەوە کە بـاس لـە باوکانی بەهەشـت دەکات "ئـەوەی هەمـوو خێزانێـک لـە ئاسـمان و سـەر زەوی بوونیـان لـە ئـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە" (ئەفسـۆس ٣:١٥). خـودا باوکانـی زەوی لەسـەر زەوی دانـاوە بـۆ ئـەوەی ببێـن بـە سـێبەرێک بـۆ پەیوەندییەکانـی ئێمـە لەگـەڵ باوکانـی ئاسـمان. بـە بـاوەڕی تـۆ خـودا بۆچـی خوشـک و بـرای دروسـتکردوە؟ دووبـارە، هەمـوو کەسـێک لـە ڕێـی کڵێسـای خۆجێییـەوە هەسـتێک بـە ڕاسـتی ڕاسـتەقینەی دەکات لـە سـەرکەوتنە ناوازەکـەدا.

ئـەی دەربـارەی گەڵاکانـی سـەر لقـی دارەکـە؟ وێنەیەکـی سـەربەخۆییمان پـێ دەبەخشـێت لـە جیهانـی مەسـیحدا. بـاوەڕم وایـە لـە سـەربەرزیماندا و لە سـەربەخۆییماندا جیهانەکـەی سـەوزتر دەکەیـن. هەتاوەکـو تێکەڵـە وشـە کۆنەکانـی کڵێسـا وەک کۆشـک، گـەر بـەرەو دواوە بڕۆیـن بـەرەو ژیانـی ئیسرائیـل، بـەرەو پێشـوتریش بـۆ ئـەو تەمەنـەی کـە دێـت.

## هیچ شتێک وەک ئەوە نییە

ئایـە خەریکـە تێدەگەیـت کـە بۆچـی بـە بەردەوامـی دەڵێـم هیـچ شـتێک نییـە لـە جیهانـدا وەک کڵێسـا و ئەندامەکانـی؟ ئـەو پەیوەندییـەی کـە لـە کڵێسـادا هەمانـە دەیسـەلمێنێت کـە پەیوەندییەکـە تەنهـا بـە ڕوکـەش نییـە، سـەلامەتتر لـە باوەشـی بـاوک، خۆشەویسـتی زیاتـر لـە خۆشەویسـتی بـرا بـۆ بـرا، پتەوتـر لـە خانـوی بەردیـن، پیرۆزتـر لـە هـەر قەشـەیەک، وە دەتوانیـن زۆر زیاتـر بـەردەوام بیـن.

ئەمـە ئەوەیـە مەسـیح بـۆی ئامـادە کردویـن، وە ئەمـە ئەوەیـە کـە دەسـت دەکەیـن بـە مەشـقکردن لەسـەری لـە یەکـەم لەئاوهەڵکێشـاندا یـان لـە گەشـتەکەدا. مەشـقی لەسـەر دەکەیـن لەگـەڵ هەمـوو کەسـە گوناهبـارەکان و کەسـە سـەمەرەکان کـە پـێ بـە پێمانـدا دەنێن.

ئایا کڵێسای خۆجێیی و ئەندامەکانی چۆنن؟ وەک جەستەیەکن، وەک بوکێکن کە ئامادە بکرێت، وەک کۆشکێک، وەک خێزانێک... بەڵام لە هەموو کاتێکیشدا زیاترە!

## بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی؟

لە دوای ئەوەی هەموو ئەمانەم گوت، هەموو ئەندامەکانی کڵێسای جیهان دەزانن ژیانی کڵێسا هەموو کات وەک ئەمانە نین -زۆر سەلامەت، زۆر نزیک لە یەکتر، زۆر پیرۆز. ڕاستییەکەی، هەستەکانی من ڕێک پێچەوانەی ئەمانەیە.

ئافرەتێک لەم کاتەنەی پێشودا کڵێساکەی منی بەجێ هێشت، بە شەرمەزاری و دڵشکاوی و ئازاردراوی لەلایەن کڵێساکەمانەوە. ئەو ئیمەیڵێکی بۆ ناردبووم کە نوسیبوی، ”بێ ئەوەی باوەڕدار بێت یان نا، کەسانی خێزانەکەم لە کاتی پێوستیدا بە جۆرێک یارمەتیم دەدەن کە هیچ خێزانێکی هیچ کڵێسایەک بەو شێوەیە یارمەتیم نادەن. بۆیە، بە ڕآشکانەوە، بە هیچ جۆرێک باوەڕم بەو خێزان و خەڵکە نەماوە، وەک پێشوو. ئەو خێزانەی کە لێی لەدایک بووم وە ئەو هاوڕێیانەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەمبووە ئەو کەسانە دەبن کە متمانەیان پێ دەکەم و پشتیان پێ دەبەستم». ئەمانە وشەی کەسێکن کە هیواکانی ڕوخێندراوە. ئەو بەهێز بوو کڵێساکەش شتێکی دیکە بوو. وە ئەو شتێکی زۆر جیاوازی تێپەڕاند. نزیکتر لە خێزان؟ سەلامەتتر لە ئامێزی باوک؟ نزیکتر لە خوشک و برا؟ بەڕاستی؟! لە گەشتەکەی ئەودا وا نەبووە. لەوانەشە لەوەی تۆشدا وانەبێت.

پێویست دەکات لەم کاتەنەدا هەڵسوکەوتمان چۆن بێت؟ ئەمە وەڵامەکەی من بوو بۆ ئەو:

سەرەتا، من داوای لێبوردن دەکەم. داوای لێبوردن دەکەم بۆ گوناهەکانمان، بۆ ئازاردانەکانمان. باوەڕم وایە گوناهەکان ڕاستین، وە ئازارەکایش ڕاستینە.

لە دوای ئەوە، تکایە بمانبورە. پێویستمان پێیە بمانبوریت، بۆ ئەوەی دووبارە پەیوەندیمان لەگەڵ مەسیح پتەوبێتەوە. هەتا ئەگەر سەر بە هەمان خێزانیش نەبین، بمانبورە.

لە کۆتایدا، دەتوانی لەگەڵمدا تەماشای ئینجیلی پیرۆز بکەیت؟ بیر لە پەترۆس بکەوە، ئەم بەردەی کە کڵێساکەی لەسەر بنیاد نرا، کاتێک کە بەڵێنی بە مەسیح دا

ڕەتی نەکاتەوە، بەڵام ڕەتی کردەوە.

لە دواییدا، پەترۆس لەگەڵ پۆلێکی تەواوەتی کەسانی کڵێسا نانی نەدەخوارد، بەڕێزەکان. بەڵام مەسیح مرد، بە هۆی کەسێکی ناپاک و بێ ڕێز و خوێڕی و ڕەگەز پەرەستی وەک ئەم پەترۆسە. لە دواییدا پەترۆس ئەو کەسە بوو کە بە کڵێسای گوت: «بەردی زیندوو» و «خانوی ڕۆحی» بەڕاستی پەترۆس؟ ئەوەندە بەهێز و بە ڕێزەوە و ڕۆحییەوە ڕەفتارت کرد لەگەڵ برا و خوشکەکانت لە مەسیح دا؟

ئەمەیە پەیامە دڵخۆشکەرەکە: هێز و خۆشەویستی کەسانی وەک پەترۆس نییە کە دەبێت پشتی پێ ببەستین و متمانەی پێ بکەین. بەڵکو هێز و خۆشەویستی مەسیحە. لەسەر کارەکەی، ئێمە بووین بە جەستەی، خێزانی، کۆشکەکەی، خەڵکەکەی، شەپۆلەکەی، دڵخۆشییەکەی، تاجەکەی سەری. ئەو وای لە ئێمە کرد کە بگەین بەم ئاستە، نەک ئێمە. ئێستا، ئەو دەیەوێت باشترمان بکات.

بۆیە لەگەڵمان بمێنەوە و دوبارە خۆشمانت بووێ. دەگەین بە ئامانج، بە هۆی ئێمەوە نا، بەڵکو بە هۆی ئەوەوە.

براکەت لە ئەوا،

جۆناسان

# دوازده هۆکار بۆ گرنگی ئەندامێتی کڵێسا

١.لـە ئینجیلەوەیـە، عیسا بناغـەی کڵێسـای خۆجێیـی دامەزرانـد وە هەموو قەشـەکانیش خزمەتەکانـی خۆیـان لـە ڕێگـەی ئـەوەوە دامەزرانـد. ژیانـی مەسـیحییەکان لـە پەیمانـی نوێـدا، ژیانـی کڵێسـایە. ئەمـڕۆش پێویسـتە مەسـیحییەکان لەمـە تێبگـەن و پێشـیان خـۆش بێـت.

٢.کڵێسـا بریتییـە لـە ئەندامەکانـی. بـۆ بـوون بـە کڵێسـا لـە پەیمانـی نوێـدا دەبێـت ببیـت بـە یەکێـک لـە ئەندامەکانـی (سـیپارەی کـرداری نێـردراوان بخوێنـەوە). وە تـۆ بێگومـان دەتەوێـت ببیتـە بەشـێک لـە کڵێسـا، لەبـەر ئـەوەی کڵێسـا ئـەو شـتەیە کـە عیسـا دێـت بـۆ ڕزگارکردنـی و ئاشـتکردنەوەی.

٣.ئـەوە لـە مەرجـە پێشـوەختەکانی نانلەتکردنـی پـەروەردگارە. نانلەتکردنـی ئـەو ژەمەیـە کـە لـە پێناویـدا کۆبونـەوەی کڵێسـا دەکرێـت، بـۆ ئەندامەکانـە (بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ١١: ٢٠-٢٣) وە تـۆ دەتەوێـت نانلەتکردنـی پـەروەردگار وەربگریـت و بەشـێک بیـت لـە نانلەتکردنەکـە. ئـەو ڕێوڕەسـمە ئـاڵای گروپەکەیـە کـە کڵێسـا نیشـانی هەمـوو نەتەوەکانـی دەدات، بەهـۆی ئـەو ئاڵایـەوە (نانلەتکـردن) نەتـەوەکان کڵێسـاکە دەبینـن.

٤.ئـەوە ئـەو شـێوازەیە کەتـۆ بەکاریدەهێنیـت بـۆ بـە فەرمـی نوێنەرایەتیکردنـی عیسـا. ئەندامێتـی کڵێسـا بەفەرمیکردنـی کڵێسـایە کـەوا تـۆ هاونیشـتمانییەکی شانشـینەکەی مەسـیحیت، بۆیـە هەڵگـری پاسـپۆرتەکە نوێنەرایەتـی عیسـا دەکات لـە پێـش چـاوی نەتەوەکانـدا. وە تـۆ بێگومـان دەتەوێـت نوێنەرایەتیکردنەکـەت بـە دەسـەڵاتەوە بێـت. وە لـە نزیکـەوە پەیوەندیـدار بیـت بـەوەوە...

٥.ئـەوە ئـەو شـێوەیەیە کـە تـۆ دڵسـۆزی خۆتـی پـێ دەردەخەیـت. ئەندامێتیـت لـە گروپەکـەدا کـە بەرچـاو دەبێـت کاتێـک ئاڵاکـەت لـە نانلەتکردنـدا دەشـەکێنیتەوە، ئاشـکراکردنێکی گشـتییە کاتێـک لـە بەرزتریـن ئاسـتی دڵسـۆزیدایت و سـەربە عیسـایت. ڕەنگـە تووشـی تاقیکردنـەوە و چەوسـاندنەوە ببیـت، بـەڵام تاکـە قسـەی تـۆ ئەمـە دەبێـت (مـن مەسـیحیم).

٦.ئـەوە ئـەو ڕێگایەیـە کـە تـۆ وێنەیەکـی ئینجیلـی ئەزمـون دەکەیـت و بەرجەسـتەی دەکەیـت. ئـەوەش بەشـێکە لـە پەیکـەری لێپرسـینەوە لـە کڵێسـادا، کـە مەسـیحییەکان

تێیدا دەژین و ئەزمونی دەکەن لە یەکگرتوویی لە جەستەی ئەودا، پڕبوونی ڕۆحی لە پەرستگاکەی، وە سەلامەتی و هۆگربوونی هاوبەش ناسنامەی خێزانەکەیەتی.

٧.ئەوە ئەو شێوازەیە کە تۆ خزمەت بە مەسیحییەکان دەکەیت. ئەندامێتی کڵێسا یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بزانیت کامە مەسیحییە لەسەر ئەم هەسارەی زەوییە کە تۆ بە تایبەتی بەرپرسیار کراوی لەوەی خۆشتبوێت، خزمەتی بکەیت، ئاگاداری بکەیتەوە، وە هانی بدەیت. وات لێ دەکات بتوانیت ئەرکە ئینجیلییەکات بهێنیتە دی لە بەرامبەر جەستەی مەسیحدا (بۆ نمونە بڕوانە ئەفەسۆس ٤: ١١-١٦، ٢٥-٣٢).

٨.ئەو شێوازەیە کە تۆ پێی شوێنی ڕابەرە مەسیحییەکان دەکەویت. ئەندامێتی کڵێسا یارمەتیت دەدات بزانیت کە تۆ بانگکراویت بۆ گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی کام ڕابەرە مەسیحییە لەسەر هەسارەی زەوی. وە دوبارە ڕێگات دەدات کە بەرپرسیاریەتی خۆت لەهەمبەریان بهێنیتەدی (بڕوانە عیبرانییەکان ١٣: ٧، ١٧).

٩.یارمەتی ڕابەرە مەسیحییەکان دەدات کە ڕابەرایەتی بکەن. ئەندامێتی کڵێسا یارمەتی ڕابەرە مەسیحییەکان دەدات بۆ ئەوەی بزانن لێپرسینەوە لە کامە باوەڕدار بە مەسیح بکەن لەسەر زەوی (کردار ٢٠: ٢٨؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٢).

١٠. وا دەکات پابەندی لەناو کڵێسادا کارێکی لەتوانادا بێت. پێگەیەکت بۆ دابین دەکات کە لەناو ئینجیلدا باسکراوە، لەوێوە تۆ دەتوانیت بەشداری بکەیت لە کاری ناو کڵێسادا. وە بە دانایی و بە خۆشەویستییەوە پابەند بیت بە بەرپرسیارییەکانتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ٥).

١١. پەیکەرێک دابین دەکات بۆ ژیانی مەسیحییانەی تۆ لە کڵێسادا. داواکارییەکی مەسیحبیت بۆ دیاری دەکات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بیت و شوێنی عیسا بکەویت، بۆ دروستکردنی ژیانێکی ڕاستەقینە کە دەسەڵات تێیدا بە تەواوی پیادە بکرێت بەسەرمانەوە (بڕوانە یۆحەنا ١٤: ١٥، یەکەم یۆحەنا ٢: ١٩، ٤: ٢٠ -٢١).

١٢. شایەتتیەک بنیاد دەنێت و بانگهێشتی نەتەوەکان دەکات. ئەندامێتی یاسا جێگرەوەکانی مەسیح دادەنێت بۆ تەماشاکردنەکەی جیهان (بڕوانە مەتا ٥: ١٣؛ یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥؛ ئەفەسۆس ٣: ١٠؛ یەکەم پەترۆس ٢: ٩-١٢). ئەو سنورە زۆرانەی کە لە دەوری ئەندامێتی کڵێسا کێشراون، ڕادەستی کۆمەڵگەیەکی خەڵک دەبێت کە بانگهێشتی نەتەوەکان دەکات بۆ شتێکی باشتر. کە ئەویش بەرنامەی مزگێنیدانی ئینجیلیی خودایە.

# بەشی پێنجەم
# مەرجەکانی ئەندامییێتی کڵێسا چین؟
# (بوون بە ئەندام)

هەندێک کەس ئەندامییێتی کڵێسا ڕەت دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی وا دەزانن واتای ئەوەیە وا لە خەڵک بکەیت بەسەر بەربەستەکاندا باز بدەن، یان وا دەزانن واتای ئەوەیە مەرج دانێیت بۆ هەڵسوکەوتەکان، لە پێناوی تێکەڵبوون بە مەسیحییەت. هەردووک ئەم بۆچونانە دیارە کە پێچەوانەی بەرەکەتی خودان کە بێ مەرجە. کارێکی زۆر گران نییە کە ببینیت هۆکاری چییە خەڵک بەو جۆرە بیردەکەنەوە. بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەندامییێتی نمونەیی ڕوبەڕوبونەوەی هەندێک مەرجی تێدەکەوێت.

پێویستە هێندە دەوڵەمەند بیت کە بۆ یانەی گوندەکە بشێیت، هێندە ئارام بیت کە بۆ قەرەباڵغی بەکەڵک بێیت، هێندە زیرەک بیت کە بۆ تیپی گفتوگۆ دەست بدەیت، هێندە خێرابیت کە بۆ تیپی تۆپی پێ باش بیت، وە خەمخۆربیت بۆ کاری خێرخوازی کۆمەڵایەتی.

بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی شتێک، پێویستە ببیت بە شتێک کە کەسەکانی دیکە وا نین. وە ئەمە بە مەترسییەکی زۆرەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە جیاواز بیت، وا نییە؟ ئەی لەوانە نییە واتای ئەندامییێتی کڵێسا مەسیحییەکان ڕابکێشێت بۆ کاری ڕووکەشییانە یان فەریسی بوون؟ مەسیحیبوون مەرجدار نییە. مەسیحیبوون دەربارەی بەرەکەتی بێ مەرجە. ئیتر، ئەی چۆن ئێمە مەرج دادەنێین؟

ڕاستی بڵێین، ئاسانە کە لەگەڵ ئەندامییێتی کڵێسادا بەرەو کاری ڕووکەشییانە بچین. پێشتر من گوتم کە ئەندامی کڵێسا هەڵگری پاسپۆرتی نوێنەرایەتی عیسایە، وە من خەریکە بەمەوە بنووسێم. بەڵام تەماشاکە چەند خێرا لەوانەیە بیرکردنەوەت بەلا ڕێدا بچێت: عیسا تەواو پیرۆزە. ئەمە پێویستە واتای ئەوە بێت کە مەرجەکانی ئەندامییێتی کڵێسا پێویستە پیرۆزبن، لەبەرئەوە من وادیارە بە کەم تەماشای هەرکەسێک دەکەم کە وەکو من پیرۆز نییە، وابزانم هەر نەدەبوو بهێڵم بێنە ناو کڵێساکەم. ئەوان منداڵەکانیان ناخەنە قوتابخانەیماڵەوە، وکو من، وە بە دڵ نوێژ ناکەن، وەکو من. وە ناچن بۆ گەشتی ئەرکی مزگێنیدان، وەکو من، وە کڕینەکانیان کەم ناکەنەوە، وەک من.

ئایا تـۆ دەبینیـت ئەمـە بـەرەو کوێـمان دەبـات؟ لـەوە دەچێـت هەمـوو بیرۆکـەی ئەندامییێتـی کڵێسـا ڕەنگـە هاونیشـتمانیی پلـە یـەک دروسـت بـکات، هاونیشـتمانیی پلـە دوو لەسـەر ئـەوە بەنـدە کـە خەڵـک چـۆن نمایـش دەکـەن. وە ئەمـە نیعمـەت کـەم دەکاتـەوە، وە لـە دژی ئینجیلـە. ئایـا ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە ئـەم کتێبـە بانگـەوازی بـۆ دەکات.

بە تەواوەتی، ئایا مەرجەکانی ئەندامییێتی کڵێسا چین؟

## کێ دەچێتە ژوورەوە؟

یەکێـک لـەو دەسـتکەوتانەی کـە مـن لـە کاتـی خزمەتکردنـدا وەک پیرێکـی کڵێسـا چێـژم لێـی بینـی، ئـەو هەلـە بـوو کـە چاوپێکەوتنەکانـی ئەندامییێتـی بکـەم.

ڕەنگـە تـۆ بڵێیـت وەکـو ئـەوە وایـە لـە دەروازەی سـەرژمێری مـەڕەکان ڕابوەسـتیت و بـە وریایـی چاودێـری بکەیـت کـە چ جـۆرە ئاژەڵێـک دەچێتـە ژوورەوە. تـۆ مەڕەکانـت دەوێـت و گورگەکانـت ناوێـت.

بـە پشتبەسـتن بـەو قسـانەی کەسـەکە لـە کاتـی چاوپێکەوتـن دەیانـکات، ڕەنگـە مـن لەبـەردەم پیرێکـی دیکـە ئامـۆژگاری تاکـە کەسـەکە بکـەم. کـە ئەویـش ڕەنگـە بـەش بـە حاڵـی خـۆی ئامـۆژگاری بـدات بـۆ هەمـوو نوێژکـەرەکان. لـەو کاتـەوەی کـە عیسـا هێـزی کلیلـەکان دەدات بـە کڵێسـا ی خۆجێیـی، ئێمـە باوەڕمـان وایـە، کـە ئـەو بڕیـارەی کـە کـێ بـۆی هەیـە بچێتـە کڵێسـاوە بڕیـاری کۆتاییـە و کڵێسـا دەبێـت بیـدات، نـەک پیـرەکان.

کـێ دەچێتـە ژورەوە؟ فەرمـوو ئەمـە وەڵامـە زۆر ئاسـانەکەیە: بـاوەڕداران بـە مەسـیح دەچـن.

ئەمـە واتـا مەرجـی ئەندامییێتـی کڵێسـا پێویسـتە نـە بەرزتـر و نـە نزمـتر بێـت لـە مەرجـی بـوون بـە مەسـیحی، لەگـەڵ یـەک جیـاوازی، کـە ئەویـش ئێسـتا دەگەمـە سـەری. تـۆ خەریکـی دڵنیایـی بـە لـە مـەڕەکان.

ئەندامییێتـی کڵێسـا کاتێـک دەسـت پێـدەکات کـە کڵێسـای خۆجێیـی دڵنیایـی دەدات لـە دڵسـۆزی تاکـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح و شـارەزابونی لـە بـاوەڕ. وەک ئـەوەی عیسـا لەگـەڵ پەتـرۆس کـردی، ئێمـە لـە کەسـەکە دەپرسـین عیسـا کێیـە؟ وەک پەتـرۆس کـردی لەگـەڵ عیسـا، کەسـەکە وەڵام دەداتـەوە: عیسـا مەسـیحەکەیە، کـوڕی خـودا زیندوەکـە -وە

دەزانێت ئەم وشانە واتای چی دەگەیەنن، بە دەربڕینێکی دیکە، خەڵک بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە کڵێسایەکەوە پێویستە لە ئینجیل تێبگەن وە باوەڕ بهێنن بە ئینجیل.

خەڵک هەموو کاتێک ناتوانن بە باشی ئینجیل ڕاڤە بکەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەبێت بتوانن ڕاڤەی بکەن، دەبێت بتوانن بڵێن کە ئەوان نوێنەرایەتی بۆ کێ دەکەن، بەر لەوەی ئێمە بە فەرمی ناویان لێبنێین نوێنەرانی عیسا. من لەبیرمە جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵ ژنێک ئەنجامم دا کە زمانی دایکی ئینگلیزی نەبوو، کاتێک پرسیارم لێکرد ئینجیل چییە؟ بە سەرسوڕمانەوە تەماشای منی کرد و گوتی (ئینجیل؟) هەروەکو ئەوەی کە هەرگیز پێشتر ئەو وشەیەی نەبیستبێت. من بەردەوام بووم و گوتم: (هەواڵە خۆشەکەی عیسای مەسیح). ئەم ڕوونکردنەوەیەی من مێشکی ئەوی خستە کار و بە باشی ڕوونیکردەوە کە ئینجیل چییە. کڵێساکەمان دەستیکرد بە ناونانی ئەو ژنە بە ئەندام. ئەگەر ئاوا بکەیت وەک ئەوەیە کە هەواڵێکی ڕۆژنامەگەری بۆ نەتەوەکان بنێریت: لەوانەیە ئێستا ئێوە تەماشای ئەو ژنە بکەن بۆ ئەوەی بزانن عیسا کێیە. ئەو ژنە ئێستا نوێنەرێکی فەرمیی عیسایە.

چەند جارێکی دیکە من چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەسانێک کردووە کە نەیان توانیوە ئینجیل ڕوون بکەنەوە. دێتەوە یادم ژنێکی دیکە پێی گوتم بوون بە مەسیحی واتای ئەوەیە (چی لە توانادایە بیکەیت). من هەوڵم دا بابەتەکە لە چەند گۆشەیەکی دیکەوە بخەمە ڕوو، بەوەی پرسیاری دیکەم لێی کرد و گوتم بەڵکو وەڵامێکی باشترم دەست بکەوێت، بەڵام وەڵامە باشترەکە هەر نەهات. کاتێک لە کۆتاییدا ڕوونم کردەوە کە بەم جۆرە ناتوانین لە بەئەندام بوونەکە سەرکەوتوو بین، ژنەکە دەستی بە گریان کرد، منیش خەریک بوو بگرییم، ئەگەر گوێت لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی بگرتبا تۆش هەمان هەستت دەبوو. بەڵام ئەوە پیشاندانی خۆشەویستی بۆ کڵێسا یان بۆ ئەو ژنە نەدەبوو ئەگەر هەر بەو جۆرە بەسەرکەوتوو دابنرابا.

بۆیە من بانگهێشتم کرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ژنێکی دیکە لە کڵێسا هەتا لە شەش دانیشتندا گەشتێک بەناو ئینجیلی مەرقۆسدا بکەن، ئەو ڕازی بوو، وە ژنەکەی بینی، چەند هەفتەیەک پاشتر، ئێمە دانیشتین و چاوپێکەوتنەکەمان دووبارە دەستپێکردەوە. ئەم جارەیان زۆر بە جوانی ئینجیلی ڕوونکردەوە، وە توانی پەیوەندی بکات بە کڵێساکەمانەوە. "بۆ نەتەوەکان: تەماشای ئێرە بکەن؛ نوێنەرێکی دیکە».

مـن پێشـبینی ئـەوە دەکـەم کـە تـۆ دەتوانیـت وەسـفی ئـەو ئیشـە بکەیـت کـە مـن کـردم ”مـن وام لێکـرد بەسـەر بەربەسـتەکاندا بازبـدات“ هیـوادارم لەجیاتـی ئـەوە نـاوی لێبنێیـت یارمەتیدانـی، وە بـوون بـە شـوان بـۆی بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی کـە ئـەو لـە ئینجیـل دەزانێـت، وە بـاوەڕی گـۆڕیـوە، ئەمـە جگـە لـەوەی بایەخدانیشـە بـە کڵێسـاکە و نـاو و ناوبانگـی کڵێسـاکە.

## باوەڕ

مـن گوتـم ئەندامێتـی کاتێـک دەسـت پێـدەکات کـەوا کڵێسـایەک پشـتڕاسـتی دەکاتەوە کـە کەسـێک شـارەزایی هەیـە لـە بـاوەڕدا، وەک ئـەوەی عیسـا لەگـەڵ پەتـرۆس کـردی. بـۆ ئاسـانکردنی ئـەم پرۆسـەیە، کڵێسـاکان زۆر جـار دەسـتەواژەی بـاوەڕ بەکاردەهێنـن بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی هەمـووان وتوویـژ دەکـەن وە هەمـان باوەڕیـان هەیـە و هەمـان شـت دەڵێـن.

بـۆ نمونـە مۆرمـۆکان، گەواهیدەرانـی یەهـوا، وە هەندێـک لـە لیبڕالییـە پرۆتسـتانتەکان دانـی پێدادەنێـن کـە باوەڕیـان بـە عیسـا هەیـە، ڕێـک وەکـو چـۆن پەتـرۆس دانـی پیادانـا، بـەڵام ناڵێـن کـە عیسـا خودایـە.

کەواتـە ئێمـە باسـی کامە عیسـایە دەکەیـن؟ دەسـتەواژەی (بـاوەڕ)ی کڵێسـا یارمەتیدەرە بـۆ ئـەوەی لـە لامـان ڕوون بێت.

لـە کڵێسـا یەکەمینەکانـدا، هەندێـک کـەس ڕەتیـان دەکـردەوە کـە عیسـا تـەواو مـرۆڤ بووبێـت. گـوێ بگـرە، یۆحەنـای نێـردراو چـۆن هانـی کڵێسـایەک دەدات کـەوا چـۆن ئـەو دوو شـتە لـە یەکـتر جیـا بکاتـەوە:

> خۆشەویسـتان، بـڕوا بـە هەمـوو ڕۆحێـک مەکـەن، بەڵکـو ڕۆحـەکان تاقـی بکەنـەوە، بزانـن ئایـا لـە خوداوەیـە، چونکـە زۆر پێغەمبـەری درۆزن بـە جیهانـدا بڵاوبوونەتـەوە. ڕۆحـی خـودا بەمـە دەناسـنەوە: هـەر ڕۆحێـک دان بـەوەدا بنێـت کـە عیسـای مەسـیح لـە جەسـتەدا هاتـووە، ئـەوا ئـەو ڕۆحـە لـە خوداوەیـە، بـەڵام هـەر ڕۆحێکیـش دان بـە عیسـادا نەبێـت، ئـەوا ئـەو ڕۆحـە لـە خـوداوە نییـە. ئـەو ڕۆحـە دژە مەسـیحە کـە بیسـتووتانە دێـت و ئێسـتا وا لـە جیهاندایـە. (یەکـەم یۆحەنـا ٤: ١- ٣)

چەند نێردراوێک هەبوون کە گوتیان: “بەڵێ، منیش باوەڕ بە عیسا دەکەم، منش ڕێک وەک ئێوەم.” بەڵام یۆحەنا گوتی ئێوە پێویستە کەمێک لێی بکۆڵنەوە، ڕەنگە وەکو ئێوە نەبن.

دوو هەزار ساڵ تێپەڕی و هەتا ئێستاش فێرکردنی هەڵە بەربڵاوە. ئەمە هۆی ئەوەیە کە زۆربەی کڵێساکان دەستەواژەکانی باوەڕ بەکاردەهێنن، وەک: ناونیشانی خودا، دەقی پیرۆز، گوناە، ڕزگارکردن، کڵێسا، گەڕانەوەی عیسا.

مەبەست لە پرسیارکردن لە کەسێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی دەستەواژەیەکی باوەڕ بۆ ئەوە نییە کە توانای شارەزایی یەزدانناسی کەسەکە تاقیبکرێتەوە، بەڵکو بۆ پشتڕاستکردنەوی باوەڕییەتی بە مەسیح. گوێ لە مەرجەکانی عیسا ڕابگرە: «خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێک مەکەن، بەڵکو ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ڕۆحی خودا بەمە دەناسنەوە: هەر ڕۆحێک دان بەوەدا بنێت کە عیسای مەسیح لە جەستەدا هاتووە، ئەوا ئەو ڕۆحە لە خوداوەیە، بەڵام هەر ڕۆحێکیش دان بە عیسادا نەبێت، ئەوا ئەو ڕۆحە لە خوداوە نییە. ئەو ڕۆحە دژە مەسیحە کە بیستووتانە دێت و ئێستا وا لە جیهاندایە.“ (مەتا 18 : 5-4). بە جۆرێکی دیکە کڵێساکان پێویستە گوێ بگرن بۆ ئەو ڕۆحەی دراوە بە سادە و تێکشکاوان لەبەردەم خودادا. ئەو تێکشکانە چۆنە؟ وەکو ئەمە وایە (بەڵێ من گوناهبارێکی هەمیشەییم. بەڵێ پێویستە خودا حوکمم بەسەردا بدات. بەڵام بەڵێ عیساش لەسەر خاچ مرد لەپێناوی گوناهەکانی من. ئێستا ئەو خودامە و من شوێنکەوتووی ئەوم.

دڵێکی شکاوی لەو جۆرە وەک چی وایە؟ وەک دەستپێکردنی بیروباوەڕە بە خودا، وە وەکو ئەو دڵەیە کە متمانە بەوە دەکات کە کتێبی پیرۆز دەربارەی خودا و دەربارەی ئێمە دەیڵێت.

## تۆبەکردن

مەسیحییەت تەنها بە باوەڕ دەست پێناکات. هەروەها ئەندامێتی کڵێساش. هەردووکیان بە تۆبەکردن دەست پێدەکەن. عیسا ئامۆژگاری دەدا و دەیفەرموو: «کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن» (مەرقۆس ١: ١٥).

وەکو خودا، بیروباوەڕ بە خودا، تۆبەکردن بەروبومی ڕۆحی مرۆڤی دڵشکاوە.

ئەگەر من بەڕاستی بمەوێت ڕێبەری مەرجەکان بنوسم بۆ ئەوانەی چاوپێکەوتنی ئەندامبوونی کڵێسا ئەنجام دەدەن، ئەوا ڕاستەوخۆ دەچم بۆ دڵخۆشییەکەی مەتا، کە ڕەنگە وەک شتێکی ئاوها بیخوێنێتەوە:

> لەوانە بگەڕێ کە لە ڕۆحدا هەژارن؛ کە غەمبارن بە گوناهیان کە ناودار نین، هەموو کات سورن لەسەر گرتنە بەری ڕێچکەی خۆیان، بەڵام لەسەرخۆن، کە هەتا مردن بێزارن لە گوناه و هەموو پڕوپوچییەکانی، وە زۆر برسی و تینوون بۆ ڕاستودروستی هەروەک بۆ ئاو. کاتێک تۆ خەڵکی لەو جۆرە دەدۆزیتەوە، دڵنیابە لەوەی عیسا دەناسن، دڵنیابە لەوەی عیسا ئەو کەسەیە کە ڕۆحە هەژارەکەیانی داگیر کردووە، ئەو عیسایەی کە لە گوناهەکانیان خۆشبوو، کە ژیان و پەرستشیان قبوڵ دەکات، وە پشت بە ڕاستودروستییەکەی دەبەستن و شوێنی دەکەون، هەرکات کەسێکی لەو جۆرەت دۆزیەوە، پێیان بڵێ با پەیوەندی بکەن.

تێبینی ئەوە بکە کە ئەوە بێ خەوشی ڕەوشتی کەسەکە نییە کە وای لێدەکات شایستەی ئەندامێتی کڵێسا بێت، ڕێک پێچەوانەکەیەتی. بەڵکو ئەوە دەست نیشانکردنی کەموکوڕییەکانی ڕەوشتی خۆیانە لەلایەن خۆیانەوە لەگەڵ تینوێتیانە بۆی. ئەندامێتی بۆ ئەو کەسانە نییە کە هەرگیز تاوان ئەنجام نادەن، بۆ ئەو کەسانەیە کە شەڕ لەگەڵ تاوان دەکەن. ئیشی دادوەری کڵێسا ئەوەیە کە تاوانباریی ئەو کەسانە پشتڕاست بکەنەوە کە تینوون بۆ ڕاستودروستی مەسیح نەک بێتاوانییان. ئەو ڕاستودروستییەی کە تەنها خودا دەتوانێت ببەخشێت.

فەرموو ئەمە ڕێگایەکی دیکەیە بۆ گوزارشتکردن لێی: چی وا لە خەڵکەکان دەکات کە لەلایەن کڵێساوە قبوڵکراو بن؟ پاکیی ڕەوشتیان نییە، بەڵکو پاک و بێگەردیی مەسیحە. ئەو ئیشانە نییە کە دەیکەن بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵکو ئەو ئیشەیە کە خودا کردوویەتی بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات.

## لەئاو هەڵکێشان

ئایا هەر بەڕاستی پێویستە خەڵکەکان لە ناو کڵێسا لە ژووری ئۆفیسەکە دابنیشن

لەگەڵ پیرێکی کڵێسا بۆ چاوپێکەوتن، پێش ئەوەی پەیوەندی بە کڵێساوە بکەن؟ نەخێر، چەند ڕێگایەکی جیاواز هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسێک نوێنەرایەتی عیسا دەکات، پێش ئەوەی مۆری کڵێسا لە ڕەزامەندینامەیەک بدرێت بۆ یان، باشە ئەگەر لە بەشی هەشتدا زیاتر بیری لێبکەیتەوە.

ئەوەی کە ئێستا گرنگە بۆ تێڕوانین ئەوەیە کە یەک کێشە هەیە پێویستە کڵێساکان داوای بکەن لە ئەندامەکان لە دوای ڕزگاربوونیان، ئەویش لەئاو هەڵکێشانە. ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا گوتمان کە هەمیشە یەکەم هەنگاوی ژیانی مەسیحییانە لە پەیمانی نوێدا، لەئاو هەڵکێشانە. خەڵکەکە لە قەرەباڵغیەکەدا پرسیاریان لە پەترۆس کرد: چی بکەین بۆ ئەوەی سەلامەت بین، ئەویش وەڵامی دانەوە: "تۆبە بکەن و لەئاوهەڵکێشرێن" (کردار ٢: ٣٨). پۆڵس بۆ کڵێسای ڕۆمانی دەنوسێت: "بۆیە بە لەئاوهەڵکێشان لەگەڵ ئەو بۆ مردن نێژراین، تاکو چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەوە هەستایەوە، ئێمەش لە نوێیەتی ژیاندا بژین." (ڕۆما ٦: ٤). وە یەکەم شتە کە عیسا فەرمانی لەبارەوە داوە "کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن،" (مەتا ٢٨: ١٩).

لەئاو هەڵکێشان مرۆڤ ڕزگار ناکات، بەڵام عیسا مەبەستیەتی لە بەرامبەر ڕزگارکردنی بۆ تاکە کەسەکان، خەڵکەکەی خۆی ڕابگەیەنێت و جیاکراوە بن. ئەمە بەشێکە لەو شێوازەی کە هاونیشتمانی بوونیان بە فەرمی دەبێت. ئەمە ئەو شێوازەیە کە ئەوان ئاڵاکەی پێ دەشەکێننەوە. بە هەمان شێوە کڵێساکان بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵە مامەڵە لەگەڵ لەئاوهەڵکێشاندا دەکەن وەک مەرجی پێش وەخت بۆ ئەندام بوون. ئایا کتێبی پیرۆز دەڵێت: «تۆ پێویستە لەئاو هەڵبکێشرێیت پێش ئەوەی پەیوەندی بە کڵێساوە بکەیت؟) نەخێر، بەڵکو بێگومان دەڵێت: «تۆبە بکەن و لەئاو هەڵکێشرێن». ئەگەر تۆ دەتەوێت خۆت لەگەڵ مەسیحدا بناسێنیت، کە ئەمەش مەبەستەکەی پشت لە ئاو هەڵکێشانە. ئەگەر لەئاوهەڵکێشان ڕەت بکەیتەوە وەک ئەوە دەبیت، کە تۆبەت نەکردبێت، وەک چۆن مارک دێڤەر دایناوە. تەڕبوون ئاسانترین فەرمانە کە عیسا داویەتی و داوای کردووە پەیڕەو بکرێت. تەنها لەوێوە قورستر دەبێت.

## دەرئەنجام

چەند هەفتەیەک پێش ئێستا قەشەیەکی هاوڕێم پەیوەندی پێوە کردم، وە پرسیاری کرد دەربارەی ئەوەی ئایا پێویست دەکات دووبارە ڕێگە بدات پیاوێک پەیوەندی بکاتەوە بە کڵێساکەیەوە. ئەو پیاوە چەند مانگێک پێشتر وازی لە ئەندامێتی کڵێساکە هێنابوو، بەڵام ئێستا دەیویست بگەڕێتەوە. ئەو پیاوە کەسێکی کەمێک بە کێشە بوو، بە ئاشکرا دووبەرەکی نەدەنایەوە، بەڵام پێگەیشوو نەبوو، هەندێک جار ڕێنوێنییەکەی بێزار دەکرد. هاوڕێکەم بیری لەوە دەکردەوە کە ڕێگای پێ نەدات دووبارە پەیوەندی بکاتەوە.

من لێم پرسی: "ئایا پیاوەکە بە باوەڕدار بە مەسیح دەزانیت؟" بە خاوی و ناچارییەوە وەڵامی دامەوە: "بەڵێ".

پرسیارم کرد: "ئەگەر لە بازاڕێکی قەرەباڵغدا بیت، حەز دەکەیت بە پێوە ڕابوەستیت و بە پەنجەت ئاماژە بۆ ئەو پیاوە بکەیت و بە هەموو کەس ڕابگەیەنیت ئەوە نوێنەری عیسایە؟" وەڵامێکی زیاتر ناچاری داماوە و گوتی: "پێم وایە بەڵێ".

گوتم: "کەواتە، وابزانم تۆ دەبێت ڕێگەی پێ بدەیت دووبارە پەیوەندی بکاتەوە". ئێمە پێویستە ڕێگە بە مەسیحییە دەبەنگەکانیش بدەین کە پەیوەندی بە کڵێساکانمانەوە بکەن.

کڵێساکان نابێت لەو کەسانە بگەڕێن کە هەرگیز دەبەنگی نانوێنن، بەڵکو پێویستە لەو کەسانە بگەڕێین کە دانی پێدا دەنێن ئەوان دەبەنگن و دەیانەوێت لەگەڵ ئەو دەبەنگییەدا بجەنگن.

کەمێک وەکو خۆم. یان لەوانەیە وەکو تۆش.

# بەشی شەشەم
# چۆن کەسێکی مەسیحی ملکەچی کڵێسا دەبێت؟
# (بوون بە ئەندام)

پێشتر من گوتم باوەڕداران بە مەسیح بەڕاستی پەیوەندی بە کڵێساکانەوە ناکەن. بەڵکو ملکەچی کڵێسا دەبن. پاش هەموو شتێک عیسا دەسەڵاتی بە کڵێساکان داوە کە ببەسترێنەوە و ئازاد بن لەسەر زەوی، کە واتای ئەوەیە مەسیحییەکان بانگهێشت کراون بۆ ملکەچییان هەروەک ملکەچی بۆ عیسا. وەکو منداڵێک وایە کە ڕێز لە خودا دەگرێت لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە دایک و باوکی.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وشەی ملکەچی زۆر خەڵک دەترسێنێت، چونکە ئێمە زۆر ڕابەرمان بینیوە کە توندوتیژی لە بەرامبەردا کراوە. وە هەتا ئێستاش، بەهۆی ئینجیلەکانەوە خودا دەریدەخات کە ئەو مەبەستی لە بەکارهێنانی دەسەڵات لە پێناوی بەرژەوەندی ئێمەدایە. دەسەڵاتداری بەدیهێنان، دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا بۆ بەدیهێنان و پیرۆزکردنی ئێمە. بە هەمان ڕێگە مەبەستی لە دەسەڵاتدارکردنی مرۆڤی میوان بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتیان بەکاربهێنن بۆ دەستگرتن بەسەر ژیاندا بۆ گەشەپێکردنی ئەوانی دیکە. (بڕوانە دووەم سامویێل ٢٣: ٣-٤؛ ئیشایا ١١: ٢- ١٠).

کەواتە مل کەچ بوون بۆ کڵێسا واتای چییە، وە ئایا بۆ بەرژەوەندی ئێمەیە؟

## شەوێکی پڕ ئەستێرە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بادەست پێ بکەین بە سواربوونی ئۆتۆمبێلێک و لێخوڕین بەرەو ئەریزۆنا.

جارێکیان من ویستم بچم بۆ چادرگە لە ئەریزۆنا، کەمێک دوور لە گراند کانیۆن. یەکەم شەو لە دەرەوە ماینەوە و کیسەخەوەکانمان لە ژێر ئەستێرەکاندا بوو. من هەرگیز شتی وام نەبینیبوو. لە دەرەوە لە هەوای پاکی بیاباندا، ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە، زۆر پرشنگداربوون، تۆ دەتتوانی دەستت ببەیتە دەرەوە و سێبەرەکەی لە سەر زەویەکە ببینیت.

ئـەو ئاسمانە ئـەو شتەیە کـە مـن دەمەوێت تـۆ ببینیـت، دەمەوێت تەماشـای سـەرەوە بکـەی و ئـەو تـارا ڕەشـە ببینیت لەگەڵ دە هـەزار ئەڵماسـی پرشـنگدار دەردەکەوێت.

بۆچـی؟ ئەمـە ئـەو وێنەیەیـە کـە پۆڵـس بـۆ بـاوەڕداران و کڵێسـا دەیکێشـێت لـە جیهانـدا، ئـەو بـە مەسـیحییە کۆنەکانـی شـاری فلیپـی گـوت:

> "دەمەوێـت تاکـو بـێ گلەیـی و پـاک بـن، منداڵانـی خـودا لەنـاو نەوەیەکـی چـەوت و خـواردا بـێ لەکـەن، لەنێـو ئەوانـدا وەک ئەسـتێرە لـە گەردوونـدا دەدرەوشـێنەوە،" (فلیپـی ٢: ١٥).

شـاری فلیپـی ئـەو تـارا ڕەشـە بـوو، وە مەسـیحییەکانیش ئەڵماسـە پرشـنگدارەکان. خەڵکـی شـارەکە خراپـەکار و بـەد ڕەفتـار بـوون. دەبووایـە مەسـیحییەکان بێگلەیـی و پـاک و بێگـەرد بـن.

دەتوانیـت ئـەوە ببینیـت؟ پۆڵـس ویسـتی ئـەو باوەڕدارانـە پرشـنگ بهاوێـژن، وە لەوانیشـەوە ڕوناکـی بچێـت بـۆ نـاو ماڵەکانیـان و شـوێنی کارکردنیـان، بـۆ بـازاڕ و شـوێنی یاریکردنیـش.

بـەڵام خاڵێـک دەربـارەی قسـەکانی پۆڵـس هەیـە کـە پێویسـتە لەبیـرت نەچێـت. ئـەو تەنهـا داوای ئـەوەی لـێ نەکـردن پرشـنگ بـدەن و بدرەوشـێنەوە کاتێـک لـە دەرەوە بڵاوبوونـەوە، لـە یەکـتر جیـا ببنـەوە. ئـەو ویسـتی ئـەوان بدرەوشـێنەوە و ڕوناکـی بـدەن بـۆ نـاو ژیانـی یەکـتری.

مـن یـەک ئایەتـم نیشـان دایـت لەبـارەی درەوشـانەوەی ئەسـتێرەکان. بـەڵام دەسـت بـە دوگمەکـەدا بنـێ بـا بگەڕێتـە دواوە. چەنـد بەشـێک پێـش ئـەو ئایەتـە پۆڵـس بـە خوێنەرەکانـی خـۆی گـوت کـە ئـەو داوایـان لـێ دەکات کـە ژیانێـک بژیـن "دەوڵەمەنـد بێـت بـە ئینجیـل" (فلیپـی ١: ٢٧). ژیانێـک کـە بـە ئینجیـل دەوڵەمەنـد بێـت چـۆن دەبێت؟

بـۆ یارمەتیـدان پۆڵـس دوو وێنـەی کێشـاوە بـۆ ژیانێکـی بـەو جـۆرە دەوڵەمەنـد بـۆ خەڵکـی فلیپـی. وێنـەی یەکـەم ئـەو وێنەیـە بـوو کـە خـۆی دەیویسـت لـە کڵێسـای فلیپـی خۆیـدا ببینێـت.

ئـەو پێـی گوتـن کـە بـێ دوودڵـی "بـە یـەک ڕۆح" ڕابوەسـتن بـۆ خەبـات لـە پێنـاوی ئینجیـل، وەک "یـەک" بـۆ ئـەوەی "هەمـان بیرکردنەوەیـان هەبێـت" بـۆ بەشـداری لـە

”هەمـان خۆشەویسـتی“ بـۆ ئـەوەی ”یـەک بـن لـە ڕۆح و یـەک بـن لـە بیرکردنـەوەدا“ (فلیپـی ١: ٢٧، ٢: ٢).

وێنەیەکـی تـاک ڕەنگـە؟ وا نییـە؟ ژیانـی ئـەوان پێکـەوە دەبێتـە ڕەنگـی یەکبـوون. وە ئـەوان دەبێـت بـە ڕەنگـی ئـەو یەکێتـی و یەکبوونـە وێنـە بکێشـن، بەهـۆی ملکـەچ بوونیـان بـۆ یەکـتری. پۆڵـس بـەردەوام دەبێـت لـە فەرمـان پێکردنیـان ”هیـچ شـتێک بـە خۆپەرستی و لووتبەرزییـەوە مەکـەن، بەڵکـو بـە شـێوەیەک بێفیـز بـن کـە بەرامبەرەکەتـان لـە خۆتـان بـە باشـتر بزانـن. تەنهـا بایـەخ بـە بەرژەوەنـدی تایبەتـی خۆتـان مـەدەن، بەڵکـو بـا هەریەکەتـان بایـەخ بـە بەرژەوەنـدی خەڵکـی دیکـەش بـدات.“ (فلیپـی ٢: ٣-٤) وێنـەی یەکێتـی، بـە دەربڕینێکـی دیکـە، وێنـەی ملکەچـی دوولایەنەیـە.

پێـش ئـەوەی پۆڵـس ئـەم وێنەیـەی یەکـەم تەواوبـکات، هەرچەنـدە، خـۆی جیادەکاتەوە و وێنـەی دووەمـی ملکەچـی دەکێشـێت. وێنەیـەک کـە دەبێتـە نمونـە بـۆ ئـەوەی یەکـەم. کاتێـک دێینـە سـەر باسـی ئـەو هەمـوو یەکێتـی و ملکەچـی و خۆشەویسـتییە، پۆڵـس گوتوویەتـی وەک عیسـای مەسـیح بیـر بکەنـەوە: ”ئـەوەی بـە سروشـتی خـۆی خودایـە،“ بـەڵام ”نەیویسـت یەکسـانییەکەی لەگـەڵ خـودا بـۆ خـۆی بقۆزێتـەوە، بەڵکـو خـۆی کـردە هیـچ، شـێوەی بەنـدەی وەرگـرت، وەک مرۆڤـی لێهـات، کـە بـە ڕوخسـاری مـرۆڤ بینـرا، خـۆی نـزم کـردەوە و تاکـو مـردن ملکـەچ بـوو، تەنانـەت مردنـی سـەر خـاچ. لەبـەر ئـەوە خـودا زۆر بـەرزی کـردەوە و ئـەو نـاوەی دایـێ کـە لـە سـەرووی هەمـوو ناوێکەوەیـە،“ (فلیپـی ٢: ٥-٩).

ئایـا تـۆ تێکهەڵکێشـی نێـوان دوو وێنەکـە دەبینیـت؟ وێنـەی دووەم وێنـەی ئینجیلـە. مەسـیح دەبێتـە مـرۆڤ، لەخـاچ دەدرێـت، وە لـە مردنـەوە هەڵدەسـتێنرێتەوە. وێنـەی یەکـەم وێنـەی ژیانێکـە دەوڵەمەنـد بـەم ئینجیلـە. ژیانێـک تەرخـان کـراوە بـۆ پابەندبـوون و ملکەچـی، وە یەکێتیەکـی سـادە و سـاکار لـە نێـوان خەڵکەکـەی مەسـیحدا.

پۆڵـس لـە بنەڕەتـدا دەڵێـت: ”تـۆ دەتەوێـت بزانیـت شـارەزایەکی ئینجیـل پێویسـتە چـۆن بژێـت لـە نێـوان خەڵکـی دیکـەی مەسـیحیدا؟ تەنیـا تەماشـای ڕزگارکەرەکـەت بکـە!“

لـەم خاڵـەدا لەنـاو نامەکـەدا، پۆڵـس دەگەڕێتـەوە بـۆ وێنەکـەی یەکەمـی. ئـەو پێیـان دەڵێـت بـەردەوام بـن لـە گوێڕایەڵـی. بـۆ کارکـردن لـە دەرەوەی ڕزگاربونیـان بـە تـرس و تۆقینـەوە. بـۆ ئـەوەی هەمـوو شـتێک بـێ بۆڵەبـۆڵ و ناڕەزایـی دەربڕیـن ئەنجـام بـدەن.

وە بۆ ئـەوەی بـێ گلەیـی و کەموکـوڕی و بێگـەرد بـن. ئینجـا وەک ئەسـتێرەکان لـە ئاسـمان دەدرەوشـێنەوە (فلیپـی ٢: ١٢-١٦).

کاتێـک مەسـیحییەکان لـە کڵێسـاکانیاندا یەکێتـی پەیـڕەو دەکـەن بـە ملکەچبوونیـان بـۆ یەکـتری، ئـەو کاتـە کڵێسـاکانیان وەک گڵۆپـی سـەر شـەقامەکان لـە شـەوی شـارێکی تاریکـدا دەدرەوشـێنەوە، وەکـو چراکانـی شـەوێک لـە دارسـتاندا.

ئەوە ژیانی بە ئینجیل دەوڵەمەندە، وە کڵێسای بە ئینجیل دەوڵەمەندە.

ئەگـەر تـۆ بزانیـت ئـەم جیهانـە چەنـد تاریـک و ونبـووە، دەتوانیـت ببینیـت چەنـد وێنەیەکـی جوانـە، هاوسـەرگیرییە سـەرنەکەوتووەکان دەبینیـت، نادادپـەروەری نەتەوەیـی، منداڵـە فرێـدراوەکان، جۆرەکانـی ئالوودەبـوون کـە خەڵـک کـۆت و بەنـد دەکـەن. تـۆ تەنهایـی و ئـازار و دوودڵیـت بینیـوە. تووڕەییـت ئەزمـون کـردووە، ڕق، لوتبەرزیـی، خـۆ هەڵخەڵەتانـدن و بەهانـە بـۆ خـۆ هێنانـەوە کـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو شـتانەی دیکەدایـە. هەندێـک لـەم شـتانەت لـە خەڵکـی دیکـەدا بینیـوە، وە هەندێکیـت لـە خۆتـدا بینیـوە.

بـەڵام ئایا هەڵگرتـن و بـوون بـەو چـرا پرشـنگدەرانەی ڕووناکـی و بردنیـان بـۆ جیهانـە تاریکەکـە ئـەو داواکارییـە نییـە کـە تـۆ دەتەوێـت کڵێسـاکەمان بیـکات؟

## هەشت ڕێگا بۆ ملکەچ بون بۆ کڵێسا

پۆڵـس ڕێـک تەماشـای چاوەکانـی ئەندامانـی کڵێسـاکەی فلیپـی کـرد و پێـی گوتـن کـە ملکەچـی بەرژەوەنـدی یەکـتر بـن، ڕێـک وەک چـۆن مەسـیح ملکەچـی خـۆی نیشـاندا بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەوان.

هەمـان شـت ڕاسـتە بـۆ ئێمـە و کڵێسـا خۆجێییەکانمـان. ڕێـک وەک چـۆن مەسـیح هەمـوو ژیانـی خـۆی ملکەچـی بەرژەوەنـدی ئێمـە کـرد. کەواتـە ئەبێـت ئێمـە هەمـوو ژیانمـان ملکەچـی بەرژەوەنـدی یەکـتر بکەیـن. وەکـو ئـەوە نییـە کـە ئەگـەر شـوێنێک هەبێـت بـۆ ژیانمـان کـە لـە تەماشـاکردنی شـتە سەرنجڕاکێشـەکان باشـتر بەخشرابێـت لـەوەی خۆمـان.

بـە تایبەتـی، پێویسـتە ئێمـە بـە ئاشـکرایی خۆمـان بـە کڵێسـاکەمان ببەخشـین لـە ڕووی جەسـتەیی، کۆمەڵایەتیـی، هەسـت و سـۆز، دارایـی، پیشـەیی، تەندروسـتی، ڕۆحـی.

## به ئاشکرایی

یەکەم شت پێویستە مەسیحییەکان بە ئاشکرایی ملکەچی کڵێساکەیان بن. مەبەستم ئەوەیە بە فەرمی. پێویستە پەیوەندی بکەن بە کڵێسایەکەوە لە ڕێگەی پابەندبوون بە جەستە خۆجێییەکەی باوەڕدارەکان کە ئەوان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نانلەتکردنی تێدا ئەنجام دەدەن. عیسا بە ئاشکرایی خۆی و کڵێساکەی ناساند. ئێمەش پێویستە بە ئاشکرایی خۆمان بناسێنین بە ئەو و بە خەڵکەکەی، بە هۆی پەیوەندیکردنمان بە کڵێسایەکەوە. (بڕوانە بەشی هەشتەم بۆ ئەوەی بزانیت ئەمە واتای چی دەگەیەنێت بۆ کڵێسا چەوساوەکە).

## لە ڕوی جەستەیی / جوگرافی

دووەم، مەسیحییەکان پێویستە ملکەچی کڵێساکانیان بن لە ڕووی جەستەیی و هەروەها ڕەنگە جوگرافیش. ئێمە لە ڕووی جەستەییەوە ملکەچ دەبین لە ڕێگای کۆبونەوەی ڕێک و بەردەوام لەگەڵ کڵێسا. واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەک هەندێک لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیک دەبێتەوە. (عیبرانییەکان ١٠: ٢٥؛ هەروەها، کردار ٢: ٤٢-٤٧). لە هەر ڕۆژێکی تەرخانکراو بۆ خودا بەشداری کۆبوونەوە بکە (کردار ٢٠: ٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ٢).

ئێستا بهێڵە با کەمێک گرەوەکە بەرز بکەمەوە. ئەگەر ئێوە بتوانن ”خەڵکی لە خۆتان بە باشتر بزانن“ وە ”بەدوای خۆشحاڵبوونی ئەوانی دیکەدا بگەڕێن“ لە ڕێگای ژیان لە نزیکی شوێنی جوگرافی کڵێسا. کاتێک کەسێک لە شوێنێکی نزیک کڵێسایەک دەژییێت، بەبێ ڕۆشتن یان نزیک لە کۆمەڵێک باوەڕدار، ئەوا ئاسانترە کە خەڵک بانگ بکەیت بۆ ماڵی یەکدی بۆ نانی ئێوارە، بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانی یەکتر لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکاندا، وە یارمەتیدانی یەکتر بە هێنانی شیر و نان لە دوکانەکە بۆ یەکتری لە کاتی سەرقاڵی. بە دەربڕینێکی دیکە تەواو ئاسانکاری دەبێت کاتێک ژیانی ڕۆژانە هاوبەش دەبێت «تەنانەت ئەگەر بۆ پیاسەیەکیش بێت“ کاتێک کە ناسیاوێکت هەبێت لە نزیک شوێنی جوگرافیەکەت.

لە کاتی باسکردنی کڕینی خانوو یان بەکرێگرتنی شوقە، مەسیحییەکان کارێکی باش دەکەن، بە کردنی هەندێک پرسیار کە نامەسیحییەکانیش هەمان ئەو پرسیارانە

دەکەن "چەندی پارە دەوێت؟ قوتابخانەی باشی لێوە نزیکە؟" بەڵام مەسیحییەکان هەروەها کارێکی باش دەکەن کە هەندێک پرسیاری زیادە بکەن، وەکو ئەمانە:

- ئایا ڕەهنی موڵکەکە یان کرێدانەکە بواری کەمێک یارمەتیدانی تێدا دەبێت بۆ کەسانی دیکە.
- ئایا بۆ ئەندامانی دیکەی کڵێسا ئاسان دەبێت زوو بگەنە لام، کاتێک بۆ بەقوتابیکردن یان بۆ میوانی دێن.

کاتێ دواجار خێزانەکەمماڵیان گواستەوە، پرسیاری ملکەچی جوگرافی بۆ کڵێسا هاتە ئاراوە بۆ هەڵبژاردن لە نێوانی دوو خانودا هەردووکیان نرخەکانیان گونجاو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر جیاواز، خانوی یەکەم نوێتر بوو، باشتر دیزاین کرابوو، سەرنجڕاکێشتر بوو، پێویستی بە چاککردنەوە نەبوو، وە هەرزانتر بوو. بەڵام سی خولەک بە ئۆتۆمبێل لە بینای کڵێساکەوە دووربوو، وە لە هیچ ئەندامێکی کڵێسا نزیک نەبوو. خانووی دووەم کۆنتر بوو، ڕزیوتر بوو، پێویستی بە چاکردنی زۆر هەبوو، بۆ نمونە دالانی پێشەوەی کەڕووی هەڵهێنابوو، نهۆمی خوارەوە ئاوی تێدا ڕادەوەستا و دەبووە لافاو، گرانتریش بوو. بەڵام تەنها پازدە خولەک بە ئۆتۆمبێل لە بینای کڵێساکەوە دوور بوو، وە لەوەش گرنگتر، لەناو ئەوانەی لەو ناوەدا هاتوچۆیان دەکرد دەیان کەسیان (لە ئێستادا بوون بە دوو هێندەش) ئەندامانی کڵێسا بوون. من داوای ئامۆژگاریم لە چەند پیرێکی کڵێسا کرد، هەموویان ئامۆژگارییان کردم کە پەیوەندییەکانی کڵێسا لەپێش هەموو شتێکەوە دابنێم، ئەمە لە ڕاستیدا واتای ئەوە بوو کە خانوە کۆنەکەیان هەڵبژێرم، کەمتر سەرنجڕاکێش و گرانترەکە.

بە سوپاس و پێزانینەوە ئەنجاممان دا، چەندە سەرنجڕاکێش بوو بۆ تەواوی خێزانەکەمان! هاوسەرەکەم پەیوەندی ڕۆژانەی هەبوو لەگەڵ دایکەکانی دیکەدا، وە منداڵەکانمان لەگەڵ منداڵەکانیان بوون. خۆم لەگەڵ برایەک لە ڕۆژانی هەفتە بەیانیان بۆ نوێژکردن و خوێندنەوەی ئینجیل کۆدەبوینەوە، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بەردەوام بووین. وە خێزانەکانی کڵێساکەمان دەیانتوانی پێکەوە ئیش بکەن لە خزمەتکردن و مزگێنیدان بە دراوسێکانمان.

ئایا عیسا خۆی ملکەچی بەرژەوەندیەکانی ئێمەکرد بە جەستە و بە شوێنی جوگرافی؟ ئەو ئاسمانی بەجێهێشت.

## لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

سێیەم، ئێمە پێویستە خۆمان ملکەچ بکەین لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. پێویستە کڵێساکان لە یانەیەکی کۆمەڵایەتی زیاتربن، وە نابێت لەوە کەمتربن. هاوڕێکانمان ئەو کەسانەن کە ئێمە شوێنیان دەکەوین و چاویان لێ دەکەین. ئێمە پارە خەرجدەکەین لەو شوێنەی کە ئەوان پارەی لێ خەرج دەکەن. منداڵەکانمان بەو جۆرە پەروەردە دەکەین کە ئەوان پەروەردەی دەکەن. هاوڕێکانمان ئەوە دەکەن کە ئێمە چاویان لێ دەکەین (بڕوانە یاقوب ٤: ٤؛ هەروەها، یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣٣).

کۆمەڵگەی کڵێسای خۆجێیی پێویستە ئەو شوێنە بێت کە مەسیحییەکان شێوەی یەکتری تێدا دیاری دەکەن بۆ کاری باشە بە هەموو ڕێگاکانی هاوڕێیەتی. هاوڕێیانی مەسیحی بە دڵنیاییەوە بەهادارن لەناو یان لە دەرەوەی هەمان کڵێسادا. بەڵام دەربارەی هاوڕێیان کە لە کڵێسای خۆجێیی نەبن، سنوری پەیوەندی لەگەڵیان دیاری کراوە لەلایەن هەمان خزمەتی وشەوە، وە هەلی پێداون بۆئەوەی کە ئەو خزمەتە درێژە پێبدەن و شۆڕی بکەنەوە بۆ ناو ژیانی یەکتر، بەڵام بە وریایی زیاترەوە.

هەروەها پێویستە کڵێسا شوێنێکی سەلامەت بێت بۆ ئەوەی بیگوێزینەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و ناوچە خۆشەکانی خۆمان. پێویستە پەیوەندی هاوڕێیەتی دروست بکرێت لەنێوان پیر و گەنج، دەوڵەمەند و هەژار، ڕۆشنبیر و نا ڕۆشنبیر، گروپێک لە نەژادێک لەگەڵ یەکێک لە نەژادێکی کە.

ئایا تۆ هیچ کاتێک گوێت لە دەنگێک بووە لەناو مێشکتدا پێت بڵێت: ”بەڵام من نامەوێت لەگەڵ ئەودا هاوڕێ بم. ئەو وەک من نییە، ئێمە دوو پێشینەی جیاوازمان هەیە، هەردووکمان هەمان شت سەرنجمان ڕاناکێشێت“؟ بێگومان، بەڵێ گوێم لێبووە. بەڵام بیر بکەرەوە پۆڵس وەڵامی چۆن دەبێت: ”عیسا بیری لەوە نەکردەوە کە یەکسانی لەگەڵ خودا شتێک بێت کە خەڵک تێی بگات، بۆیە خۆی یەکسان کرد لەگەڵ هیچ. ئەو خودا بوو -وەکو تۆ نەبوو - پاشان بوو بە مرۆڤ. وەکو تۆ!

بە هەمان سادە و ساکارییەوە. تۆش خەڵک لە خۆت بە باشتر دابنێ کاتێک دێیتە سەر ئەوەی هاوڕێکانت هەڵبژێریت. بگەڕێ بە شوێن ئارەزوەکانیان، نەک ئارەزوەکانی خۆت.

## لە ڕووی هەست و سۆزەوە

یەکێک لە ناوەڕۆکی پەیوەندی هاوڕێیەتی، بە دڵنیاییەوە، دابەشکردنی هەست و سۆز و خۆشەویستییە. پێویستە باوەڕداران بە مەسیح هەست و سۆزەکانیان ملکەچی یەکتری بکەن. چی وام لێ دەکات دڵخۆش ببم یان شیوەن بگێڕم؟ ئەو شتە چییە کە من دەخاتە ئاهەنگگێڕان یان پرسە و غەمباری.

گوێ بگرە، پۆڵس چی بە خەڵکی کۆرنسۆس دەڵێت: "تاکو ناکۆکی لە لەشدا نەبێت، بەڵکو ئەندامەکان یەک بایەخ بە یەکتری بدەن. ئەگەر ئەندامێک ئازاری هەبوو، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا ئازار دەچێژن، ئەگەر ئەندامێک ڕێزی لێنرا، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا خۆشحاڵ دەبن." (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٥، ٦).

بە ڕۆمانیەکان دەڵێت "خۆشەویستی برایانە بە دڵ یەکتریتان خۆشبوێ، لە خۆتان زیاتر ڕێز لە یەکتری بگرن" (ڕۆما ١٢: ١٠).

ئەو فەرمانان پێ دەکات کە ئێمەش دڵخۆش بین لەگەڵ ئەو برایەی کە لە ئیشەکەیدا پلە بەرزکردنەوەیەکی گەورەی وەرگرتوە وە بەو پارە و دەسەڵاتەی کە هاوڕێکەمان دەستی دەکەوێت بەهۆی ئەو پلە بەرزکردنەوەیە دڵخۆش بین. ئایا ئێمە دەتوانین؟ ئەو فەرمان دەکات بەو ئافرەتە سەڵتە تەمەن سی ساڵە کە ئارەزووی هاوسەرگیری دەکات، دڵخۆش بێت لەگەڵ ئافرەتە بیست و دوو ساڵ تەمەنەکە کە هاوسەرگیری کرد. ئایا دەتوانێت؟ ئایا پیاوە هەژارەکە دەتوانێت غەمبار ببێت کاتێک هاوڕێ دەوڵەمەندەکەی ئیشەکەی لەدەست دەدات؟

وەڵامدانەوە بە بەڵێ بۆ ئەم پرسیارانە -لەجیاتی بەڵێ کردن بۆ: "خۆپەرستی و تەماح و لووتبەرزی بێ مانا" پێویستی بە شتێکە کە لە هەست و سۆز زیاتر بێت. پێویستی بە دڵێکە کە لەلایەن ئینجیل و ڕۆحەوە گۆڕابێت.

ڕاستەوخۆ فەرمانی پۆڵس بۆ: "نرخاندنی ئەوانی دیکە زیاتر لە نرخی خۆت" لەگەڵ "هەمان خۆشەویستی" واتای ناسینی خۆشەویستی ئەوە دەگەیەنێت کە یەکسان بوون بە خودا بە شتێک دانانێت کە لە توانای تێگەیشتندا بێت، وە پاشان وەکو ئەو خۆشویستن.

## له ڕووی داراییەوە

پێویستە باوەڕداران بە مەسیح لە ڕووی داراییەوە ملکەچی کڵێسا بن. ئەمە لە باسێکەوە بۆ باسێکی دیکە دەگۆڕێت. هەرچەند بکرێت پێویستە باوەڕداران بە مەسیح بەدوای ڕێگادا بگەڕێن بۆ ئەمەکداری بۆ فەرمانەکانی کتێبی پیرۆز، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

- "بەشداری بکەن لە پێویستییەکانی گەلی پیرۆزی خودا، میوانداری خوشک و برا نامۆکان بکەن" (ڕوما 12: 13؛ هەروەها، گەلاتیا 2: 10؛ یۆحەنا 3: 17).
- "بەڵام لەبارەی کۆمەک بۆ گەلی پیرۆزی خودا، چۆن کڵێساکانی گەلاتیام ڕاسپاردووە، ئێوەش ئاوا بکەن: لە سەرەتای هەر هەفتەیەک با هەریەکەتان چەندی لە توانادایە بیخاتە لایەک، تاکو کۆمەکەکە ئەو کاتە نەبێت کە دەگەمە لاتان" (یەکەم کۆرنسۆس 16: 2-1؛ ڕۆما 15: 26).
- بە هەمان شێوە مەسیحی خاوەن شکۆ فەرمانی داوە، ئەوانەی کە مزگێنی ڕادەگەیەنن گوزەرانیان لەسەر مزگێنییە" (یەکەم کۆرنسۆس 9: 14، هەروەها 9: 13-11؛ مەتا 10: 10؛ لۆقا 10: 7؛ گەلاتیا 6: 6 هەروەها، یەکەم تیمۆساوس 5: 17–18).

## له ڕووی پیشەییەوە

پێویستە باوەڕداران بە مەسیح پیشەکانیان ملکەچ بکەن بۆ کڵێسا. لە لای هەندێک کەس ئەمە واتای ئەوەیە بچن بۆ خزمەتی پیشەکان. بۆ هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح ئەمە واتای تێگەیشتنە لەوەی کە ژیانی ئەندامە تازە پێگەیشتوەکانمان درێژە دەکێشێ بۆ هەتاهەتایە، لە کاتێکدا پیشەکانمان بۆ هەتاهەتایە بەردەوام نابێت.

من ژن و پیاو دەناسم کە کارمەندی خۆبەخشن، بۆ بەرژەوەندی و خزمەتکردن لە کڵێسا لە ناوچەکەیاندا، وە کەسانێک کە بەرزکردنەوە و پارەی زیاتریان ڕەتکردۆتەوە، هەندێک ئیشی گەورەتریان لە کۆمپانیای بە ناوبەنگی باشیان بەجێهێشتوە بۆ ئیشی بچوکتر، کەسانێک کە ڕەتیان کردۆتەوە کە بچنە شارێکی دیکە. لە هەر یەک لەم بارودۆخانەدا، کەسەکان هەلەکانیان لەکیس خۆیان داوە، چونکە زانیویانە ڕێگردەبێت لەبەردەم توانایان بۆ گرنگیدان بە کڵێسا و خێزانەکەی. وە هەروەها من خەڵکی

دیکەم ناسیوە کە ڕەتیان کردۆتەوە لە ڕۆژانی شەممە ئیش بکەن، یان ئیشی زۆریان هەبێت، کاتێک دەیان توانی، نەک لەبەر ئەوەی ئەوان لە پەیڕەوکەرانی شەممەییەکانن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمە ئەو کاتەیە کە کڵێسا کۆدەبێتەوە.

بەڵام، لە باشترین و شارەزاترین کەسە پیرەکانی کڵێسا ئەو کەسانە نین کە لە پەیژەی پسپۆریدا بەرەو سەرەوە دەڕۆن، بەڵکو ئەوانن کە بەرەو خوارەوە دەڕۆن بۆ بەرەو پێشخستنی کڵێسا.

## لە ڕووی ڕەوشتییەوە

پێویستە باوەڕداران بە مەسیح لە ڕووی ڕەوشتییەوە خۆیان پێشکەش بە کڵێسا خۆجێیەکان بکەن. ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە تەواوی دەسەڵات بدرێتە کڵێسا وەک چۆن منداڵێک ناتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دایک و باوکیدا بسەپێنێت. ڕاستییەکەی، دەبێت باوەڕداران بە مەسیح بۆ ئامۆژگاری ڕەوشتی و پشت پێ بەستن ڕوو لە کڵێسا بکات و بە وشەکانی خودا یارمەتی بدرێیت.

پۆڵس دەنوسێت: ”خوشکان، برایان، ئەگەر کەسێک تووشی گوناهێک بوو، با ئێوەی ڕۆحانی کەسی ئاوا بە ڕۆح نەرمی ڕاست بکەنەوە. سەیری خۆشت بکە نەوەک تۆش بکەویتە تاقیکردنەوە» (گەلاتیا ١: ٦). یەهوزاش دەڵێت: ”هەندێک لە ئاگر بڕفێنن و ڕزگاریان بکەن، لە ترسدا بەزەییتان بە هەندێکدا بێتەوە، تەنانەت ڕقتان لەو بەرگانە بێتەوە کە بە جەستە گڵاو بوونە« (یەهوزا ٢٣). کڵێسا خۆجێییەکان بە سەرەکی ئەو شوێنەن کە یارمەتی باوەڕداران دەدەن بۆ ئەوەی بەرامبەر گوناهەکانیان بجەنگن و ئێمەش هەموو یارمەتیەک وەردەگرین.

ئەگەر خوشک یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت بەدەستدەهێنیتەوە (مەتا ١٨:١٥). خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەک یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو هەر بابەتێک لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی بسەلمێنرێت. ئەگەر بەگوێی نەکردن، بە کڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی کڵێساشی نەکرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ (مەتا ١٨: ١٦-١٧).

هەموو ئەمانە بەشێکن لەوەی بەشداری کڵێسا بکەی لە ڕووی ڕەوشتییەوە.

## ڕۆحی

لـە کۆتاییـدا، مەسـیحەکان بـە شـێوەیەکی ڕۆحـی بەشـداری بکـەن. بەمـەش مەبەسـتم لـە سـێ شـتی تایبەتـە:

- یەکـەم، ئـەم کۆمەڵـە خەڵکـە ئـەو شـوێنەیە کـە مەشـقی ڕۆحـی تێـدا ئەنجـام دەدەیـن. پۆڵـس دەڵێـت "بـەڵام دەرکەوتنـی بەهـرەی ڕۆحـی پیـرۆز بـۆ هـەر یەکێـک لـە پێنـاوی سـوودمەندی گشـتییە دەدرێـت" (١ کۆرنسـۆس ١٢:٧).
- دووەم، کڵێسـای خۆجێیـی ئـەو جێگەیەیـە کـە پێویسـتە بـاوەڕداران بە مەسـیح تێیـدا یەکـتری بنیـاد بنێـن لـە بـاوەڕدا، لـە ڕێـی وشـەکانی خـوداوە. یەهـوزا دەڵێـت "بـەڵام ئێـوە خۆشەویسـتان، خۆتـان لەسـەر بـاوەڕی پیرۆزتـان بنیـاد بنێـن، بـە ڕۆحـی پیـرۆز نوێـژ بکـەن، خۆتـان لەنـاو خۆشەویسـتی خـودا بپارێـزن، چاوەڕوانـی بەزەیـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان بـن بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی" (یەهـوزا ٢٠-٢١؛ هەروەهـا، ئەفسـۆس٤: ١١-٣٢).
- سـێیەم، ئـەوە خەڵکەکانـە کـە دەبـێ بـە بەردەوامـی لـە نوێژەکانـان باسـیان بکەیـن.

## خۆتەرخانکردن بۆ ناشیرینی

ڕاستی بگوترێـت خەڵکـی لـە خۆتەرخانکـردن ناترسـن. بـەڵام تەنهـا دەیانـەوێ خۆیـان بـۆ ناشرینـی ببخەخشـن، وەک پاڵەوانەکـەی دسـترێس کـە خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ ڕزگارکردنـی دامسـێڵ.

ئـەوەی پێشـبینی نەکـراوە لـە مەسـیحییەت ئەوەیـە کـە پاڵەوانەکـەی ژیانـی ناخاتـە مەترسـییەوە بـۆ دامسـێڵ، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی ئینجیـل دەیەوێـت، وەک هارلـۆت. لـە دوای ئـەوە هەموویـان بانـگ دەکات و دەڵێـت کـە هەموویانـی ڕزگار کـردوە، بـەڵام تەنهـا هارلۆتـی ڕزگار کـردوە -بوکەکـە هێشـتا ئامـادە دەکرێـت، کڵێسـاکە.

ئێسـتا، خۆتەرخانکـردن بـۆ ناشرینـی خەڵکـی دەترسـێنێ، دەکرێـت ئـەو ناشـیرینیەش بریتـی بێـت لـە کڵێسـا خۆجێییـەکان. کڵێسـاکان پـڕن لـە کەسـە گوناهبـارەکان، کـە واتـای سـەرکەوتنیان زۆر جیـاوازە لەگـەڵ ئێمـە. بـەڵام مەسـیح بەم شـێوەیە ئێمەی خۆشویسـتوە:»

یەکتریتـان خۆشـبوێ. وەک مـن خۆشمویسـتن، ئێـوەش بـەو جـۆرە یەکتریتـان خۆشـبوێ“ (یۆحەنـا ١٣: ٣٤) خۆشویسـتنەکەی مەسـیح بـە شـێوەیەکی نـاوازە ناشـیرینیەکان دەکات بـە جوانـی، بڕوانـە (ئەفسـۆس ٥: ٢٢-٣١). وە خۆشویسـتنی ئێمـە بـۆ یەکـتر پێویسـتە هەمـان کار بـکات -یارمەتیـدەر بێـت بـۆ ئـەوەی ناشـیرینییەکان ببن بـە جوانـی.

کـێ دەتوانـێ بـەم شـێوەیە خۆشەویسـتی بـکات؟ تەنهـا ئـەو کەسـانەی کـە دڵیـان ئـازاد کـراوە لـە خزماتـکاری خۆشـی ئـەم جیهانـە و چاویشـان کراوەتـەوە: ”ئەگـەر کوڕەکـە ئـازادی کـردن، ئـەوا بـە ڕاسـتی ئـازاد دەبـن“ (یۆحەنـا ٨: ٣٦).

## پێویستە ئەندامان چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قەشەکان بکەن؟

هەمـوو ئەندامێکـی کڵێسـا لـە داهاتـوودا، لەبـەردەم تەختـی خـودا ڕادەوەسـتێت و حسـابێک پێشـکەش دەکات کـە چـۆن ئیشـی کـردوە بـۆ پاراسـتنی ئینجیـل لـە ژیانـی ئەندامەکانیـدا (بڕوانـە گەلاتیـا ١) ئەمـە دەڵێـت، ڕۆحـی پیـرۆز قەشـەکان و پیرانـی دامەزرانـدووە کـە چاودێـری کڵێسـا دەکـەن. (کـردار ٢٠: ٢٨؛ تیتـۆس ١: ٧؛ یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٢). کـە واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە قەشـە و پیـران نوێنەرایەتـی ئیشـی چاودێریکردنـی کڵێسـا دەکـەن ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە ژیانـی کۆبونـەوەدا. ملکەچـی بـۆ کڵێسـا هەمیشـە واتـای ملکەچییـە بـۆ ئـەوان. بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئەندامـەکان چـۆن دەتوانـن هەڵسـوکەوت لەگـەڵ قەشـەکان بکـەن.

١. پێویسـتە ئەندامـەکان بـە فەرمـی قەشـەکانیان پشتڕاسـت بکەنـەوە. زۆرێـک لـە کەلتـورەکان هـاوڕا نیـن لەگـەڵ ئەمـە. بـەڵام مـن بـاوەڕم وایـە، مـادام لـە کۆتاییـدا بـاوەڕداران بەرپرسـیارن لـە بـەردەم خـودا لەبـارەی ئـەوەی فێریـان کـراوە (بڕوانـە گەلاتیـا ١)، ئەندامانـی کڵێسـا بەرپرسـیارن لـە هەڵبژاردنـی ڕابەرانیـان، پێویسـتە کۆبونـەوە ڕێگـە خـۆش بـکات بـۆ قەشـەکان کـە لـەم قۆناغـەدا ڕابەرایەتـی بکـەن، بـەڵام پشتڕاسـتکردنەوەی کۆتایـی، پشتڕاسـتکردنەوەی کڵێسـایە. (ڕەنگـە هەروەهـا ببێتـە ئـەو بابەتـەی کـە دەسـەڵاتی کڵێسـا بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ڕابەرەکانـی لـە دەسـەڵاتی نێردراویـدا. کـە دەبێتـە میراتـی بـە ڕێگـەی کلیلی نێردراویدا. (بڕوانـە کـردار ١٤: ٢٣)، هەروەهـا ڕۆڵـی کۆبوونەوەیـی لـە (کـردار ١؛ کـردار ٦).

٢. پێویسـتە ئەندامـەکان ڕێـز لـە قەشـەکانیان بگـرن. توانـای کەلتـوری ئێمـە بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕێزلێنـان بـەردەوام لاوازە. بـەڵام وەک چـۆن کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت پێویسـتە منـداڵان ڕێـز لـە دایـک و باوکیـان بگـرن، هـەر بـەو جـۆرەش پێویسـتە بـاوەڕداران بـە مەسیح ڕێـز لـە قەشـەکەیان بگرن، کتێبـی پیـرۆز تەنانـەت دەڵێـت "ڕێـزی دووهێندەیـان لێبگـرن" (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٧) وە ئەمـە واتـای ئەوەش دەگرێتـەوە کـە پارەیـان بدرێتـێ. (٥: ١٨).

٣. پێویسـتە ئەندامـەکان ملکەچـی قەشـەکانیان بـن. ئـەم دوو ئایەتـەی عیبرانییـەکان پێویسـتە ئاویتـە بکرێـن لەگـەڵ تێگەیشـتنی ئێمـە بـۆ ژیانـی مەسـیحییانە. ڕابەرەکانتـان لەیـاد بێـت، ئەوانـەی باسـی وشـەی خوداتـان بـۆ دەکـەن، تەماشـای سـەربوردەیان بکـەن و لاسـایی باوەڕیـان بکەنـەوە (عیبرانییـەکان

١٣: ٧) گوێڕایەڵـی ڕابەرەکانتـان بـن و ملکەچیـان بـن، چونکـە شـەوارەتان بـۆ دەگـرن، وەک بڵێـی حیسـابیان پێشکەشـی خـودا دەکـەن، تاکـو بـە شـادییەوە ئەمـە بکـەن نـەک بـە بێـزاری، چونکـە ئەمـە زیانـی بۆتـان دەبێـت (عیبرانییـەکان ١٣: ١٧).

٤. پێویسـتە ئەندامـەکان نوێـژ بـۆ قەشـەکانیان بکـەن. ئـەم پیاوانـە ئـەو کەسـانەن کـە ژیـان و فێرکردنەکانیـان کڵێسـا دەپارێزێـت. ئایـا سـوودبەخش نابێـت بۆمـان ئەگـەر نوێژیـان بـۆ بکەیـن.

٥. پێویسـتە ئەندامـەکان ئـەو تاوانانـەی ئاراسـتەی قەشـەکان دەکرێـن بهێننـە بەردەمیـان. چونکـە ئـەوان لـە پێشـەنگ دان. پۆڵـس ڕابـەران دەپارێزێـت بەهـۆی داواکردنـی دوو یـان سـێ شـایەت بـۆ قبوڵکردنـی سـکاڵاکە. سـکاڵا لەسـەر هیـچ پیرێـک قبـوڵ مەکـە، بـە دوو یـان سـێ شـایەت نەبێـت (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٩). ئەمـە ئەوەمـان پێدەڵێـت، پێویسـتە کۆمەڵەکـە ڕێگـە نـەدەن بـە پیرێـک کـە خـۆی دوور بخاتـەوە لـە بەردەوامـی لـە خزمـەت.

٦. پیویسـتە ئەندامـەکان ئاگـر بەردەنـە ئـەو شـوانانەی کـە ئینجیـل ڕەت دەکەنـەوە، کاتێـک فێرکـەرە هەڵـەکان هاتنـە نـاو کڵێسـای گەلاتیـاوە، پۆڵـس پیرەکانـی ڕاسـت نەکـردەوە. ئـەو کڵێسـاکەی ڕاسـت کـردەوە. کاتێـک شـوانەکان دەسـت دەکـەن بـە ڕەتکردنـەوەی ئینجیـل بـۆ ئـەوەی خەڵـک فێـری خوانەناسـیی بکـەن، خـودا بانگـی ئەندامـەکان دەکات و داوایـان لـێ دەکات کـە گڕیـان تێبـەردەن.

# بەشی حەفتەم
# چی ڕوو دەدات کاتێک ئەندامەکان نوێنەرایەتی عیسا ناکەن؟

ئەگەر تۆ بچوبووای بۆ کتێبخانەی ناوچەکەتان و یەکەم چاپی ڕۆژنامەی یوئێست بکردبایەوە، کە ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی تۆمارکردووە لە بارەی ڕۆژی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١، ئەوا وێنەی پیاوێکت دەبینی کە لەسەر پلیکانەکانی تاوەرە گەورەکەی پایتەخت دانیشتوە و ئاڵایەکی ئەمریکی بە دەستەوە گرتووە، ناوی هێرمۆنۆیە یان بە کورتکراوەیی مۆنۆ. مۆنۆ ناوی دووەمی نییە، بۆیە شوێنی ناوی دووەم لەسەر مۆڵەتی شۆفێرییەکەی بە لنۆ دەخوێنرێتەوە، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ناوی دووەمی نییە و نەزانراوە، مۆنۆ هاوڵاتییەکی ئەندەنوسییە، بەڵام نیشتیمانخوازێکی سەرسەختە.

مۆنۆ پێش چەند ساڵێک بووە بە ئەمەریکی، کاتێک کە کەسێکی باوەڕدار بە مەسیح بە ناوی دۆوگ بە ڕێکەوت لە بازاڕێکی واشینتۆن دی سی ئەوی ناسی، ئەمە لە ٤ی جولای ٢٠٠١ دابوو، لەو کاتەدا مۆنۆ تەماشای یارییە ئاگرینەکانی دەکرد. دۆوگ پلانێکی دیکەی هەبوو. باسی ئینجیلی بۆ مۆنۆ کرد. مۆنۆ زۆر بە جوانی گوێی لێگرت و باوەڕی هێنا. دووبارە لەدایک بۆوە.

چەند مانگێک لە دوای ئەوە، کڵێساکەی من ئەویان لە ئاوهەڵکێشا و کردیان بە ئەندام. بە فەرمی بوو. وەک ئاگادارکردنەوەی ڕۆژنامەوانی وە بە هەموو نەتەوەکانی ڕاگەیاندن: ئا ئەوە هاونیشتمانییەکی شانشینی مەسیحی هات.

کڵێساکە زۆربەیان وورەی مۆنۆ و میهرەبانییەکەی ئەویان پێ خۆش بوو. لە یەکێک لە بۆنەکاندا خواردنی تەواوی بۆ نانی ئێوارە بۆ هەموو ئامادەبووان کڕی بۆ ئەوەی بتوانێت میوانداری هەموو ئەو کەسانە بکات کە کاریگەرییان هەبووە لە بەقوتابیکردنی لە مەسیحدا. ئەو کڵێساکەی خۆشویست، کڵێساش ئەوی خۆشویست.

هەندێک جار ئەمە سەرکەوتوو نابێت، پاش پەیوەندیکردن بە کڵێساوە، پیرەکان زانییان کە مۆنۆ بە نایاسایی لە وڵاتەکەیان کاردەکات. ئەو دەربارەی کارەکەی درۆی لەگەڵیان کردبوو، وە هێشتا هەر بەردەوامبوو لە درۆکردن لەگەڵ خاوەن کارەکەی، کە وایدەزانی ئەو بە یاسایی لەوێیە. ڕا و بۆچوونەکان تێکەڵوپێکەڵ و جیاواز بوون لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچکردنی نایاسایی، لەو کاتەوەی کە حکومەتی ئەمەریکی یاسای پەیوەندیداری بەم بابەتەوە دەرنەکردبوو. بەڵام یەک شت ڕوون

بـوو، نابێـت بـاوەڕداران بـە مەسـیح درۆ لەگـەڵ خـاوەن کارەکانیـان بکـەن، بـە شـاردنەوەی بارودۆخـی ئیشـەکەیان. عیسـا درۆ نـاکات. جگـە لـەوەش ئـەوەی بـەردەوام دەبێـت لـە درۆکـردن نوێنەرایەتـی عیسـای پـێ ناکرێـت.

چـوار مانـگ کڵێسـا لێـی پاڕانـەوە کـە ڕوون بێـت. وە کڵێسـا لـە بـواری داراییـدا یارمەتیـدەری دەبێـت. بـەڵام ئـەو هـەر ڕازی نەبـوو. هەندێـک جـار وا دەردەکـەوت کـە نـەرم بـووە و خەریکـە ڕازی بێـت، بـەڵام پاشـان دووبـارە پەشـیمان دەبـۆوە، وە ئـەو مکـوڕ بـوو لـە مانـەوە لـە نـاو سنورەکانی ئەمەریـکادا. وای لێهـات دیاربـوو کـە ئـەو نـرخ زیاتـر بـۆ مانـەوە لـە ئەمەریـکا دادەنێـت وەک لـە وشـەی خـودا.

لـە کۆتاییـدا کڵێسـا بـە دڵێکـی شـکاوەوە سـزایان دا, بەهـۆی ڕەتکردنـەوە و ڕازینەبـوون لەسـەر گوتنـی ڕاسـتییەکان. وە پێیـان طـوت کـە ئەندامـەکان چـی دیکـە ناتوانـن بـە مەسـیحی بانگـی بکـەن و هاونیشـتمانیبوونی ئـەو لـە پاشایەتییەکە بسـەلمێنن. وا فەرمانیـان پێکـرد کـە ڕاوەسـتێت لـە بەشـداریکردنی خوانـی ئێـوارەی پـەروەردگار و وەرگرتنـی نانلەتکـردن. ئـەوان لـە ئەندامێتـی کڵێسـا دەریانکـرد. ئـەوە ڕۆژێکـی غەمنـاک بـوو بـۆ کڵێسـاکە.

## ڕاگرتن و سزای کڵێسا چییە؟

سـزای کڵێسـا چییـە؟ لـە دەسـتەواژە گشـتییەکاندا، سـزای کڵێسـا یەکێکـە لـە پرۆسـەکانی ڕاگرتـن. ئـەو بەشـەی کـە ئێمـە تاوانـی پـی ڕاسـت دەکەینـەوە و سـزا دەستنیشـان دەکەیـن بـۆ ئاراسـتەکردنێکی باشـتر. کـە سـزابدرێیت واتـای ئەوەیـە لەنێـوان شـتەکانی دیکـەدا سـزابدرێیت. وە سـزای مەسـیحی لـە ڕێگـەی ڕێنماییـەکان و ڕاسـتکردنەوە دەبێـت. وەک لـە وانـەی بیرکاریـدا مامۆسـتا وانـە دەڵێتـەوە و پاشـان هەڵەکانـی قوتابییەکانـی ڕاسـت دەکاتـەوە. بـە نافەرمـی، پاشـان سـزادانی کڵێسـا دەسـت پـێ دەکات، لـەدوای وشـەیەکی تایبەتـی گلەییکـردن لـە برایـەک کـە گونـاه دەکات.

دەسـتەواژەیەکی زۆر تایبـەت و فەرمییـە، سـزادانی کڵێسـا بریتییـە لـە پەیڕەوکردنـی دورخسـتنەوەی کەسـێک لـە ئەندامێتـی و بەشـداریکردن لـە خوانـی پـەروەردگار.

کڵێسـا بـە کەسـەکە نالێـت کـە ڕاوەسـتێت لـە ئامادەبـون لـە کۆبونـەوە ئاشـکرا و گشـتییەکانی. کڵێسا دەیەوێـت کەسـەکە بێـت و گـوێ بگرێـت لـە وتـاری وشـەکانی خـودا. لـە هەمـان کاتـدا کڵێسـا دەڵێـت ئێمـە ناتوانیـن پشتڕاسـتی شـارەزایی ئـەو کەسـە بکەینـەوە

لـە بـاوەڕدا، وە لەبـەر ئـەم هۆیـە کڵێسـا ڕەتـی دەکاتـەوە کـە خوانـی ئێـوارەی پـەروەردگاری پێبـدات. ئـەوە نـا پەیوەندیدارییـە یـان ناپەیوەندیداربونـی کڵێسـایە لەگـەڵ کەسـەکە.

لـە بەشـی ١٨ ی مەتـا (بڕوانـە پارچـەی ٣)، لەوانەیـە بەناوبانگتریـن بـەش سـەبارەت بـە سـزادانی کڵێسـا یەکـەم کۆرنسـۆس ٥ بێـت. لەوێـدا پۆڵـس سەرزەنشـتی خەڵکـی کڵێسـای کۆرنسـۆس دەکات بەهـۆی شـانازیکردنیان بـە لێخۆشـونیان لـە پیاوێـک کـە لەگـەڵ ژنـی باوکـی دەخەوێـت. ئـەو پێیـان دەڵێـت کـە ئێـوەش لووتبـەرزن! باشـتر نەبـوو ماتەمـدار بـن، ئـەو کەسـەش کـە ئـەم کارەی کـردووە لـە خۆتانـی دووربخەنـەوە؟ (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٢) بـۆ سـزادانی (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ١٢) بـۆ دەرکردنـی (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٥) ئـەوە شانشـینی شـەیتانە، کـە جیهانـە، ئـەو ئیـتر ناتوانێـت وەک هاوڵاتییەکـی شانشـینی خـودا خـۆی بناسـێنێت، هەتـا ئـەوەی بـەم جـۆرە بـژی ناتوانێـت بـەردەوام بێـت. لـە بیـرت بێـت ئەگـەر ببیتـە ئەندامـی کڵێسـا ئـەوا تـۆ دەبیتـە نوێنـەری عیسـا. سـزادان پـاش ئـەوە ڕێڕەوێکـی گونجـاو وە کارێکـی شـیاوە، لـە کاتێکـدا کـە نوێنەرایەتیکردنـی کەسـێک بـۆ عیسـا شـەرمەزاری بـۆ عیسـا دەهێنێـت.

## مەبەستەکانی سزای کڵێسا چین؟

سـزاکانی کڵێسـا بەلایەنـی کەمـەوە پێنـج مەبەسـتیان لـە پشـتەوەیە. یەکـەم: ئامانجـی سـزاکە ئاشـکراکردنە. گونـاه وەک شـێرپەنجە وایـە، حـەزی لە خۆشـاردنەوەیە. سـزا ئاشـکرای دەکات، شـێرپەنجەکە دەردەخـات بـە ئومێـدی ئـەوەی بەڵکـو بـە خێرایـی ببڕدرێـت (بڕوانە یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٢).

دووەم: سـزا ئامانجـی ئاگادارکردنەوەیـە. کڵێسـا لـە ڕێگـەی سـزادانەوە یاسـاکانی دادگایـی خـودا دادەڕێژێـت. بەڵکـو شـانۆگەرییەکی بچـوک پێشـکەش دەکات کـە وێنـەی دادگاییکردنـە گەورەکـە دەردەبڕێـت. بـۆ ئـەوەی بێتـە دی (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٥).

سـێیەم: سـزای کڵێسـا ئامانجـی ڕزگارکردنـی هەیـە. کاتێـک کڵێسـاکان ئەندامێـک دەبینـن بـەرەو مـردن ملـی ڕێـی گرتـووە هەوڵـی سزادان دەدەن، لـێ دەپاڕێنـەوە و باڵ ڕاوەشـاندنی هیـچ کەسـێک نایگەڕێنێتـە دواوە. ئـەوە دوا ڕێگـە چارەیـە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٥).

چـوارەم: سـزادان ئامانجـی پاراسـتنی هەیـە. هـەروەک چـۆن شـێرپەنجە لـە خانەیـەک بـۆ خانەیەکـی دیکـە بـڵاو دەبێتـەوە، بـە هەمـان شـێوە گونـاه بـە خێرایـی لـە کەسـێکەوە

بـۆ کەسێکی دیکـە بـڵاو دەبێتـەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٦).

پێنجـەم: سـزادان ئامانجـی ئەوەیـە کـە شـایەتێکی بـاش پێشـکەش بـە عیسـا بـکات. سـزادانی کڵێسـا، سـەیرە ئەگـەر وا بڵێیـن، لـە ڕاسـتیدا بـۆ نـا مەسـیحییەکان باشـە. چونکـە یارمەتـی لـە پاراسـتن و هێشـتنەوەی سەرنجڕاکێشـی سـیفەتە جوانەکانـی خەڵکـی خـودا بکـە (بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ١). کڵێسـاکان، لـە یـادت بێـت، پێویسـتە ڕوناکـی و خـوێ بـن بـۆ زەوی و ڕووناکـی بـن بـۆ جیهـان.

”ئێـوەن خوێـی زەوی، بـەڵام ئەگـەر خـوێ سـوێرییەکەی نەمـا، بـە چـی سـوێر دەکرێتـەوە؟ ئیـتر بەکەڵکـی هیـچ نایـەت، ئـەوە نەبـێ فڕێبدرێتـە دەرەوە و خەڵکـی پێشـێلی بکـەن“ (مەتـا ٥: ١٣).

مۆنـۆ، گوناهەکـەی خـۆی لـە تاریکیـدا شـاردەوە. نەیویسـت درۆکـەی ئاشـکرا ببێـت. وە کاتێکیـش ئاشـکرا بـوو. نەیویسـت وەک گونـاە مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات. ویسـتی مامەڵـە لەگـەڵ بابەتەکـە بـکات وەک شـتێکی زۆر پێویسـت کـە نەتوانرێـت چارەسـەری بـۆ بدۆزرێتـەوە، ئـەو خـۆی لـە دڵـەوە خـۆی هەڵدەخەڵەتانـد. سـۆزی زیاتـری بـۆ شـتێکی دیکـە هەبـوو وەک لـەوەی بـۆ عیسـا و بـۆ وشـەکانی.

کڵێسـاکە، بـە خۆشەویسـتییەوە، نەیویسـت نـە ئـەو و نە کەسـی دیکـە هەڵبخەڵەتێنرێن. کڵێسـا ویسـتی ئـاگاداری بکاتـەوە. ڕزگاری بـکات. بیپارێزێـت. ئـەو بـاوەڕدارە نوێیانـە بپارێزێـت کـە ڕەنگـە چەواشـە بووبـن و داکۆکـی لـە درۆکـردن بکـەن و بـە شـیاوی بزانـن. وە بـۆ ئـەوەی دراوسـێکانی خۆشـبوێت بـە مەرجـی پاراسـتنی تایبەتمەنـدی کڵێسـا.

لەبـەر ئـەوە، کڵێسـا لـە ڕێگـەی سـزادان و ڕێگریکـردن، خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینەی خـۆی ئاشـکرادەکات بـە ڕادەسـتکردنی بـە ئاسـتێک کـە لـە سـەرووی بژاردەکانـی خـۆی بێـت. لـە کۆتاییـدا کڵێسـا هیـچ شـتێک نـاکات کەمـتر یـان زیاتـر بێـت لـە ئاشـکراکردنی ئـەم ڕاسـتییە (تـۆ عیسـا هەڵنابژێریـت، کەواتـە تـۆ ناتوانیـت لەگـەڵ عیسـا بیـت).

ئـەو مەبەسـتانەی کـە دیـاری کـران بـۆ هەمـوو جۆرەکانـی سـزادان، بـە دڵنیایـەوە، پێویسـتە بـە خۆشەویسـتییەوە بـن: خۆشەویسـتی بـۆ تاکـە کەسـەکە، خۆشەویسـتی بـۆ کڵێسـا، خۆشەویسـتی بـۆ ئـەو جیهانـەی تەماشـامان دەکات، خۆشەویسـتی بـۆ مەسـیح.

خـودا، لـە دوای هەمـوو شـتێک (سـزای ئەوانـە دەدات کـە خۆشـی دەوێـن) وە (هەمـوو کەسـێک تەمبـێ دەکات کـە وەک ڕۆڵـەی خـۆی قبوڵـی کردبێـت (عیبرانییـەکان ١٢: ٦). بـە

ڕێگای ڕازینەبوون لە سزادان، داوا دەکەین کە ئێمە لە خودا باشتر خۆشویستنمان هەبێت.

خودا بە خۆشویستنەوە دەزانێت کە سزادان و ڕێککردنەوەی ژیان، گەشەکردن، تەندروستی، دەهێنێتە کایەوە، نەک باوکانمان بۆ ماوەیەک ئەوەندەی بە باشیان زانیوە تەمبێیان کردووین، بەڵام خودا بۆ سوودی ئێمەیە تەمبێمان دەکات، تاکو بەشداری پیرۆزییەکەی بکەین. (عیبرانییەکان ١٢: ١٠). بەڵێ ئەمە ئازاربەخشە. بەڵام بەروبوومی دەبێت. هەمووو تەمبێکردنێک لە کاتی خۆیدا ئازاربەخشە و خۆش نییە، بەڵام دواتر بەروبوومی ئاشتییانەی ڕاستودروستی دەگرێت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهێنراون (عیبرانییەکان ١٢: ١١).

## کەی پێویست دەبێت کڵێسا تەمبێکردن ئەزمون کات؟

وەڵامە کورتەکە ئەمەیە. کاتێک کەسێک تاوان ئەنجام دەدات پێویستە کڵێسا ئەزمونی سزادان و تەمبێکردن بکات. ئەندامانی کڵێسا پێویستە کارامەیی ڕووبەڕووبونەوەی تاوان بە نهێنی و بە سۆزەوە فێر بن.

مانای ئەوە نییە چەکوشێک بگریت بەدەستەوە و بە توندی لە براکەت بدەیت، هەرکاتێک ئەو سەرپێچییەکی بچوکی ئەنجامدا. هەندێک کات باشترین شت ئەوەیە کە هیچ نەڵێیت. وە کاتێکیش کە شتێک دەڵێیت. بە گشتی وا باشترە کە بە ئاراستەکردنی پرسیار دەست پێبکەیت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕاستییەکانت لەلایە، وە بۆ ئەوەی سوود لە گومانەکە وەربگریت لە بەرژەوەندی کەسەکە. هێشتاش پێویستە کڵێساکە جۆرەکانی پەیوەندییەکان بکێڵێت، لە شوێنێک کە ڕاستکردنەوەی نافەرمی بانگهێشتکراوە و وەرگیراوە - وەکو ڕەفتارێکی خۆشەویستانە.

تەمبێکردنی فەرمی کڵێسا لەلایەن هەمووو کۆمەڵەکەوە تەرخانکراوە بۆ گوناهی وەکو ئەوانەی نیشانەن بۆ ئەوەی کە کڵێساکە هەست دەکات کە لەوە زیاتر لە توانایدا نییە شارەزایی کەسەکە لە باوەڕدا پشتڕاست بکاتەوە. کەسەکە بەردەوام دەبێت لە بانگکردنی خۆی بە مەسیحی و نوێنەری عیسا، بەڵام وشەکانی ئەو ئیتر بەهۆی سروشتی گوناهکردنەوە جێگای باوەڕپێکردن نین.

با بەم شێوەیە دایبڕێژم: لە شوێنێک کە هێڵێک هەیە لە نێوانی تاوانەکان و شێوازی تاوانەکان کە تۆ پێشبینی دەکەیت بۆ مەسیحییەکان، وە گوناهەکان لەلایەک و شێوازی گوناهەکان لەلایکی دیکە، کە وات لێدەکات وا بیر بکەیتەوە کە کەسێک

ڕەنگە مەسیحی نەبێت. تەمبێکردنی کڵێسا مسۆگەرە، ڕەنگە تۆ بڵێیت، کاتێک تاکە کەسێک یەکەم بوار دەبڕێت بەرەو دووەم. ئەمە شتێک نییە کە یەکسەر بچێتە ژێر پێستی تۆوە، بە شێوەیەکی تایبەتی وە شاراوە، ئەمە شتێکە کە هەموو کۆبونەوەی خەڵکەکە تەماشای دەکەن و ڕازی دەبن بە ناشایستە بوونی. قسەی کەسەکە چیتر جێگای متمانە نابێت. متمانەی لە پیشەکەی خۆیدا لەدەست داوە، لەوانەیە داوای پەشیمان بوونەوە بکات یان تەنها بڵێت ئەمە کێشە نییە یان بڵێت ئەمە سەرپێچییەکی زۆرخراپ نییە. بەڵام هۆکارەکە هەرچییەک بێت کڵێسا ناتوانێت لەوە زیاتر باوەڕی پێبکات. بۆیە کڵێسا پشتڕاستکردنەوەی ئاشکرایی ئەو لە خوانی پەروەردگار لادەبات. پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکانی لێ دەستێنێتەوە و ئاگاداری دەکاتەوە کە لەوە زیاتر ئەو ناتوانێت هاونیشتمانی بوونی خۆی بۆ شانشینی مەسیح بسەلمێنێت.

ڕەنگە کەسێک بڵێت. بۆ نمونە، جیاوازی هەیە لە نێوان درۆیەکی سەرزارەکی کە لێی پەشیمان بۆتەوە لەگەڵ درۆیەک کە کەسەکە ژیانی لەسەر بنیاد دەنێت و ئامادە نییە دەستی لێ هەڵبگرێت. کە ئەمەی دووەمیان نمونەی وەک مۆنۆیە.

ئایا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە کڵێساکان پێویستە دڵی کەسەکان بناسن؟ بێگومان نەخێر. خودا چاوێکی پێداوین کە تیشکی ئێکس-ڕەی تێدایە. بەڵام خودا بەڕاستی داوا لە کڵێساکان دەکات کە بەروبومی ژیانی کەسەکان ببینن وە پەیوەندییەکی حوکمدان ئەنجام بدەن "پۆڵس ڕێک ئەمەی کرد، بڕوانە (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١٢؛ مەتا ٣: ٨؛ ٧: ١٦ -٢٠؛ ١٢: ٣٣؛ ٢١: ٤٣).

ئایا ئێمە دەتوانین شتێک بڵێین لەمە نەگۆڕتر بێت دەربارەی شوێنی ئەو هێڵە لە نێوان بوارێک و بوارێکی دیکە کە هەیە؟ باوەڕم وایە کە دەتوانین بڵێین تەمێکردنی فەرمی پێویستە، بۆ ئەو حاڵەتانەی لە دەرەوەن، زۆر توندن، وە گوناهە بێ پاشگەزبونەوەکان. کڵێساکان پێویستە ئاڵای سوور هەڵنەکەن بۆ دەرکردن، هەرکە گومانیانکرد لە هەبوونی تەماح یان لووتبەرزی لە دڵی کەسێکدا. پێویستە گوناهەکە شتێک بێت کە بەچاو ببینرێت و بە گوێ ببیسترێت.

خاڵی دووەم، پێویستە گوناهەکە قورس بێت. هەموو گوناهێک مەرج نییە هەتا ئەو پەڕی ڕادەیە قورس بێت. پێویستمان بە بۆشاییەک هەیە لە ژیانی کڵێسادا کە بۆ خۆشەویستی هێڵدرابێتەوە بۆ داپۆشینی چەند گوناهێک (یەکەم پەترۆس ٤: ٨). بە سوپاسەوە، خودا بۆ هەموو جارێک کە ئێمە گوناه دەکەین بە شێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا تەمبێمان ناکات.

لـە کۆتاییـدا، گوناهەکـە پێویسـتە شـایانی پاشـگەزبوونەوە بێـت. ئـەو کەسـەی بـەو گوناهـە تێـوە گلاوە، ڕوبـەڕوی فەرمانەکانـی خـودا بۆتـەوە، بـە پێـی ئینجیـل، بـەڵام ڕەتـی دەکاتـەوە کـە ڕێـگا بـدات گوناهەکـە لێـی دوور بکەوێتـەوە. لـە هەمـوو ڕووێکـەوە دیـارە و ئاشـکرایە کـە کەسـەکە گوناهەکـەی لـەلا بەنرخـترە لـە عیسـا.

ئێسـتا چەنـد بوارێـک هەیـە کـە لەوانەیـە کەسـەکە داوای لێبـوردن بـکات، ئامـادە بێـت تۆبـە بـکات، بـەڵام کڵێسـا لـە ڕووی شـەرعەوە بڕیـاردەدات کـە بچێتـە پێـش و بـەردەوام بێـت لـە تەمبێکردنەکـە. بـاوەڕم وایـە ئەمـە جێـی قبوڵکـردن بێـت کاتێـک کـە، بـە هـەر هۆکارێـک بێـت، کڵێسـا ناتوانێـت بـە ئاسـانی بـاوەڕ بـە وشـەکانی کەسـەکە بـکات. لەوانەیـە لەبـەر ئەوە بێـت کـە کەسـەکە لەگەڵـی ڕاهاتـووە و درۆکـردن بـووە بـە خـوو لـەلای، ڕەنگـە گوناهکردنەکە زۆر بەرنامـە بۆداڕێـژراو بێـت (وەکـو بەرنامەیەکـی درێژخایـەن بـۆ ئەنجامدانـی) یـان مایـەی باوەڕپێکـردن نەبێـت، یـان دڕندانـە بێـت (وەکـو دەسـتدرێژی) بـە جۆرێـک کـە هەمـوو وشـەیەکی سـادە و ئاسـانی داوای لێبـوردن نەبێتـە مایـەی باوەڕپێکـردن. ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە هەندێـک گونـاە لێخۆشـبوونیان نییـە، ئـەوە تەنهـا واتـای ئەوەیـە کـە هەندێـک کاتـی دەوێـت، بەروبوومـی پەشـیمانی و تۆبەکـردن پێویسـتە بخرێنـە بەردەمـی کڵێسـا، پێـش ئـەوەی کڵێسـا بـە تـەواوی بەرپرسـیاریەتییەوە لێخۆشـبوون ڕابگەیەنێـت (نمونەیـەک ببینـە لـە کـردار ٨: ١٧-٢٤)، لەلایەکـی دیکەشـەوە، کاتێـک کڵێسـا دەگاتـە ئـەو بـاوەڕەی کـە کەسێک ڕاسـتگۆیانە تۆبـەی کـردووە. پێویشـت نـاکات بـەردەوام بێـت لـە تەمبێکردنـی فەرمـی (وە مـن ناتوانـم بیـر لـە یـەک حاڵـەت بکەمـەوە کـە بـەدەر بێـت لـەم ڕێکارانـە).

## چۆن کڵێسا دەتوانێت ئەم تەمبێکردنە جێبەجێ بکات؟

مەتـا ١٨ وەسـفی پڕۆسـەی بنەڕەتـی تەمبێکردنـی کڵێسـا دەکات، کـە دەگوازرێتـەوە لـە کەسێکەوە بـۆ کەسـانی دیکـە و بـۆ هەمـوو کڵێسـاکە.

گرنگپێدانـی بنەڕەتـی عیسـا لێـرەدا بـە مەبەسـتی درێژکردنـەوەی پڕۆسـەکەیە، بـە جۆرێـک کـە لـە ڕادەی پێویسـت زیاتـر نەبێـت، بـە مەبەسـتی هێنانـە بەرهەمـی ئاشـتبوونەوە و ڕێککەوتـن.

هەندێـک جـار پڕۆسـەی تەمبێکردن پێویسـتە تـەواو بـە هێواشـی بەڕێوەبچێـت، وەک ئـەو کاتانـەی کەسـەکە ئـارەزووی خـۆی پیشـاندەدات بـۆ جەنـگان لەگـەڵ گوناهەکـە. هەندێـک جـار پێویسـتە پڕۆسـەکە خێـرا بکرێـت، وەک لـە یەکـەم کۆرنسـۆس ٥ کاتێـک گوناهـی پیاوەکـە زۆر قورسـە، بـە شـێوەیەکی ئەفسـانەیی شـییاوی تۆبەکـردن نییـە.

هەروەها، تەنها سروشتی گوناهەکە نییە کە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، دەبێت سروشتی گوناهبارەکەش ڕەچاو بکرێت. بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە قسە بکەین، گوناهکارە جیاوازەکان، پێویستیان بە ستراتیژی جیاواز هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان.

یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٤. ئەی خوشکان و برایان، لێتان دەپاڕێینەوە: سەرزەنشتی تەمبەڵەکان بکەن، ورەی ترسنۆکەکان بەرز بکەنەوە، یارمەتی لاوازەکان بدەن، لەگەڵ هەمووان پشوودرێژ بن...

زۆربەی جار ئەندامانی کڵێسا پرسیار دەکەن چۆن هەڵبکەین لەگەڵ کەسێک کە تەمبێ کراوە؟

پەیمانی نوێ لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەم بابەتە دەدات (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٩، ١١؛ یەکەم سالۆنیکی ٣: ٦، ١٤-١٥؛ دووەم تیمۆساوس ٣: ٥؛ تیتۆس ٣: ١٠؛ دووەم یۆحەنا ١٠) ئەو ئامۆژگارییە گرنگەی کە پیرەکانی کڵێساکەی من دەیدەن ئەوەیە کە ناوەڕۆکی گشتی پەیوەندی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تەمبێکراو، بە ڕاشکاوی پێویستە بگۆڕێت. هەڵکردن و تێکەڵاوی نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری هەرزەییەوە، بەڵکو پێویستە بە وتووێژکردنی خۆویستانە دەربارەی تۆبەکردن بێت. بە دڵنیاییەوە ئەندامانی خێزانەکە پێویستە بەردەوام بن لە هێنانەدی پابەندبوون (بڕوانە ئەفەسۆس ٦: ١-٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ٨؛ یەکەم پەترۆس ٣: ١-٢).

چ کاتێک گەڕانەوە بۆ بەقوتابیکردن ڕوودەدات؟ کاتێک تاوانکارەکە تۆبە دەکات. هەندێک جار تۆبەکردن ڕەش و سپییە، وەک ئەوەی ڕوویدا لەگەڵ ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی بەجێهێشت. پێویست بوو بگەڕێتەوە. هەندێک جار خۆڵەمێشییە، وەک ئەو کەسەی کەوتۆتە ناو بازنەی گومانەوە، پێویستمان بە داناییەکی زۆرە.

هەرکە کڵێسا بڕیار دەدات کە کەسێک بگەڕێتەوە بۆ بەقوتابیکردنەکەی و بۆ خوانی پەروەردگار کە تۆبەی کردووە، پێویستە قسە نەکرێت لەبارەی ماوەی تاقیکردنەوە یان هاونیشتمانی پلە دوو. بەڵکو کڵێسا پێویستە بە ئاشکرایی لێخۆشبونی خۆی بۆ کەسەکە دەرببڕێت (یۆحەنا ٢٠: ٢٣) وە خۆشەویستی خۆی بە فەرمی پیشان بدات بۆ کەسە تۆبەکارەکە (دووەم کۆرنسۆس ٢: ٨) وە ئاهەنگ بگێڕێت (لۆقا ١٥: ٢٤).

## داناتر لە دانایی مرۆڤ

کاتێک کڵێساکان دەست دەکەن بە تاقیکردنەوەی تەمبێکردن، زۆربەی جار تووشی

ئاستەنگ دەبن، کاتێک دەبینن لەناو ئینجیلدا ڕووداو نییە هاوشێوەی ئەوە بێت کە ڕوویداوە، بۆ ئەوەی وانەی لێ وەربگرن و چاوی لێبکەن. بەڵام باڵاترین خواستی کڵێسا پێویستە بهێنرێتە دی بۆ پاراستنی تۆبەکردن لە مەسیحدا. ئەمەش بەوە دەکرێت کە بە وریای مامەڵە بکرێت و بڕیار بدرێت داخوا دەتوانرێت بەردەوامی بدرێت بە فەرمی ناساندنی پێگەی کەسێک لە کڵێسادا کە ژیانی بە زەقی پێوەی دیارە کە مەسیح نانوێنێت. پاسەوانیکردنی تۆبەکردنەکەی ئەوەیە، لە ڕاستیدا، زۆرترین شت چییە کە لەلای تاوانکارەکە خۆشەویستە، کڵێسایە یان جیهان.

ئەوە سەلماندی کە خۆشەویستترین شت بۆ مۆنۆ وڵاتی ئەندەنوسیایە. هەندێک جار پاش بێبەشبوونی، مۆنۆ هەستی بە تاوانباری دەکرد، بلیتی فڕۆکەی کڕی، و گەڕایەوە بۆ ئەندەنوسیا. نزیکەی ساڵێک لەدوای ئەوە، ئەم ئیمێڵەی نوسی بۆ یەکێک لە شوانەکانی کڵێساکەم:

ئاندی، سوپاس بۆ تۆ، بۆ ئەو هەموو ئیمێڵە هاندانانە کە تۆ بۆ منت نووسین، سوپاس بۆ کڵێسا بۆ ئەوەی کە هەمیشە منیان لەبیر بووە و بەردەوام بوون لە نوێژکردن بۆ من. پێویستە من دانی پێدا بنێم کە من کڵێسام بە جێهێشت، بە بابەتێکی پڕ لە گوناە و تەواونەکراوەوە، وە شتە ناخۆشەکە ئەوەیە کە من بە کەمم وەرگرتبوو، پێویست بوو فێرببم کە خۆم نزم بکەمەوە و بێم بۆ لاتان بۆ دووبارە ئاشتبوونەوە. ئایا ئێمە دوژمنی یەکترین؟ نەخێر، ئێمە برای باوەڕداری یەکترین. من زۆر لووتبەرز و کەلەڕەق بووم. لووتبەرزییەکەم وای لێکردم کە بیر بکەمەوە لەوەی خودا بە تەنها کێشەکە چارە دەکات بێ ئەوەی من هیچ هەڵوێستێک بنوێنم. ئیتر ملی ڕێگەی خۆمم گرت. ئەی ئەنجامەکە چی بوو؟ من ئاشتیم نەدۆزیەوە... من ئێستا دەزانم کە خودا بۆچی منی هێنایەوە بۆ ماڵەوە (وڵاتەکەی خۆی)، لەبەرئەوەی خەڵاتێکی هەتاهەتایی چاوەڕوانی دەکردم. من ئومێدەوارم بتوانم بۆت وەسف بکەم کە من ئەمڕۆ چۆن پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەودا هەیە... پەیوەندییەکی زۆر جوانە، لە باسکردن نایەت... ئاندی، من نوێژم بۆ ئەم ئاشتبوونەوەیە کرد بۆ ئەوەی بێتە دی، بەڵام تکایە پیشانم بدە چۆن بیکەم. من تامەزرۆم بۆ دووبارە پێکەوەبوون لەگەڵ خێزانەکە. وە لە کۆتاییدا تکایە سوپاسی من بنێرە بۆ ئەندامەکانی کڵێساکە و پیرەکانی، وە من بیری هەمووتان دەکەم.

خۆشەویستی زۆر،
مۆنۆ

وە بە خۆشحاڵییەوە کڵێساکەمان ئەم وەڵامەی بۆ نارد:

مۆنۆ،

زۆر خۆشحاڵ بوین کە دووبارە پەیوەندی لەگەڵ تۆ بکەین، من ویستم تۆ بزانیت کە دوێنێ شەو لە کۆبونەوەی کڵێسا پێکەوە بەشێک لە ئیمێڵەکەی تۆمان خوێندەوە، هەموو کەس بە سادەیی و دڵفراوانی وشەکانی تۆیان بیست، وشەکانت و هەڵوێستەکانت هاندەربوو بۆیان.

ئەندامەکان بە تێکڕای دەنگ دەنگیاندا بە ئەم پێشنیارەی پیرەکان:

پێشنیار: پیرانی CHBC بە خۆشحاڵییەوە پێشنیار دەکەن کە ئەندامانی کڵێساکە بە سوپاسەوە بۆ خودا بڕیاربدەن لە تۆبەکردنی برامان، مۆنۆ، وە ئێمە بە فەرمی لێخۆشبوونی خۆمانی بۆ دەربڕین لە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەرمان، وە ئێمە بە ئاشکرایی بەقوتابیکردنی ئەو لەگەڵمان و خۆشویستنی ئەو تازە دەکەینەوە وەک برایەکمان لە مەسیحدا. وە ئێمە هەموو ئەم شتانە دەکەین بە سوپاسێکی زۆرەوە بۆ خودامان بۆ ئەمەکدارییەکەی و بردنەسەری وشەکانی و بۆ ئەوانەی کە وشەکانی بەرز دەنرخێنن بە پابەندبوونیان پێوەی.

وە پاشان بە کۆمەڵ نوێژمان بۆ کردیت و داوای گەورەترین پیرۆزبوونمان لە خودا کرد بۆت، وە داوامان لە خودا کرد کە دەستی پیرۆزی لەسەر خۆت و خێزانت و کارەکەت بێت.

داوا دەکەین خودا بەردەوام بێت لە هاندانت و بتپارێزێت، لە کاتێکدا کە تۆ شوێن ئەو دەکەویت.

برات لە مەسیحدا،

ئاندی

ئێستا مۆنۆ وەک مزگێنیدەر خزمەت دەکات لەناو گروپێک خەڵکی موسوڵمان لە ئەندەنوسیا.

کەواتە کڵێسا هەڵوێستی وەرگرت، وە مۆنۆ تۆبەی کرد، خودا شکۆمەند کرا. وە ئێستا وڵاتێک لە جەمسەرەکەی دیکەی زەوی بەروبووم کۆدەکاتەوە.

ئایا بێ پلانیی خودا لە دانایی مرۆڤ ژیرانەتر نییە؟

عیسا باڵادەست دەبێت.

## ئەو کاتانەی کە پێویستە خۆت نەکەی بە قوربانی

هەموومـان، کاتێـک هەبـووە کـە داوامـان لێکـراوە بـەزەی بنوێنیـن بەرامبـەر هەڵـە و گوناهەکانـی ڕابـەر. لەوانەشـە لـە کڵێسـایەکدا بیـت کـە ڕابەرەکـەی کەسـێکی توڕەیـە. ئەگـەر مـن لەگەڵـت بـم لـە زۆربـەی بارودۆخەکانـدا هانـت دەدەم کـە بەرامبـەری بوەسـتیتەوە، بەرامبـەری بوەسـتە بـۆ ئـەوەی باوەڕەکـەت بپارێـزی، بـۆ پارێـزگاری لـە خێزانەکـەت. وە نموونەیەکـی زۆر بـاش بەجـێ بهێڵـە بـۆ ئـەو ئەندامانـەی کـە بەجـێ مـاون. وە خزمەتـی دراوسـێ بێباوەڕەکانـت مەکـە بـە هێشـتنی بڵاوبوونـەوەی خراپـە لـە کڵێسـادا.

چـۆن بەڕێوبـەرە تـوڕەکان بناسـینەوە؟ پۆڵـس دوو شـایەتی هێنـا بـۆ ڕاوەسـتان بەرامبـەر بـە پێرێـک (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٩) لەبـەر ئـەوەی دەیزانـی ڕابـەر و پیـرەکان زیاتـر پشـتگیرییان دەبێـت، زۆربـەی کاتـەکان بـە ناهەقـی. لـەدوای ئـەوەی گوتمـان ڕابـەرە تـوڕەکان ئـەم خاڵانەیـان تێدایـە:

١. دەنـگ بەرزکردنـەوە لـە کاتێکـدا نوسینەکە پێویسـت بـە دەنـگ بـەرزی ناکات.

٢. پشتبەسـتن بـە زیرەکـی و جوانـی و هەسـتەکان لـە جیاتـی وشـەکانی خـودا و نـزاکان.

٣. جیاوازی لە خۆشویستن.

٤. توڕەبونێکی زۆر.

٥. هەندێـک پـرۆژە دابنێـت کـە هەمـوو کات لـە بەرژەوەنـدی خـۆی دەبێـت لەسـەر خەرجـی کەسـانی دیکـە.

٦. زۆر قسەکردن و خێرا قسەکردن.

٧. ڕێگریکردن لە هەندێک کاری چاکە بە نهێنی.

٨. ڕێگری لە ئازایەتی.

٩. ڕێگری لە هەڵسوکەوتی ئاسایی.

# بەشی هەشتەم
# ئایا بە ئەندامبوون لە کڵێسا لە هەموو جێیەک بە هەمان جۆرە؟

کڵێسا هیچ ناوێکی نییە. هیچ بینایەکی نییە. وە لەگەڵ شارەکە تۆمار نەکراوە لەبەر ئەوەی حوکمەت دایدەخات ئەگەر بزانێ بوونی هەیە.

هەموویان لە ماڵی ئەندامێکدا کۆ دەبنەوە لە شارێکی ناوەڕاستی ئاسیا، کە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانن. نزیکەی ١٠ ئەندامی هەیە، هەرگیز لە ٢٠ ئەندام زیاتری نەبووە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ٢٠ ئەندامی هەبێت پێویست دەکات خۆیان دابەش بکەن، لەبەر ئەوەی خانووەکان زۆر بچوکن. لە هەمووی گرنگتر، پێویستە باوەڕداران خۆیان بشارنەوە لە دەسەڵآت و موسڵمانە توندڕەوەکان.

هەموو یەکشەمانێک کڵێسا لەگەڵ دوو گەورەکەیان کۆدەبنەوە، فرانک و هانز، بۆ نوێژکردن و گۆرانی و فێربون لە ئینجیلەوە. هەردوو پیاوەکە لە دە ساڵی پێشودا بوون بە مەسیحی، زۆربەی ئەو شتانەی کە دەیزانن دەربارەی ئینجیل لە یەک دوو کەسی دیکەوە فێربوون.

ئەو پرسیارەی کە دەمانەوێ لەم بەشەدا بیپرسین ئەوەیە، ئایا فرانک ببەن بۆ شاری واشنتۆن دیسی، کە من بە زۆری دەچم بۆ ئەوێ؟ ئایا پێویستە هەموو بە ئەندام بوونەکان وەک یەک بن؟

## چۆن بە ئەندامبوون لە هەموو شوێنێک هەمان بابەتە

وەڵامە سەرەتاییەکە، بەڵێ و نەخێرە. با بە بەڵێنەکە دەست پێبکەین. بەئەندامبوون لە هەموو جێیەک لە یەک دەچێت، لەبەر ئەوەی مەسیح کڵێسا ناوخۆییەکان و ئەندامەکانی بڵاوکردۆتەو. وە مەسیح هەمان کەرەستەی داوە بە هەموو کڵێساکان بۆ ئەنجامدانی هەمان کار.

- ئەرکەکە: کۆمەڵگەیەکی تایبەت بێت کە هەموو نەتەوەکان پیرۆز بکەن و هەموویان ستایشی باوکی ئاسمانی بکەن (مەتا ٥: ٣-١٦).
- کەرستەکان: دەسەڵاتی پاراستنی ئینجیل، وە هەموو لقەکانی باوەڕ. بۆ

فێرکردنی بێباوەڕەکان هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بیزانن، وە بۆ نەهێشتنی هەڵەکان. (مەتا ١٦: ١٣-١٩؛ ١٨: ١٥-٢٠؛ ٢٨ :١٨-٢٩).

زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕۆین، بەئەندامبوون لە هەموو جێگایەک هەمان جۆرە، لەبەر ئەوەی هەموویان لە یەک جەنگدا دەجەنگن: ناوچەی دوژمن. کڵێسا خۆجێییەکان، لە بیرت بێت، کونسلخانەن. لە جەنگێکی ئاسایی و هاوڕێیانەدا ناجەنگن، بەڵکو لە پشت هێڵی دوژمنەوە دەجەنگن. بۆیە پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس بەشی شەشدا دەیخاتە ڕوو. کاتێک پیاوەکە لە خراپەکاریدا گیرا، درایە شەیتان. شەیتان شازادەی ئەم جیهانەیە و بۆ ماوەیەکی شانشینەکانی جیهان کاتی هی ئەون.

ئێستا، شەیتان چەندەها ئامێری جیاواز بەکاردەهێنی لە چەندەها جێی جیاوازدا، بۆ کەمکردنەوەی شانشینی مەسیح. ئامێرێکی تایبەت لەلای ئەو لە کولتورەکانی ڕۆژهەلاتی مەسیحییەکان، ئەوەیە، کە وەک ئەمریکا خراپەکاری لە هەموو جێگەیەک هەیە، وەک پێدانی نوقڵ بە منداڵی پێنج ساڵ وایە، ئەمەش هەموو تەمەنەکان دەگرێتەوە. دەکرێ لێان بپرسی ئایا دەیانەوێ لەگەڵ دایک و باوکیان بن لە ئاسمان یان زۆریان لێبکەیت بێنە سەر ڕێگەی ڕاست. مەبەستەکە ئەوەیە، تۆ لەسەر ترس و هەست و حەزەکانیان هەڵسوکەوت دەکەیت، بەبێ ئەوەی بیر لە باوەڕیان بکەیتەوە. کڵێساکانی ئەوروپا کە لە دیوێکی دیکەی جیهاندایە، زۆر باشترە کە بە تەنها بە بەڵگەنامەی لەدایکبون دەتوانی بچیتە کڵێسا.

بلیمەتی ئەم ئامێرە لە هەردوو ناوچەکە ئەوەیە کە وا لە شەیتان دەکات بتوانێت کەسەکان لە مەسیحییەتی ڕاستی دور بخاتەوە. نزیکە مەحاڵە کە ئینجیل بدەیتە مەسیحییەکی کلتوری، لەبەر ئەوەی هەموو ژیانی لە خزمەتکردنیدا بەسەر بردووە ”بەڵی، باوەڕم وایە»، بەڵام هیچ دووبارەییەک لە ئارادا نییە، ئەو بەشێکی کۆنی خۆی لەئاو هەڵکێشاوە. مەترسییە گەورەکەی دیکەی مەسیحیی کلتوری ئەوەیە کە فێڵ لە کڵێساکان دەکات بۆ باوەڕهێنان بەوەی لە ناوچەی دوژمندا ناژین و وا هەست دەکەن کە لە نەتەوەی خۆیاندان و پارێزراون. بەڵام لە ڕاستیدا، شەیتان ئامێری جیاواز لە ناوچەی جیاوازدا بەکاردەهێنێ. لە هیندستان، ئۆریسا، ئەو دەچێت مافیایەکی هیندی بەکاردەهێنی بۆ سوتاندنی کڵێساکان. لە ناوەڕستی ئاسیادا لەو جێیەی کە قەشە فرانک و هانزی لێیە، دەچێت وا لە دەسەڵاتی خەڵک دەکات کە نەهێڵێن کڵێساکان بەردەوام بن. دەچن قەشەکانیان بە دیل دەگرن. لە ناوچەکانی ئەفریقا خزمایەتی و

کلتورەکان بەکاردەهێنی بۆ گۆڕینی ئینجیل و بەشەکانی.

لەبەر ئەوەی مرۆڤین و لە لاشەدا دەژین، چاوەکانمان تەنها سەری بابەتەکان دەبینی. زۆربەی کات گرنگترین بابەتەکان نابینرێن. وە بۆ بابەتەکەی ئێمە و بابەتە شاراوەکەمان ئەوەیە کە لە هەموو کڵێسایەکدا جەنگ هەیە. هیچ جێیەک نییە کە پیرۆز بێت و هیچ بینایەک نییە کە پیرۆز بێت، هەتا ئەو کاتەی مەسیح دێتەوە.

گرنگ نییە بۆ کوێ دەچیت، گرنگ نییە لە چی ساڵێکدایت، کاری کڵێسا پاراستنی ئینجیلە لە هەموو جۆرە هێرشێک، لە ڕێی ئاگادارییەکی زۆر لە وەرگرتنی ئەندامەکانی. هەموو کڵێسایەک پێویستە ئەم پرسیارە سەرەتاییانە بکات: تۆ دەڵێیت مەسیح کێیە؟ ئایا دڵنیای کە دەتەوێت تێکەڵ بیت لەگەڵ خوێ و جەستەکەیدا؟

## چۆن بەئەندامبوون لە هەموو جێگەیەک جیاوازە

لە هەمان کاتدا، دەبێت لە دوای قسەکانم ڕوون بێت کە کڵێساکان لە شوێنە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی بەرهەڵستی جیاواز دەبنەوە. داواکارییە سەرەتاییەکە و ئامێرەکان هەمان شتن. بەڵام پلانەکان و بیناکان جیاواز دەردەکەون.

## ئاڵۆزی کۆمەڵگە

بۆ دەستپێک، هەتا کۆمەڵگە ئاڵۆزتر و گەورەتر بێت، قورستر دەبێت بۆ باشتر بڵاوبونەوەی باوەڕ. قورسە لەبەر زۆری کارەکان، سەرقاڵی خەڵکەکە، کاتی دیاریکراو بۆ ئیشەکان، زۆری ئایینەکان، کڵێسای هەڵە، هیوای هەڵەی کڵێسا، وە زۆر زیاتر. هەتا کۆمەڵگە گەورەتر و ئاڵۆزتر بێت قورستر دەبێت بزانی کێ کییە. ئایا لەگەڵ مەسیحیت؟ من نازانم، لەبەر ئەوەی تەنها بەیانیانی ڕۆژانی شەممە نیو کاتژمێر دێتە کڵێسا، دور لە کڵێسا دەژییت. هیچ بیرۆکەیەکم نییە ژیانت لە ڕۆژانی هەفتەکەدا چۆنە. تۆ بۆ ماوەیەکی زۆر هیوای کڵێسا بوویت. وە دەڵێیت مەسیحم خۆشدەوێت، بەڵام کام مەسیح؟ سەدان مەسیحمان هەیە.

## لایەنە باش و خراپەکانی کۆمەڵگە

هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەرامبەر مەسیحییەت کاریگەری دەبێت لەسەر تواناکانی باوەڕ لە کڵێسادا. بە دڵنیاییەوە کارەکانی کڵێسا ئاسانتر دەبێت ئەگەر

لـە کۆمەڵگەیەکـدا بێـت ئینجلیـان پـێ قبـوڵ بێـت. بیـر لـە سـەدەی یەکـەم بکـەوە، لـە فەلەسـتین یـان زۆربـەی نەتـەوە موسـڵمانەکانی ئەمـڕۆ. لـەو ناوچانـە زۆر قـورس دەبـێ بـۆت کـە خـۆت وەک بـاوەڕدار بـە مەسـیح دەربخەیـت. وە ئەوانەشـی کـە خۆیـان وا دەردەخـەن دەزانـن کۆمەڵگـە لـە دژیـان دەبێـت.

ئێسـتا بیـر لـە کۆمەڵگەیـەک بکـەوە کـە مەسـیحییەتیان لـەلا قبوڵـە. بەئەندامبـوون و لەئـاو هەڵکێشـان ئاسـاییە. منداڵـەکان بـە هـۆی دایـک و باوکیانـەوە بەئەندامبـوون وەردەگـرن، ڕەنگـە گـەورەکان بـە هـۆی کڵێسـاوە کاریـان دەسـت بکەوێـت. هـەردوو بابەتەکـە جیـاوازن. بـاوەڕم وایـە کـە کاریگەرییەکـی زۆری دەبێـت لەسـەر کڵێسـا دەربارەی تەواوکردنـی ئەرکەکـەی بـەو کەرەسـتانەی مەسـیح پێـی بەخشـیون. بـەڵام بـە گشـتی قسـە بکەیـن، هەتـا کڵێسـا کاری زیاتـر بێـت و کۆمەڵگـە ئاڵۆزتـر بێـت، کڵێسـاکە پێویسـتی بـە بینایەکـی زیاتـر دەبـێ.

لـە کۆمەڵگەیەکـی ئاڵـۆزدا، پۆلـی بەئەندامبـوون، یارمەتیـت دەدات بزانـێ ڕێـک کام مەسـیحە کـە کڵێسـایەک قسـەی دەربـارە دەکات. چاوپێکەوتنـە فەرمییەکـە یارمەتـی کڵێسـا دەدات کـە بزانێـت تـۆ دەربـارەی کام مەسـیحە قسـە دەکەیـت. هـەردوو چاوپێکەوتنەکـە یارمەتـی کڵێسـاکان دەدات بـەرەو پێـش بچـن.

زیاتـر لەسـەر ئـەم بابەتـە بڕۆیـن، لـە کۆمەڵگـە ئاڵۆزەکانـدا ئەندامـەکان یارمەتـی کڵێسـا دەدەن ئـاگای لـە تاکەکانـی بێـت و بتوانێـت لـە شـوێنی دیکـە لقـی دیکـە بکاتـەوە. وە یارمەتیشـیان دەدات کـە بزانـن لـە کـێ بەرپرسـن.

بـەڵام لـەو کۆمەڵگەیانـەی کـە مەسـیحییەتیان لـەلا قبـوڵ نییـە، هەندێـک شـت وەک پۆلـی بەئەندامبـوون یـان کاری ئەندامـەکان گرنگییەکـی زۆری نەبێـت. لـە ڕاسـتیدا، کارە نـوسراوەکان زۆر ترسـناک دەبـن ئەگـەر بکەونـە دەسـتی هەڵـەوە. لەدوای ئـەوەی ئەوەمان گـوت، مەسـیح هـەر هەمـان کەرەسـتەی پـێ داویـن بـۆ هەمـان کار. بـا ببینیـن کـە ئایا دەتوانـرێ هەمـان شـت بگوتـرێ لەسـەر براکانمـان لـە ئاسـیا.

## هێڵی سەرەکی ئینجیل

لـە کڵێسـاکەی فرانـک و هانـزدا، کەسـێک لـە ڕێ لەئـاو هەڵکێشـانەوە دەبێتـە ئەنـدام. هەرچەنـدە لەئـاو هەڵکێشـان مـاوەی چەنـد هەفتەیەکـی پێدەچـێ لـە چاوپێکەوتنـی

ڕابـەران و کڵێسـا. ئـەم چاوپێکەوتنانـە لـە ئۆفیسـی کڵێسـاکەدا ناکرێـن، چونکـە بوونـی نییـە. بەڵکو لـە کاتـی ڕۆشـتندا دەکرێـت و لەئـاو هەڵکێشـان بە تەشـتی خۆشوشـتن ئەنجام دەدرێـن. ڕاسـتییەکەی زیاتـر وەک قسـەکردنە نـەک چاوپێکەوتـن، بـەڵام ئامانجەکەیـان هەمـان شـتە: دڵنیـا بـن لـەوەی داوەکـەر لـە ئینجیـل تێـگات.

تاکەکـە داوای لێدەکـرێ کـە دانپێدانانـی خـۆی لەبـەردەم هەمـوو ئەندامـەکان بڵێـت و ئەندامـەکان پرسـیارەکانی خۆیـان پێشـکەش دەکـەن. وە ڕابـەران گفتوگۆکـە بەڕێـوە دەبەن، وە هانـی هەمـوو ئەندامـەکان دەدەن کـە بەشـداری بکـەن، چونکـە ئـەوە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ هەمـووان بـۆ تێگەشـتن لـە ئینجیـل. وە لـە کۆتاییـدا بڕیـار دەدرێ کـە ئایـا کەسـەکە بـاوەڕدارە یـان نـا، یـان کاتـی زیاتـری پێویسـتە بـۆ دەربڕینـی خـۆی و باوەڕەکـەی. لـە کۆمەڵگەیەکـی موسـڵمانی وەک ئەمـە، چـاوەڕوان کـراوە کـە ئـەو گفتوگۆیـە ژیانـی خەڵکـی بگۆڕێـت، بۆیـە کڵێسـاکە دەگـەڕێ لـە بەڵگـەی گفتوگۆکـە. چاوەڕوانـی ئـەوە ناکـەن کـە هەمـوو شـتێک پـاک ببێتـەوە، بـەڵام دەیانـەوەی سـەرەتای گۆڕیـن ببینـن. بـە تایبەتـی قبوڵکردنـی کڵێسـا لەلایـەن کۆمەڵگەکـەوە. وەک قۆناخـی کۆتایـی کڵێسـا ڕازی بوونـی خـۆی لـە ڕێـی لـە ئاوهەڵکشـانەوە دەردەبڕێـت، کـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی تاکەکـە دەبێـت بـە بەشـێک لـە کڵێسـا. بـە دڵنیاییـەوە، ئەنجامدانـی لـە ئاوهەڵکێشـان لـەم وڵاتـە زۆر قورسـە. هەندێـک کات لـە گۆماوێـکدا یـان لـە دەریاچەیەکـدا دور لـە شـار ئەنجـام دەدرێـت. بـەڵام، مـن ئـەو شانسـەم هەبـوو کـە گەواهـی بـدەم لـە لەئـاو هەڵکێشـانێکدا کـە لـە مەلەوانگـەی کەسـێکدا ئەنجـام درا.

بـاوەڕم وایـە ئـەم بابەتـە لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیادا خەتـی بناغـەی ئینجیلـمان پـێ دەبەخشـێت. هەمـان بنیادنـان و بینـای کڵێسـاکەی منـی نییـە. بـەڵام دڵنیـام یاسـا تازەکانـی بەئەندامبـوون لـە کڵێسـای تێدایـە.

- ئـەوە بـۆ هەمـوو کەسـەکان ڕوونـە کـە ئەندامـەکان کێـن. هەرچەنـدە کـە هیـچ ڕۆڵێکـی فەرمیـش بوونـی نییـە. هەموویـان دەزانـن کـێ بـاوەڕداری ڕاستەقینەیە و کێش وا نییـە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو ئەندامـەکان لـە لەئـاو هەڵکیشـانەکان ئامـادە بـوون. وە ئـەوان خشـتەی پەیوەندییـەکان دەپارێـزن بـۆ ڕوونبوونـی جیاوازییەکانـی کڵێسـا و جیهـان.
- کڵێسـا بـە ئاگادارییـەوە لقەکانـی بـاوەڕ دیـاری دەکات بـۆ گرەنتیکردنـی

باوەڕی تەواوەتی، هەرچەندە هیچ پۆلێکی فەرمی بەئەندامبوون نییە و هیچ چاوپێکەوتنی زیادە نییە. بەڵام هیچ کڵێسایەکی درۆینەشی لێ نییە کە بە شێوەیەکی دیکە باسی مەسیح بکەن.

- هەموو ئەندامەکان، بە پیرانی کڵێساشەوە، ملکەچی سەرپەرشتی کڵێسا دەبن، هەرچەندەی دەنگدان لەناو کڵێسادا نییە. هاودەنگی بە ئاسانی دروست دەبێت لە کۆمەڵێک کە پێکهاتووە لە پازدە هەتا بیست کەس.
- کڵێسا تەمبێکردن پەیڕەو دەکات بۆ پاراستنی پاکی کڵێسا و بۆ خۆشویستنی کەسی گوناهبار.

لە هەموو ئەمانەدا، ناوی مەسیح و بەناوبانگی وەک خۆی دەپارێزرێت.

## بابەتێکی زۆر جیاواز؟

لە یەکەم تێڕوانینەوە، ڕێگەکانی بوون بە بەشێک لە هەر کڵێسایەکی واشنتۆن زۆر جیاواز دەردەکەوێت. پێویستە بە وەرگرتنی شەش پۆلی بەئەندامبوون دەست پێبکەیت، کە هەموو باوەڕەکانی کڵێسای تێدایە، مێژووەکەی، کارەکانی کڵێسا، وە ژیانی کڵێسا.

ئەگەر لە دوای ئەو خوێندنە هەر بتەوێت ببیتە ئەندام، داوای چاوپێکەوتنی بەئەندامبوون دەکەیت لەگەڵ پیرێکی کڵێسادا، کە تێیدا شایەتمانی خۆت بڵاو دەکەیتەوە و باس لە ئینجیل دەکەیت. یەک قەشەی بەناوبانگ کە ناسراوە بە پرسیارکردن لە خەڵک و ڕونکردنەوەی هەواڵە خۆشەکە ”لە ٦٠ چرکە یان کەمتر»! لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، داوات لێ دەکری شایەتمانی باوەڕ و کڵێسا ئیمزا بکەیت.

کەسە پیرەکە، ئەو کەسەی کە هەموو چاوپێکەوتنەکەی بە پڕکردنەوەی کاغەزێکی بەئەندامبوونەوە بەسەر برد، وێنەی کاغەزەکەی دەگرێت بۆ هەموو پیرەکان، ئەوان داواکراوە لەسەریان کە پێش چاوپێکەوتنی داهاتووی پیرەکان بیخوێننەوە. پیرەکان بوون بە بەشەکەی تۆ، پێکەوە بە پێی یاساکانی ڕۆبەرت بۆ ڕابەرایەتی بڕیاری لەسەر دەدەن. وە دەنگدانەکەیان هەڵدەگرن بۆ کۆبونەوەی مانگانەی ئەندامەکان. لە دوای دوو خولەک ناساندنی تۆ لەلایەن پیرێکەوە، ڕوخسارت دەخرێتە سەر پەرەیەکی پاوەرپۆینت، دوبارە دەنگدانت لەسەر دەکرێتەوە بە بەشداربوونی ئەندامەکان، هەر بە یاساکانی ڕۆبەرت بۆ ڕابەرایەتی. ئەگەر لە دەنگدانەکەدا سەرکەوتوو بویت، ئەوا

کارێکی بەئەندامبوونت دەدرێتی. وە لەگەڵیدا زۆر شتی بەسودت دەدرێتی.

هەموو بابەتەکە زۆر شێتانە دیارە، وایە؟ وە هیچ کام لەم مەرجانە لە کتێبی پیرۆزدا نەهاتووە. دڵنیام کە ڕۆبەرت لەگەڵ پۆڵس و بەرنەباس گەشتی نەکردوە. ڕەنگە لەگەڵ پەترۆس بووبێت؟

لە ڕاستیدا، دەتوانم بڵێم کڵێسا لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا ناتوانن ئەو داواکارییانە ئەنجام بدەن کە ئینجیل دەربارەی بینین و زیاتر بڵاو کردنەوەی مەسیح داوایان لێ دەکات وە بەمەش بناغەیەکی باش دروست نابێت. مەرجیش نییە ڕێک ئەم بناغەیە بێت. لەوانەیە کڵێسا ئەندامێکی بووێ کە شارەزا بێت و بتوانی لەگەڵ کەسێکی پیردا، بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر لە باغێکدا لەگەڵ چەند ئەندامێک بێت، بۆ قسەکردن لەسەر هەموو بابەتەکانی پۆل و چاوپێکەوتنەکان. لەوانەیە کڵێسا ئەندامێکی بووێ کە بتوانێ ناوەکانی لەبیر بمێنێ نەک بیان نوسێت.

مەبەستەکە ئەوەیە، هەندێک گفتوگۆ پێویستە ڕوبدەن، پێش ئەوەی باوەڕدارێک و کڵێسا بڵێن "ڕازین" وە پێویستە کڵێسا هەموو ئەندامەکانی بناسێت. لە کۆتاییدا، مەسیح دەیەوێت ئێمە زۆر ئاگاداری مەڕەکانی بین.

بە کورتی، باوەڕم وایە جیاوازی ناوەندی ئاسیا و ئەمریکا ڕووکەشن، لەبەر ئەوەی هەردوو جۆر لە کڵێساکە هەمان ئامانجیان هەیە وە هەمان ئینجیلیان هەیە.

## بەئەندامبوون گرنگە - ژیانی مەسیحەکان گرنگە

لە کڵێساکەی فرانک و هانزدا، ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەندامی نوێ زۆر ئاسانن. کە تاکێک پێی گوتبوم "زانینی ئەوەی کێ لە ئێمەیە و کێش لە ئێمە نییە زۆر ئاسانە»، بەڵام ئەم وتەیە گۆڕا، لەبەر ئەوەی لەم کاتانەی پێشودا پۆلیس هاتە سەر کڵێساکە و هەوڵی داخستنی دا، ئەمە وای لە ئەندامەکان کرد گومان لە یەکتری بکەن.

بەربەستە گەورەترەکەی فرانک و هانز فێرکردنی ئەندامە نوێیەکانە دەربارەی پەیوەستبوونە نوێیەکانیان بۆ یەکتری، هەروەها ئامانج لە کڵێسا. بەڵام بۆ ئەمان ئەم وانانە بۆ بەئەندامبوون نییە، بەڵکو بۆ ژیانیانە وەکو باوەڕدار بە مەسیح. ژیانی مەسیحییانە و بەئەندامبوونی کڵێسا بە نزیکەیی بە تەواوەتی تێکەڵی یەکتری بوون. لێرە هەمان شتن. بۆیە دەبێت لەگەڵ ئێمە بن.

## دەرەنجام

# چۆن بەئەندامبوون لە کڵێسا واتای خۆشەویستی دەگەیەنێت

لە ڕێی ژیانی ئەندامەکانییەوە، کڵێسای خۆجێیی پێناسەی خۆشەویستی بۆ جیهان دەکات.

ئەمەش هەواڵێکی خۆشە لەبەر ئەوەی جیهانی ئێستا زۆر سەرلێ شێواوە دەربارەی پێناسەی خۆشەویستی. وا دەزانێت کە خۆشەویستی وەک جەلاتینێکی گۆیی وایە. شتێکی بێ ناوەڕاست، بێ هیچ بەشێک. وا دەزانن خۆشەویستی هیچ مەرجێکی نییە، هیچ پێشبینییەکی نییە، هیچ سنورێکی نییە، هیچ سزادانێکیشی لەسەر نییە. "♡ + ♡ = هاوسەرگیری". هەتا لە بازنەی مەسیحیشدا خۆشەویستی لە بەرامبەری یاسا و ڕاستیدا دادەنێن، جیهان دەکەین بە دوو بەشەوە، خەڵکی ڕاستی و خەڵکی خۆشەویستی.

تاکە کێشە ئەوەیە، خۆشەویستی مەسیح لەو جۆرە نییە. خۆشەویستی مەسیح لە کردارێکی بەزەییەوە دەست پێدەکات. لەدوای ئەوە دەبێت بە ئازادی بۆ بەرامبەرەکەی.

سەرەتا، کردەویەکی بەزەییە، مەسیح دەفەرموێت: "کەس خۆشەویستی لەمە گەورەتری نییە کە یەکێک ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت» (یۆحەنا١٣:١٥).

پاشان، گوێڕایەڵبوونە: "ئەگەر منتان خۆشبوێ کار بە ڕاسپاردەکانم دەکەن» (یۆحەنا ١٤: ١٥).

ئەمە ئەو تێکەڵەیە کە جیهان لێی تێناگات، بەڵام ئەمەیە خۆشەویستی خودا: خۆشەویستی و پیرۆزی دژ بە یەک نین، بەڵکو پێکەوە کار دەکەن بۆ بردنی خەڵک بۆلای خودا.

دوای ئەوە مەسیح کڵێساکان بانگ دەکات بۆ دەرخستنی بەزەیی و گوێڕایەڵی و خۆشەویستی خۆی بۆ جیهان: "من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەک خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ، بەمە هەموو خەڵک دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت» (یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥). لەبەر ئەوە، بۆیە ژیانمان دادەنێین بۆ یەکتر و پێکەوە شەردەکەین بۆ ئازادی. کە وامان کرد، پێناسەی خۆشەویستی مەسیح دەکەین بۆ جیهان، وا لە نەتەوەکانمان دەکەین سەربەرز بن.

## سەرچاوەی زیاتر

١. کتێبەکەم قوتابییەکانی کڵێسا: چۆن کڵێسا ناوی مەسیح دەپارێزێت (کرۆسوەی، ٢٠١٢) یارمەتیدەری قەباری ئەم کتێبەیە، چۆن ببین بە شوێنکەوتەیەکی تەواوی کڵێسا. کە لە بەشی حەوت بە درێژی باسکراوە.

٢. بیرۆکەی قوڵتر و بەگوێرەی ئینجیل، بیرۆکەی زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە لە کتێبیکی دیکەمدا هەیە بە ناوی "کڵێسا و هێرشە ناوازەکەی خۆشەویستی خودا» (کرۆسوەی ٢٠١٠).

٣. تابیتی ئانابوێلی، هەندێک خاڵێ زۆر جوان ڕوون دەکاتەوە دەربارەی بەئەندامبوون لە کڵێسا، لە کتێبەکەی بە ناوی «بەئەندامبوونێکی تەندروست لە کڵێسا" (کرۆسوەی ٢٠٠٨).

٤. ئەگەر کتێبەکەی مارک دێڤەر "کڵێسایەکی تەندروست چییە؟"ت نەخوێندۆتەوە، ئەوا زۆرت لە کیس چووە دەربارەی کڵێسای تەندروست.

٥. چەندەها کتێب و چاوپێکەوتن، وەڵام و پرسیار، لەسەر بابەتی بەئەندامبوون و بەقوتابیبون هەیە لە ماڵپەڕی www. ٩marks.org.

# سوپاسنامەیەکی تایبەت

دوبـارە، سوپاسـێکی زۆر بـۆ مـارک دێڤـەر، مـات شـمەکەر، وە ڕایـەن تۆنسـێند، بـۆ پشـتگیریکردن لـەم کارە. بۆبـی جامیسـۆن یەکـەم کـەس بـوو کـە بیخوێنیتـەوە، چەندەهـا پێشـنیاری بـە سـوودی پێشـکەش کـردم. سـوپاس براکـەم. لەبـەر ئـەم کەسـانە و سـتافی ماڵپەڕەکـە کارەکـەم خۆشـدەوێت. کرۆسـوەی بڵاوکەرەوەیەکـی زۆر تایبەتـە بـۆ کارکـردن لەگەڵیـان. سـوپاس ئەلفیشـەر و ئەوانـی دیکـەش.

وە خوێنەرەکانی دی کە کتێبەکەیان زۆر باش کرد. سوپاس هاوڕێیان.

وەک هەمـوو کات هاوسـەرە خۆشەویسـتەکەم، شـانۆن سـەرچاوەیەک بـوو لە پشـتگیری و گفتوگۆ دەربـارەی کتێبەکـە. زۆر سوپاسـگوزاری تۆم، خۆشەویسـتەکەم.

لە کۆتاییدا، سوپاسی خوداش دەکەم، بۆ ناردنی کوڕەکەی،

# تێبینیەکان

بەشی یەکەم: زۆر بە هەڵە هەوڵمان بۆ داوە

١. مـن ناڵێـم دوو خاڵەکـەی پێشـوو داواکارییەکـی زۆر گرنگـن. بـەڵام دەڵێـم لەئـاو هەڵکێشـان دەبـێ بەئەندامبوونـی بـە دوایـدا بێـت. بۆیـە خوانـی ئێـوارەی پـەروەردگار بـۆ ئەندامانـی کڵێسـایە.

٢. نـوسراوە لـە جانیـت کۆلمـان، دژ بـە نەتەوەکـە: توێژیەنـەوەکان لـە بـواری شـۆرش (نیویـۆرک: پینگویـن، ٠٩٩١)

بەشی سیەم: کڵێسا چییە؟ ئەندامەکانی چین؟

١. ئیدمۆند پ. کلۆنی. کڵێسا و بیرۆکەکانی

بەشـی چـوارەم: کڵێسـا و ئەندامەکانـی لـە چـی دەچـن/ هەمـوو ئـەو فلیـم و زنجیرانەی کـە لـەم بەشـەدا باس کـراون:

1. Walt Disney, Pinocchio, directed by Ben Sharpsteen (Burbank , CA: Walt Disney Studio, 1940), DVD.
2. Back to the Future, directed by Robert Zemeckis (Hollywood, CA: Universal Studios, 1985), DVD.
3. Dave Barry, Dave Barry Slept Here: A Sort of History of the United States (New York: Ballantine, 1997), 149.
4. T. S. Eliot, “The Waste Land” in Collected Poems 1909–1962 (Boston: Faber & Faber, 1963), 63.
5. W. B. Yeats, “He Wishes for the Cloths of Heaven,” William Butler Yeats Selected Poems and Three Plays, 3 ed., edited by M. L. Rosenthal (New York: Collier, 1986), 27. rd

بەشی ٧: چی ڕودەدات کاتێک ئەندامێک مەسیح بە ڕاستی پێشکەش ناکات؟

١. دافید جیرجین ”دەتوانین نییە، بەڵام ئایا ئەی کەیە؟»

IX 9Marks
Building Healthy Churches

# ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

**ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟**

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٠٣ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا لیستی تەواوی ماڵپەڕی زمانە جیاوازەکان ببینیت:

**https://www.9marks.org/about/international-efforts/**

**9marks.org**

## بۆچی پێویستە ببینە ئەندامی کڵێسا؟

بەئەندامبـوون لـە کڵێسـا گرنگـە، زۆر جـار پشـتگوێ دەخرێـت، لـە ژیانـی باوەڕداریـی بـە مەسـیح. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا خەڵکـی حـەز بـە پەیڕەوکردنـە ئایینیـە ڕێکـەکان ناکـەن یـان ڕقیـان لێـی دەبێتـەوە، یـان لـە پەیوەسـتبوون دەترسـن، بـە تایبەتـی لەنێـو ڕێکخسـتنە ئایینیـەکان.

جۆناسـان لیـمان چارەسـەری ئـەم کێشـە دەکات بـە ڕوونکردنـەوەی ڕاسـتەوخۆ بـۆ چۆنایەتی ئەندامێتـی کڵێسـا و هـۆکاری گرنگییەکـەی. لـە ڕێـگای پێدانـی مافـی گونجـاوی خـۆی بـە کڵێسـای خۆجێیـی، لیـمان هۆکارێکـی ڕازیکـەری بنیـاد نـاوە بەرامبـەر بـە پێکهاتـەی خۆجێیـی.

«پـڕە لـە بیرۆکـەی زانسـتی و بەڵگـەی نـوێ کـە یارمەتیـمان دەدات لـە چارەسـەری بـاوەڕداران بـە مەسـیح لـە کەلتـووری سـەردەمی ئێسـتامان بـۆ هەسـتیارییان بـۆ ئەندامێتـی کڵێسـا، دەسـەڵاتی شـوانایەتی، لێپرسـینەوەی ژیـان، هـەر بەربەسـتێکی ئـازادی کەسـییان.»

تیم کیلەر، قەشەی گەورە، کڵێسای پیرانی ڕزگاری، نیۆیۆرک

«پوختەیـەک، نـوێ، چێژبەخـش، بـەر لـە هەمـوو شـتێکیش بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز. ئەمـە ڕاڤـە و بەرگریکردنـە لـە ئەندامێتـی کڵێسـا کـەوا مـن بەدوایـدا دەگـەڕام.»

مارک دێڤەر، قەشەی یەکەم، کڵێسای کاپیتۆڵی لەئاوهەڵکێش، واشنتۆنی پایتەخت

«لیـمان بەبیرمـان دەهێنێتـەوە کـە بەئەندامبـوون لـە کڵێسـا بـژاردە نییـە بەڵکـو داواکارییـە. کتێبێکـە ئامانـج دەپێکێـت، بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا لەسـەر بنەمـای ئینجیلـی نیعمەتـە.»

تۆماس شرینەر، پرۆفیسۆر جیمس بوکانان لە ڕاڤەی پەیمانی نوێ،

قوتابخانەی یەزدانناسی لەئاوهەڵکێشی باشوور

جۆناسـان لیـمان (MDiv، قوتابخانـەی یەزدانناسـی لەئاوهەڵکێشـی باشـوور) ئەندامـە لـە Capitol Hill) Baptist) لـە واشـنتۆنی پایتەخـت، وە نووسـەری کتێبـی (کڵێسـا و هێرشـی لەنـاکاوی خۆشەویسـتی خـودا). هەروەهـا پلـەی بەڕێوەبـەری نووسـینی هەیـە لـە خزمەتەکانـی (9نیشـانەکان) وە نووسـەری گۆڤارێکـی ئەلیکترۆنـی تایبـەت بـە خۆیەتـی.

ئەم بەرگە بەشێکە لە زنجیرە کتێبەکانی 9نیشانەکان: بنیادنانی کڵێسای تەندروست.

handofhelp

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

IX 9Marks
www.9marks.org